# گۆڕستانی چراغ

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر


- **ناوی کتێب: گۆڕستانی چراغ**
- **نووسەر: دڵزار حەسەن**
- **بابەت: ڕۆمان**
- **قەبارە: ١٣.٥*٢١ سم، (١٤٦)**
- **هەڵەبژێری: ئەسکەندەر عەلی**
- **دیزاینی ناوەوە: دەزگای فام**
- **چاپ: یەکەم(2021)**
- **نرخ: ٥٠٠٠ هەزار دینار**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٤٧٠)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێ دراوە.

ڕۆمان

# گۆڕستانی چراغ

دڵزارحەسەن

داوا لەو پیاوەی پشت مێزەکە دەکەین، بێ ئەوەی سەرمان بێشێنێت؟

دەرگاوان: با بێت بۆ ئێرە. (دەرگای بەڕوودا خستە سەرپشت)

دەنگێک: ڕاپۆرتت لێدراوە لەگەڵ پێنج کەسی دیکە، لەناو گۆڕستانێکدا دەستگیرکراون.

دادوەر (بە گاڵتەوە) دەڵێن: خەونت پێیانەوە بینیوە.

دەنگێک: قسەت لەگەڵ مردووەکاندا کردووە ! تەرمت لە خەوندا بینیوە.

دادوەر: گوایە زیندووبوونەتەوە، نهێنی زۆریان لە بارەی خۆیانەوە بۆ باسکردووی.

دەنگێک: نەترسای ئەو کارە، بخرێتە قاڵبی دژایەتیکردنی حزب و دەوڵەت؟!.

دادوەر: فەرموو ببینە ئەمڕۆکە، چ فەرتەنەیەکت نایتەوە.

دەنگێک: چما دەستبردن بۆ ڕابردووی خەڵکی هەوەنتەیە، یان بۆ دژایەتی حکومەت ئەوەت کردییە؟!.

دادوەر: خۆم دەزانم چیت بەسەردێنم، دەبێ بتخەمە چاڵێکەوە، نە سەری دیاربێت نەبن، تا تەمەنت مایە، لە زیندان بڕزێتەوە.

دەنگێک: ئاخر کەری بێعەقڵ، قەد بووە باسی حزب و حکومەت و بەرپرسان بکەیت.

دادوەر: ئەگەر تۆ ئاوها بێ چاو و ئابڕووبیت و باسیان بکەی، ئێمەش ڕۆحت دەردەێنین.

دەنگێک: فەرموو دار و بەردی ئەو هەرێمەت تێگەیاندووە کە ئەوانە، لە ڕابردوودا چییان کردووە و چ شتێکیان بەسەردا هاتووە.

دادوەر: (بە توڕەیەوە) تۆ چیت، تا باسی خەڵک بکەیت.

دەنگێک: ئێستاش بە تۆمەتی هەڵدانەوەی لاپەڕەی ژیانیان و لەکەدارکردنی، ناوی شۆڕش و ناوزڕاندنی بەشێک لە بەرپرسان و بێڕێزیکردن بە دەستکەوتە نیشتمانیەکان، سزا دراوی.

دادوەر: نەک دە ساڵ زیندانیکردن، بەڵکو شایانی لەسێدارە دانیشی.

# گ

ئەمـــڕۆ دەڵێــی: خــۆر بــۆیە دەرکەوتــووە، تــا لە خەمگینــی خەونەکەی منــدا هاوبەشــبێ، بیســـت و ســێ مــانگم تێپەڕانــد، پێدەچێ کۆتایی ئەو وەرزە، بەر لەوەی پایز لەگەڵ سەهۆڵبەندان ئاشـــتبێتەوە، بـــۆنەیەکی تـــازە لە دامێنـــی خەوێکـــی یەکجـــۆردا بخەملێنێ، مانایەک لە دڵی منـدا دەپشـکوێ. سـوویێی مـن تەنهـا ئەو خەونە بوو کە لەژێرسێبەری هەرێمێکدا دەنگ هەڵـدەبڕێ و مردووەکان بەقسـە دێنـێ، دیسـان ئەوە بیـرم ڕۆیشـت، نەک بـۆ دەوور و دەر، وەک نیگـــایەک کە کەوانە بکـــات بەرەو خـــۆم گەڕایەوە و لە ڕۆحـــم هەڵچەقـــی. چـــوومە نـــاو خـــۆمەوە و بیرکردنەوە و دەمگـوت: ئەگەر هەمـوو جیهـان، بـێ گیـان و بە گیانەوە، بە دەریا و شاخ و بـاخ و دارسـتان و شـار و ئـاوایی و چۆڵ و دەشتەوە، خەونێکیان هەبوایە چۆن دەبوو؟ دیسان سـپێدە بزەی خۆی زیـاتر دەڕازانـدەوە، گـوڵ گەشـتر خـۆی دەنوانـد و پەلـکە زێـڕینە، چەشـنی ئەو بەرمـوورە ڕەنگـا و ڕەنگـانەی لـێ

دەهات کە بە گەردەنی  پاک و بێگەردی کچێکی قەشەنگ ئەدرەوشانەوە.

دوای دنیایەک شەکەتی و بێچارەیی، ئیدی قووڵ ڕامام بیرم کەوتە سەر دامێنی خەونەوە، تا ئەو کاتە نەمدیبوو، خەونێک ئەوەندە بڕست بەزێن و گەرم و تاسەشکێن، دەتگوت تەمەنێکی درێژە من هەر لەو خەونەدا چەقیوم و ئەو نیگا بەتینەی بە دەزوو بۆ ناو دەمارەکانم ناردووە. وەکو ئەوەی بڵێی بێ ئەو ڕوانینە، من هیچ بم. سارد و بێخەوش، شێوەی خاکێک هەرگیز هەتاوی لێ هەڵنەهاتبێ، شادی لێ نەڕوابێت. سەیرە بە ڕاستی سەیرە، خەونێک کە گاهێ بزەیەک، یان نیوەنیگایەک چ حەشرێک بە ژیانی مرۆڤ دەکات.

خەونێک هەموو ژیانی ئیقبالی بەرەواژیکردەوە، گشت ڕوانینەکانی هەڵگێڕایەوە. شتێک لەناکاو هاتە ناو دنیای، سەرلەبەری خەیاڵی پەرتکرد. ئیقبال پێچەوانەی ئەو شتەی کە بەسەری داهات، لە دەروونیدا حەزی لە جۆرێکی دیکەی ژیانکردن بوو، ژیانی درۆینە و ناجوور نا، چەشنی بەهار تا ڕۆژی زیندووبوونەوە سەوز و تەڕ. دوای دۆڕدۆنگ بوونی لە مانا و لێکدانەوەی خەوەکەی، چارەی هیچ خەونێکی دیکەی نەدەویست. بەویستی ئەو بووا بڕاییبڕ خەون نەبینێت، نیگەران بوو لەو هەموو خەون بینینە. بە بۆنەی ئەو ڕقەوە، ئارەزووی لە دەرکەوتنی ئێوارە و شەوە زەنگ نەبوو. ئاخر بەو تەمەنەوە، خەون هێندە سوێی خستبووە دڵیەوە، ترسی لە نووستنیش هەبوو.

ئەمێستا لە هەموو شتێکی تاریک دەسڵەمێتەوە، تەنانەت ترسی لەسوێس و سێبەری خۆیشی هەیە. لەنێو ئەو ئازارەوە، دەیویست کات لەنێو میلی خۆرەتاودا ڕاگرێت، هەرچی هۆنراوە و هەڵبەستی سۆزداری کە لە ستایشی شەودا نووسراون بیانسووتێنێ. مانگە شەو و ئەستێرە بریسکەدارەکان، لەنێو پێڵوی چاوەکانیدا بشارێتەوە. خۆزگەی بینینی هەموو شتێک بوو، تەنها شەو نەیەتەوە. نەفرەتی لەگشت تاریکیەک دەکرد، جلی ڕەش و سەرپۆشی قەترانی و عەبا خەلیجیەکەی ژنانی لێببووە دیۆزمە، هەر لە دوورەوە چاوەکانی لە ئاستیان دادەخست و دەیگوت: نامەوێ هیچ ڕەشاییەک ببینم. ڕەنگی سپی و ڕەنگاڵەیی ئاهێکیان بە دەروونە قرچاوەکەیدا دەکرد، دۆستان لەبەر سوکنایی دڵی ئەو، پۆشاکی ڕەنگا و ڕەنگیان دەپۆشی، یان گەلێجار سپی سپی دەردەکەوتن. قەبر و قیامەت، دیمەنی ساردی نێو گۆڕستانی، لە هەگبەی خەونەکەیدا بە فەرامۆشکراوی هێشتەوە. سەرباری گشت ئەمانەش کە دنیای لا هێجگار ڕەش و تاریک ببوو، هێشتا ئیقبال بە ئەدەبەوە ناوی ئەو کەس و لایەنانەی دەهێنا. ڕەوشتێکی تا بڵێی سۆزڤانی بۆ هەر شتێک بوو کە بیزانیایە دۆخەکە بەرەو باشتر دەچێ، نەبادە لەبەرانبەر ڕەوشی نالەباری خەڵک کە ئامادەنەبوو پارێزبەندی لەو خوە خراپەیان بکات کە هۆکاری دارمان و بێبەهاکردنی نیشتمانن. لوغزێکی زۆر ماتەمگێڕانەی لە هەناویدا حەشاردابوو، قەد ڕێگای نەدەدا خەڵکی لە ختوو خۆڕایی هەست بە نیگەرانیەکانی بکات، (تا ئەو کاتەی یارانی دۆستی بە

خەونەکەی زانـــی، ئیـــدی هەمووشـــتێکی ئاشـــکراکرد. بە پەلەپـــرووزێ پەردەی لەســـەر تەواوی نهێنیەکـــان هەڵمـــاڵی، لە درێژەی ئەو چیرۆکەدا بەوردی دەگەڕێنەوە سەری) و بە ئاسانی شـێوەی ڕوخسـاری دەرنەدەکەوت کە هێنـدە بێهـودەو سـوێدار دیار بێ، دەبووا لەو دیوی جیهـانە خەمگینـیەکەیەوە، لەهـۆش و ڕۆحیەوە، لێی بڕوانـی کە بـۆ ئاوهـا ڕەشـبین و دڵبەسـۆیە. تـاکە شتێک کە پێیەوە گیرۆدە بووە، خەونە دووبارە بووەکـانیەتی کە ناخی تەواوەک شـڵەژاندبوو. دواجـار هەسـتی ناچـار بەوە کـرد، دەسـتبەرداری زۆر شـتی ببێـت، تەنـانەت ئـازیزترین کەس لای (یارانی) هاوڕێی بوو، ئێستا لەگەڵ ئەویشدا دانوی ناکوڵێت. بـێ دڵخوازی خۆی ساردیەک کەوتووەتە نێوانیان، ئەمەش بۆ خەونە یەک جۆرەکانی دەگەڕێـتەوە کەبەهـۆیەوە بـۆ مـاوەیەک لێـک دوورکەوتنەوە. گۆشەگیری و تەنهایی بۆی، بۆتە مەلۆتکە و لێی نـابێتەوە. یـارانی هـاوڕێی کە هەمیشـە کەسـێکی لێـو بەخەنـدە و عەیار و بەڕێ و جێ دەردەکەوت. سـەرباری شـەکەتی ژیـان و خەمەکانی، سەرباری خەمساردی ئیقبـال بەرامـبەری، گـوێی بەو هاشوو هوشانەی ئیقبال نەدەدا و دەسـتبەرداری نەبـوو. هەرچەنـد ئەو دوورکەوتـنەوەیە لەدڵـڕا نەبـوو، بەڵکـو ئیقبـال نەیدەویسـت کەس بەدەســت خەونەکەیــدا ئـازار بکێشـێت، ئەگینـا یـارانی خۆشدەویست هەمیشە دەیگوت: یاران بەشێکە لە ڕۆح و گیـانم. یاران لە دەروونی خۆیدا، ئەرخەیـان بـوو، زۆر باشـیش هەسـتی بەو دڵپاکیەی ئیقبال کردبوو. ئاخر بەو ئاسانییە نـاتوانێ ڕووی لە ئیقبـال وەرگێـڕێ، بـۆیە بڕیـار دەدات تـا کۆتـایی ژیـانی دوور

نەکەویتەوە لێی. بەتەنگەوە هاتن و چاودێرکردنەکەی یاران، بۆ ئیقبال لە سۆنگەی ئەمەک و دڵسۆزیەوە بوو. جگە لەوەی زوو زوو سەردانی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە بە تەلەفۆن هەواڵی دەپرسی. هەرچەند دوای دوو سێ زەنگ، ئینجا دانەیەکیان وەڵام دەداتەوە، بەڵام یاران بەو ڕەفتارانەی ئیقبال نیگەران نەدەبوو، چاک دەیزانی بەهۆی ئازاری خەونەکەیەتی کە ئەو دۆخەی بەسەردا هاتووە.

یاران ژیرانە پلان بۆ تێگەیشتن لە ئیقبالی دۆستی و چارەسەرکردنی دۆخەکەی داڕشتبوو، کارەکان بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە دەڕۆی کە یاران دایناوە. بەر لە هەموو کارێک، یاداشتکردنی کۆی قسەو سەرنج و هاتن وچونی ئیقبالە، دەبووا بزانێ کێن ئەوانەی کەتوانای هاوکاریکردنی ئیقبالیان هەیە، تا دیاری بکات ئەو ڕۆڵە ببینێت، دەبووا ڕەچاوی هەموو ئەگەرێک بکات، دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، تەنانەت ئابووریش. ڕەنگە بەهۆی ئەو خەونەوە ئیقبال گرفتی گەورەی بۆ دروست بێ، حکومەت و حزبەکان هەموو شتێکی لێ قبووڵ نەکەن، بەهۆیەوە ئاوارە و دەربەدەر بێ. بە گوێرەی ئەو نەخشە دۆزەخیەی کە یاران دانابوو، هیچ کەسێک لە خانەوادەی ئیقبال جورئەتی ئەوەی نەدەکرد، درز بخاتە کارەکەی. سەرەتا نەخشە ڕێگای تێگەیشتن لە ئیقبال، پاشان پرسیارکردن لەسەر مانا و لێکدانەوەی خەونەکەی. بۆ ئەو نیازەش بەدوای خەونزانێک دەگەڕان، تا بەباشی و دروستی

خەونەکەی ئیقبال لێکبداتەوە، بەباشیان نەدەزانی کەوا خەڵکی بەو خەونە بزانێت. یاران بۆ لێکدانەوەی خەونەکەی هەوڵیدەدا زۆرترین خەونزان بدۆزێتەوە، بەڵکو خەونەکەی ئیقبال شی بکەنەوە. کتێب نەما چاوی لێنەکات، هەرچی پرسیارێک لە شارەزایان و خەونزانان دەیکرد، دواجار بێسوود بوو. مانا و لێکدانەوەکانیان بە دڵی کەسیان نەبوو، بە شێوەیەک خەونەکەیان لێکدەدایەوە کەوا دوور و نزیک بەلای مانای ڕاستەقینەی خەونەکە نەدەچوون.

ئێوارەیەک کاتژمێر حەوت و پێنج خولەک، یاران لەسەر کەروێتەی ماڵەوە دانیشتبوو، لەپڕ تەلەفزیۆنەکەی داگیرساند و چاوی بەبەرنامەیەکی تایبەت کەوت لەسەر لێکدانەوەی خەون. کەناڵەکە یەکێک بوو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان، کوڕێکی ئەسمەری چاویلکە لەچاو، خوێنشیرین پێشکەشی دەکرد. میوانەکەی پیاوێکی لاوازی بەژن و باڵا مامناوەندو بەچاکەت و پانتۆڵێکی ڕەساسی و بۆینباغێکی سەوز، وەڵامی پرسیاری پێشکەشکاری دەدایەوە. بینەو بەردەی نێوانیان، تایبەت بە لێکدانەوەی خەون بوو. وەک شتێک تەوژمی بۆ بێنێ، ئاوها گوێی قولانج کردبوو، ناوە ناوەش بە کۆنترۆڵەکەی دەستی دەنگی تی ڤی یەکەی بەرزتر دەکردەوە. بە تی چاوێکیش دەیڕوانییە بەرنامەکە. بە تایبەت ئەو کاتانەی کەپێشکەشکار ئەو خەونانەی لێکدەدایەوە کە باس باسی گۆڕ و مردن بوون. کورد زۆر وابەستەی خەونە، بەتایبەت ژنان، بەشی زۆری ئەوانەی کە

به تەلەفۆن یان نامە بەشداری بەرنامەکەیان دەکرد، کچان و ژنان بوون، زۆریش پەرۆشی ئەوەن تا بزانن مانای خەونەکانیان چییە. زۆر زۆریش خەون بەشتی ترسێنەر دەبینن، دەعبا و دێوزمەو شەوە و ئەو شتانە، زەندەقیان لەو شتانە چووبوو. کاتێک باسوخواسی خەونی ناخۆش دەکرێت، یان کەسێک خەونێکی خەمناک دەبینێت. پێی دەڵێن مەیگێڕەوە و بەردەکی لەسەر دانێ، یانی خەونی خراپ، ڕووداوی خراپ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. هی باشیش باشە و چاکە دەهێنێت.

خەنی لە خۆمان، تەنها لەمەدا بەختمان باشە، خێزانەکەی ئێمە زۆر بەکەمی قسەو باس لەسەر خەون دەکەن. جارێ باوکم بەناوهێنانی خەون و مەونان، خورشتی دەکەوتێ و گەلێجار بە بێزاریەوە دەیگوت: هەمموو خورافیاتە، ئازارو خۆشی و ناخۆشیەکانی ڕۆژانەیەو دێتەوە خەونمان. بەڕاستی من هیچ باوەڕم بەو بیرکردنەوەیەی باوکم نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دژی نەدەوەستامەوە، چونکە مرۆڤ نابێت خەون نەبینێت، ئەوەی دەشیبینێت، مەرج نییە خەم و پەژارەکانی بێت، زۆرجاران خۆزگەکانیەتی، یان چارەنووسیەتی. لەو خاڵەدا جیاوازی تێگەیشتنمان بۆ خەون، سەراورد و کەوشەنی من و باوکم جیا دەکاتەوە، لاملاوەش لەگەڵ ئیقبالدا یەک دەگرینەوە. هەرچەند ئیقبال تا ئەو ساتەش دۆستی خەون نەبووە، ناچاربووە کە بەدوای خەونزان و مانای خەونەکەیدا بگەڕێت. لێتان نەشارمەوە، ئەوەی ئیقبال شتێکی سروشتی نییە، خەونێکی ئاسایی نییە، بۆیە

منیش هاوڕوانگەی ئەوم، چونکە خەونێکی تایبەتی بینیوە و دەیەوێت لێی تێبگات، کەواتە خەونی ئیقبال گەڕانە بەدوای چارەنووسدا. بەینی خۆمان بێ، هیچ کاتێک ئەو گفتوگۆیانەم لەگەڵ ئیقبالدا نەکردووە کە خەونی ئەو چارەنووسیەتی، نەشم ویستووە بیخەمە ناو ئەو دۆخەوە، دەترسام بە پەیبردن بۆ ئەو ڕازە، زیاتر ماتەم دایبگرێت و بێهودەتر دەرکەوێت. خۆتان دەزانن، بەهۆی برادەرایەتی کۆنمانەوە، من سروشتی ئیقبال دەناسم، جەوهەری دەناسم. دەزانم زۆر سۆزدار و دڵ ناسکە، بەس ئەوەش وای لە ئیقبال نەکردووە، لەسەر گەیشتن بە مانای خەونەکەی ڕژد نەبێت. گرنگیدانی ئەو بۆ خەونەکەی، مانای زۆر شت دەگەیەنێت، یانی باوەڕبوونیەتی بە چارەنووس. هەرچەندە ئەو زۆر بە سادەیی دەیڕوانییە خەونەکەی، یانی بە شتێکی چارەنووسساز ڕاڤەی بۆ نەدەکرد. لەلایەکی دیکە، خەمی بوو لەو دێوزمەیە دەربازی بێ.

دوای تەواوبوونی بەرنامەکە یاران گوتی: ئەو بەرنامەیە خراپ نییە و میوانەکەش زۆر بلیمەتانە لێکدانەوەی بۆ خەون دەکرد، لەدڵی خۆیدا چرپاندی: باشە بۆ خەونەکەی ئیقبال بەو پێشکەشکارە نەڵێم، تا لەبەرنامەی ئایندەدا، ئەمیش وەک پرسیار لە میوانەکەی بکات. هەرچەندە یاران زۆر دڵنیا نەبوو لەوەی کە ئیقبال پێیخۆشبێت ڕاستەوخۆ بەناوی ئەو خەونەکە بۆ نەک هەر پێشکەشکارەکە، بەڵکو بۆ هیچ کەسی دیکەش باس بکەین. ڕاستە لە پێشتردا خەونزانی زۆرمان لەو بارەوە دواندووە، بەڵام

نەمانهێشتووە کەوا بزانێ کە ئیقبال خەونی بینیوە، هۆکەشی بۆ چەند شتێک دەگەڕایەوە. یەکێک لە هۆیە گرنگەکان کە هەمیشە ئیقبال خۆی باسی دەکرد، ترسی هەبوو لەوەی کەوا حکومەت بەهۆی ئەو خەونەوە گێچەڵی سیاسی بۆ دروست بکەن، بۆیە نەیدەویست هەموو کەسێک بەو خەونەی ئەو بزانێ. هۆی دووەمیش، دەترسا لەوەی کۆمەڵگە بە شێتی بزانن، یان لەناو خەڵکیدا بە کەسێکی نابووت دەرکەوێ. خۆتان دەزانن کەوا کۆمەڵگەی کوردی چەند ئازان لە تۆمەت بەخشین و دروستکردنی ناو ناتۆرە بۆ یەکتری، زۆر هونەرکارن لە ڕەنگردنی ڕوخسارەکان، چۆنت بووێ، بەو شێوەیە ڕەنگە دەکرێ. کاتێک لە کەسێک ناگەن، یان نەیانەوێت لە شتێک بگەن، دواجار کەسەکە بەشێت تاوانباری دەکەن. هەڵبەت ئەوە ڕەوشتی کەسانێکە، قووڵ بیرناکەنەوە و تەنها بە ڕووکەش شتەکان دەبینن. ژیانی ئیقبال زۆر دژواربوو، وەک دەڵێن: ئەوەی بە سەختی ژیابێت، بە قووڵی بەر ژیان دەکەوێت. ئیقبالیش سەختی زۆری لە ژیان بینیبوو، ئەو هێزو توانا دەروونی و ڕۆحیەش لەو بەباشی هەستی پێدەکرا، بەڵام هەمیشە لەوەش دەترسا کە فەرمانڕەواکان بە خەونەکەی بزانن. بەڕاستی جارێک خۆم ئەو قسەیەم لەو بیست کە دەیگوت: نامەوێت حزب بزانێ کە من ئەو خەونەم بینیوە، لەڕاستیدا منیش کەوتبوومە گومان، ئاخر ترسی بۆ چییە؟ خەونێکە و بینراوە و تەواو. دەبێ خەونبینین چ ترسێکی تێدابێت، بۆچی دەسەڵات لە خەونی هاوڵاتیەکانی دەترسێت. بۆچی دەبێ خەونی خەڵک، بە مەترسی

بزانێت بۆ سەر چارەنووسی خۆی، یان بۆ سەر پێکە و کورسیەکەی. منیش سەرم لەو نهێنییە دەرنەدەچوو، بەڵام دەشمزانی بێ هۆ نییە، ترسەکەی ئیقبال لە دەسەڵات. شاردنەوەی خەونەکەشی لە بەرپرسان، ڕەنگە پەیوەندی بە شتگەلێکەوە هەبێت کە من لێی تێنەگەم، بۆیە زۆر گرنگیم بەو باسە نەدەدا، دەمگوت: خوا بکات دۆخی دەروونی ئیقبال باشتر بێت، لەو مۆتەکەیە دەرباز بێت، سندان لە هەموویان بدات، چمان داوە لە حکومەت و سیاسەت، ئێمە و سیاسەت کوجا مەرحەبا. جگە لەوەش، نەیدەویست زۆر دەنگو دۆی خەونەکەی بڵاوبێتەوە، چونکە لە زمانی خەڵک دەترساو دەیگوت: زمانی کۆمەڵگە بۆ سەر دڵم، لەشمشێرەکەی بەرپرسان بە سوێترە. لە ڕاستیدا هۆکاری دیکەش هەبوو کە وای لە ئیقبال دەکرد کەخەونەکەی بە شار و وڵاتدا بڵاو نەبێتەوە، بەس ئەوەی بەلای خۆیەوە گرنگ بوو، ئەو دوو شتەبوو کە بۆم باسکردن. هەرچەندە لە کۆتاییدا، ئەو دوو شتەش هیچ بەهایەکیان لای ئیقبال نەما، ئەوەی بن بەڕێ، هاتە سەر بەڕێ. یاران هەموو شتێکی خستە کازی پشت و ئەو گۆڕەی!.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە چارەنووسی خەونەکەیی و تێگەیشتن لێی، لە درێژەی ئەو چیرۆکەدا دێمەوە سەری. منیش دەبووا خوێندنەوەی خۆم هەبێت بۆ دۆخی ئیقبال، هەم بۆ ئەوەی بەرەو چارەسەرکردنێکی دروست و باش بڕۆین، هەمیش بۆ منێک کە دۆستیمە و جارێ تەنها منیش بە خەونەکەی دەزانم، دەبێ

وریـابم لە مـامەڵکردن لەگەڵ دۆخـی دەروونـی و کەسـێتی و کۆمەڵایەتی ئیقبالدا، لەبەر ئەوە هەر کـارێکی نـا دروسـت و نـا ڕێـک دواجـار دەبێـتە هـۆی زیـان گەیانـدن بەو، ڕەنـگە منـیش تووشی ئاریشەی گەورەبـم. هەر لەبەر ئەو هۆیـانە، بەشـێوەیەکی تایبەت و ورد گـوزەرم بەنێـو دنیـای ئیقبـال دەکـرد، دەشـمزانی خوانەخواسـتە هەر هەنگـاوێکی هەڵە کە دواجـار خەڵـک و دەسەڵات پێی بزانن، ڕەنـگە ئیقبـال دووچـاری شـتی نـا ئاسـایی ببێتەوە لەڕاستیدا، من لەکارو کاردانەوەی خودی ئیقبال دەترسام. وەک بۆم باسکردن، بەباشی تێنەدەگەیشتم بۆچی تا ئەو سنوورە زۆرە دەترسێت، بـۆیە هەمیشـە لە خەمـی سـەلامەتی و پاراسـتنی دۆخی دەروونی و کـۆمەڵایەتی ئیقبـال دابـوویمە. گرنگیدانیشـم بەوەی کە بەدوای خەونزانـــــــی جیاجیـــــــادا گەڕاوم، بەو بەرنامەیەشەوە کە ئێستاکە بینیم، بۆ ئەوەمە تا ئیقبال ڕازی بـکەم، خەونەکەی بۆ ئەو بەرنامەیە بنێرێت، بەڵکو لێکدانەوەیەکی بـاش و درووسـتی بـۆ بکـات. هەرچەنـدە ئیقبـال زۆرێـک خەونزانـی دیکەی تاقیکردبووەوە، بەتەواوی لە هەمـوویـان نائومێـد بووبـوو، بەردەوام دەیگوت: کورد خەونزانی نییە، فاڵگرەوەی هەیە. ئـاخر خەون شتی لەسەر بینا دەکرێت، دەبێ وڵات گرنگـی بەخەونـی خەڵکەکەی بدات، لێیان تێبگات. خەون دنیای شاراوەی مـرۆڤە، ئەوەی خەونـــی نەبێـــت، ئاینـــدەی نـــابێ، ئەوانەی خەون بە داهـاتووی خۆیـانەوە دەبیـنن، باشـتر دەژیـن، جـوانتر لەسـەر قاچەکـانی خۆیـان دەوەسـتن. بەردەوام دەیگـوت: داخەکەم ئەو نیشـتمانەی ئـێمە، بـۆتە گۆڕسـتانی خەونەکـان، خەونـی هەزاران

گەنج و لاوی کردووەتە قوربانی مانەوەی کەسانێک. باشە بۆ دەبێ گوێ لە خەونی خەڵک ڕانەگرین، خەیاڵ و خەون، بناغەی ژیانێکی تازەیە. مرۆڤ لە ڕێگای خەونەکانیەوە چارەنووسی دیاری دەکات. ئاییندەی خۆی چاو لێدەکات؟ کە ئەو قسانەم گوێ لێدەبوو، زیاتر پەرۆشی ئەوە دەبووم کە بەدوای لێکدانەوەی خەونەکەی بچم. بەیانیەکەی زەنگم بۆ ئیقبال لێدا، عەجەب یەکسەر وەڵامی دامەوە، قەد ئیقبال نەبووە بەیەک زەنگ وەڵامداتەوە، ئەو ڕۆژە دەنگیشی جیاواز بوو، زۆر دڵخۆشبووم بەوە.

+ ئەلوو ئیقبال چۆنی.

_سوپاس یاران گیان تۆ چۆنی.

+ زەوقت باش دیارە، هێشتا لەماڵەوەی.

_ نەخێر لە دەرەوەم.

+ زۆرباشە ئەگەر هیچ کارێکی گرنگت نیە، پێمخۆشە بتبینم.

_ نەوەڵڵا کارێکی وامنییە، بەس ئەمڕۆ هەوا خۆشبوو، حەزم کرد دەرکەوم.

+ ئۆکەی منیش کارم پێت بوو، کەی حەزت کرد

پەیوەندیم پێوە بکە، یان من دێم بەدوات، یان خۆت وەرە لام.

ـ زۆرباشــە جــارێ خــوات لەگەڵ، دواتــر ئاگــاداری یەک دەبین؟

یاران مەبەستی بوو لە نزیکەوە بـاس و خواسـی بەرنـامەکەی لەگەڵـدا بکـات، چـونکە هەم بەرنـامەکە و هەمـیش میـوانەکە سـەرنجی یارانیـان بـاش ڕاکێشـابوو، بەلای یـارانەوە، میـوانەکە خەونزانێکی بەتوانا دیـاربوو، بـۆیە هەسـتی دەکـرد لەو خەونەی ئیقبالیش سەر دەربکات. هەرچەندە ئیقبال ڕایگەیانـدبوو کەهـیچ بـاوەڕێکی بە خەونزانـان نەمـایە، ئەوەشـی بەئاشـکرا بە یـاران گوتبوو. یارانیش هیچ کاتێـک لە هەوڵەکـانی بـۆ تێگەیشـتن، لە خەونەکەی ئیقبال سارد نەدەبووەوە. کاتژمێر سێی ئێـوارە، ئیقبـال زەنگی بـۆ یـاران لێـدا و گـوتی: کـارم تەواو، بـا یەکتـر ببینـین. ئاواتی یاران لە بینینی ئیقبال ئەوەبوو، باسی بەرنامەکەی بۆ بکـاو خەونەکەی بۆ کەسـی پێشکەشـکار بنێـرن. ئیقبـال وەک جـاری جاران نەیپرسی یاران خێرە، چ ئیشت پـێم بـوو، بەڵکـو یەکجـێ هــاتە ســەر نــاوەڕۆکی باســەکەو گــوتی: دیســان خەونزانــت دۆزیــوەتەوە؟! یــاران (بە پێکەنیــنەوە) چرپانــدی بە گوێیــدا: خەونزانێکی نایـاب و بلـیمەتم دۆزیـوەتەوە. ئەمجـارە ئەو کەسـە یەکا و یەک دەردی تۆ تیمار دەکات و دەرمانە بۆ سەر زامە بە سوێیەکەت، قەسەم بە خوای، بلیمەتێکە نەوعـی نیـیە. ئەوەنـدەی گوێم لێڕادێراوە، قسان لە بەلاش فڕێ نـادات. وردوو هێمـنە، لە لێکـدانەوەی خەون. (ئیقبـال زەردەخەنەیەکـی هـاتێ)، کە یـاران

چاوی پێکەوت هەڵیدایێ و گوتی: بۆ خاتری خودا مەیکە بە فشە، ئەتوو قەشمەریت بە هەموو شتێک دێت، پێم ناڵێی ئەو پێکەنین و قاقایەت لە چییە!، خۆ کفرمان نەکردییە، با ئەوەش بجەڕبێنین، بەڵکو ئەوەی دەمانەوێت ئاوها دەربچێ. خۆمان لەگەڵیدا ڕادەهێنین، بۆی سرت دەبین. ئیقبال هاتە لام و سرتاندی: برا بە هەتەدان و گێلایەتی نابێ، خۆ ئەوە شەڕە زرڕتانێ نییە! لات مەعلومە، خەونزان نەمایە پرسیاری لێکدانەوەی خەونەکەمی لێنەکەین، خۆشت لەمن باشتر شارەزای منی، دەشزانی من نامەوێت کەس بزانێ کە ئەو خەونەم بینیوە. هەر کەڕەتێکیش خەونەکەم بۆیان گێڕابێتەوە، ترساوین لەوەی بڵێن کە ئەو خەونەی دیتووە، هەر گوتوومان کەوا یەکێک ئەو خەونەی بینیوە و بە درۆ و دەلەسە ئاماژەمان پێداوە کە کابرا نەخۆشە و نەیتوانیوە بۆ ئێرە بێ، یان شەرم دەکات و نایەت. ڕوومان ڕەش بوو، ئەوەندە درۆیان بکەین. ئاخر من خەونم بینیوە، نازانم بۆ ئەترەشم چووە و دەترسم بڵێم ئەو خەونەم بینیوە! بێئەوەی پێی بزانین لەو شارەدا، بوینەتە گەورەترین درۆزن. بە ڕوخساری دیاربوو کە نیگەرانە لەو دۆخە، بۆیە بەڵێنیدا کە چیتر درۆ لەگەڵ خۆیدا نەکات. یاران ئەو هەرێ و سۆزڤانی ئیقبالی لەگەڵ ناخی خۆیدا پێخۆشبوو، چونکە دەمێک بوو چاوەڕێی پەیڤێکی ئاوها بوو، ئەو ڕاستگۆیەی ئیقبالی بە سەرکێشی ناوزەند کرد، لە تەک ئەوەشدا بەکارێکی بوێرانە و سەر ڕاستانە لە قەڵەمیدا و دەیگوت: ئاخر نابێ تا سەر خەونەکەی بشارێتەوە، بۆ ئەوەی چیتر خەونەکەی خۆی بەناوی

کەسانی دیکەوە نەگێڕێتەوە، پێویستە خۆی سینگ بداتە بەر چارەنووسی خەونەکەی، دواجار خۆشی ببێتە چیرۆکخوانی ڕاز و نیازی خەونەکەی. دەبووا ئیقبال لەو ڕاستییە نزیک بێتەوە کە جگە لە خۆی، کەسی دیکە ناتوانێ ئاکامی خەونی کەس هەڵگرێت، کۆتایی خەونی هەرکەسێک لە دەستی خۆیدایە. خەون میراتێک نییە بۆ کەسانی دیکە جێ بهێڵدرێت. هەر کەسە و خاوەن خەونی خۆیەتی، خەونی کەس بۆ کەس نابێت، وەک چۆن ڕێگای ژیانی کەس بۆ یەکیکی دیکە گونجاو نییە، ئاواش هەرکەسە و بەڕێگای خۆیدا دەڕوات، ئەوانەی بەڕێگای خۆیاندا ڕۆیشتوون، ئەو شتانەیان چنیوتەوە کە ڕەنجیان بۆی داوە. مرۆڤ بە شوێن ویستی خۆیدا دەڕوات، بۆ ئەوەی لە سەر قاچی خۆی بوەستێت، واچاکە ئەزموونی کەس لە ژیانی خۆیدا دووبارە نەکاتەوە. ئەزموونی ژیانی هەرکەسێک دواجار بۆ تۆ، ڕاگەیاندنی مەرگی خۆتە. کاتێک مرۆڤ ئازاد دەبێ، بەشوێن هەستەکانی خۆی کەوێت. هەڵوێستەکەی ئیقبال وای لە یاران کرد، داوای ئەوەی لێبکات کە ئەمجارەش ئەو خەونزانە تاقیدەکەینەوە، خۆ هیچ زیانێک ناکەین، هیچ نەبێ لەویش تێدەگەین. ئیقبال تێگەیشت کە یاران دەستبەرداری ناردنی خەونەکەی نابێت بۆ خەونزان، بۆیە گوتی: باشە ئەو خەونزانە کێیە، لە کوێ ناسیوتە؟ یاران هاتە وەڵام و گوتی: دوێنێ ئێوارە دەورووبەری کاتژمێر حەوت لە کەناڵی.......... بەرنامەی ......... میوانێکی داوەت کردبوو لەسەر لێکدانەوی خەون، قسەی زۆر باشی دەکرد. پێموابێ بەرنامەکە هەفتانەیە، گوێم لێبوو گوتی: لە

هەفتەی داهاتوو بە یەکترشاد دەبینەوە. ئیقبال مۆبایلە سامسۆنگە زیرەکەکەی دەرهێنا و لە یوتوب بەدوای بەرنامەکەدا گەڕاو دۆزیەوە، هەندێک گوێ لێگرت، ئەمیش سەرسامی خۆی نیشاندا و گوتی: خراپ نییە با ئەمەش تاقی بکەینەوە و بەس با کۆتا خەونزان بێ کە گوێی لێبگرم و خەونەکەم لێک بداتەوە. باشە ئەی چۆن خەونەکەی بۆ بنێرین، یاران گوتی: وەک جاری جاران بەنامەیەک و بە ناوی کەسی دیکەوە دەینێرین، ئیقبال هاتە دەنگ و گوتی: باشە ئاخر ئەوە لە تەلەفزیۆنی بڵاودەبێتەوەو هەموو کەس خەونەکە دەبیستێت، ئیقبال لەو ساتەدا گەڕایەوە سەر هەمان تاس و حەمام، وەک کەسێک نەبای دیبێ نە باران، بیری چوو قیچۆکەک پێش ئێستا بەدەمی خۆی درکاندنی کە چی تێدایە با خەڵکی بزانن کە چ خەونەکی بینیوە، باشە بۆ ئەوها سەدوو هەشتا پلە گۆڕا. ئەو دەمدەمیەی ئیقبال، تەنها ترسە کە وای لێدەکات وەکو ئەوەی هەیپێیان لێکردبێ، بەو پەلە پڕووزێیە گفتی دەگۆڕێ، وەنەبێ ئیقبال بە ئەندازەیە زەلامێکی بێحەوسەڵەی سەرەڕۆی بێ حیساب بێت، دروست پێچەوانەکەی تەواوە کە ئیقبال تا سەر ئێسقان ڕاستگۆ و بێغەل و خەش بوو، بەس هۆکارگەلێک هەمیشە بەربەست بووینە کە بوێری ئەوەی نەبێ کە خەونەکەی، خەڵکی پێ بزانێ. دیسان یاران کەوتەوە هەمان دۆخ و پرسی: ئەرێ نەبڕایەوە ئەو هەموو ترسە، قیڕۆسیا با هەموو دنیا بزانێ، خەونێکە و بڕایەوە، خۆ پیاوت نەکوشتووە. ئیقبال هاتە دەنگ و گوتی: بە خودای تۆش سەیری یاران، من نامەوێت کەس

بزانێت، حەزیشم لێنییە جارێکی دیکە ئەو پرسیارەم لێبکەیتەوە، باشە ئازیزم، من و تۆ دۆستی یەکترین، تۆشم لەبەر ئەوەی خۆشدەوێت کە دڵسۆزی بۆم، بەڵام لەسەر ئەو شتەی پێمخۆشنییە ماندووم کەی. یاران وەک جاری جاران گرنگی بە هەڵچوون و هەڵەشە و تووڕەیی ئیقبال نەدەدا، گوتی: باشە بەچاوان دەمی خۆم دەدوورم و چیتر باسی هیچ ناکەم، بەڵام فەرموو تۆ ڕێگایەک بدۆزەرەوە کە  خەونەکەت لە خەونزان بگەیەنین. ئیقبال گوتی: برا ئەو تینوەی لە ئاشەوانییە، لە ئاشێڕی نییە. واز لە بەرنامە و ئەو شتانە بێنە، لە دەرفەتێکدا تۆ، یان هەردووکمان دەچینە لای و خەونەکەی بۆ باس دەکەین و تەواو. یاران بۆ هێوربوونەوەی دڵی ئیقبال و ڕایکردنی، کارەکانی ئەمەی پێباشبوو گوتی: زۆرباشە هەوڵدەدەم ناونیشانی خەونزانەکە وەردەگرم و پەیوەندی پێوە دەکەم.

یاران پێچەوانەی ویستی ئیقبال هەڵس و کەوتی کرد، ئەو ڕیسکەی یاران بەرانبەر بە خەونەکەی ئیقبالی هاوڕێی خراپ شکایەوە، چونکە سەرەتا بڕیار وابوو خەونزانەکە ببینن و وەک جاری جاران بەناوی کەسانی دیکەوە خەونەکەی بۆ بگێڕنەوە، بەڵام یاران  سیناریۆکەی گۆڕی و دەم و دەست پەیوەندیەکەی نەکرد، هەفتەیەک وەستا تا بەرنامەیەکی دیکەی کەناڵەکە ببینێتەوە، تا بزانێت هەمان میوان دێتەوە بەرنامەکە، یان خەونزانێکی دیکەیە.

هەفتەی ئایندە لەکاتی دیاریکراو بەرنامەکە پێشکەشکرا،

یاران بەدەم چا خواردنەوە بەتاسـەوە دانیشـتبوو. پێشکەشـکارەکە قسـەی کـرد و هەمـان میـوانی پێشـووی ناسـاند، پێـدەچوو ئەو خەونـزانە میـوانی هەمیشـەیی بەرنـامەکە بـێ و نەگۆڕێـت، بـۆیە بەوردی گوێی لێڕاگرت، تا کۆتـایی بەرنـامەکە چـای بەردەمـی تەواو نەکـرد، بەسـاردی دوا فـڕی لێـداو لەبەرخـۆیەوە گـوتی: بەرنامەکی خراپ نییە، بەهەڵە دانەچویمە و پیاوێکی زیـرەک و بلیمەت دیارە، واباشە بە نامەیەک خەونەکەی ئیقبـالی بـۆ بنێـرم. سەرکێشی یاران لێرەوە دەسـتی پێکـرد، بێـئەوەی بیـر لە ئاکـامی دوای ئەو نـامەیە بکـاتەوە، دەسـتی بە نووسـینی خەونەکە کـرد، یەکجێ بە ڕێگای ئیمێلەوە ناردی بۆ  بەرنامەکە. لە دڵی خۆیـدا دەیگـوت: بـۆ نەینێـرم، ئیقبـال چـاکە و خـراپەی خـۆی نـازانێ، بەدەسـت ئەو خەونەوە گیریخـواردووە و بێـدەنگ، بێـدەنگ بە ئەسـەفەوە دەیگـوت: نەگـبەتە، خەم لە خـۆی نـاخوات، وەک ماری سڕی لێهاتووە.

یـاران بەم کـارەی وایزانـی پاداشـت دەکـرێ و چـاکەیەک لەگەڵ ئیقبالدا دەکـات، بەڵام ڕووداوەکـان پـێچەوانە کەوتـنەوە، دەرگاکەی بێ ئاچەرەیی خستە سەر پشت.

خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو: کێ دەڵێ لێکـدانەوەی خەونـزان بـۆ خەونەکەی ئیقبـال وەڕاسـت دەرناچێـت و وەڵامەکەی بەدڵـی نابێـت، یـاران بە جۆرێـک دڵخۆشـی نیشـاندەدا، وەک ئەوەی باوکی لە قەبرێ زیندوو دەبێتەوە، هێندە دڵخۆش دیاربوو.

هەرکاتێــک لە تــی ڤــی بەرنــامەکە پێشــکەش دەکــرا، موچڕکێک بە جەستەیدا دەهات. لێی بووبـووە مەراق کە ئـاخۆ کەی ئەوە ڕوودەدات! خەونـزان خەونەکەی ئیقبـال بە دروسـتی لێکبـداتەوە و ئاوێـک بە بڵێســەی گرگرتـووی نـاخی ئیقبالـدا بکات. چەند ئەڵقەیەک چاوەنواڕی کرد، پێشکەشکاری بەرنامە، هەر بەلای نامە و خەونەکەی ئەودا نەچوو. دیسان نـامەیەکی بـۆ کەناڵەکە نارد، تـا سـۆراغی بێـوەڵامی نامەکـانی دەسـت کەوێ، هەر هــیچ دەنگــۆیەکی نەبــوو. ناچــار نــامەیەکی نووســی و ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کردبوو، داوایکـرد وادەیەک بۆ بینینی پێشکەشکار دابنـێن، تـا لە نـزیکەوە ببینێـت. جگە لە داواکردنی وادەیەک، لەگەڵ ئەوەشدا بە چەند دێڕێـک دەردەدڵی خۆی لەناو نامەکەدا بەرامبەر بەرنامەکە هەڵڕشتبوو کە مانگێـک لەمەو پـێش نـامەی نـاردووە بـۆ بەرنـامە و بەرسـڤی نەدراوەتەوە. نامەکەی هەندێ وشەی ڕەقی تێدابوو، نووسـیبووی (ئەگەر ئێوە توانای لێکـدانەوەی خەونێکتـان نیـیە، بـۆ بەرنـامەکە دانـاخەن)، بەرپرســی بەرنامەکــان بە جۆرێــک سەرسـامبوو بەو نامەیە، بەپەلە ناردی تا نامە کۆنەکانی بۆ بهێنن، بۆ ئەوەی هـۆی نەخوێنــدنەوەی نــامە و لێکــنەدانەوەی خەونەکەی بزانێــت، لە ڕاستیدا هۆکـاری شـۆکەکەی بەرپرسـی بەرنامەکـان لە بەرامـبەر خەونەکە لە جێگەی خۆیدا بوو. بە جۆرێک دۆشداما، ئاخۆ ئەو خەونە چییە کە ئەو کەسـە بینیـویەتی، کەی خەون وایە، هەمـوو شــەوێک یەکجــۆر خەون ببینیــت. بەرپرســی بەرنامەکــان، لە دڵیخۆیـدا هەقـی بە پێشکەشـکارەکەدا کە لێکـدانەوەی بـۆ ئەو

خەونە نەکردووە. (ڕەنگە هەر خودی نامەکەی، وەک شتێگی گاڵتە ئامێز لێکدابێتەوە، بۆیە گرنگی پێنەداوە). بەرپرسی بەرنامەکان تا دەهات پەرۆشی بینینی ئەو کەسەی لای گەرمتر دەبوو کە دەبێ چ نهێنیەک لە دووبارە بوونەوەی خەونەکەیدا هەبێت؟ ئەمەش وای لە بەرپرسی بەرنامەکان کرد کە وادەکە بهێنێتە پێش و بەر لە پێشکەشکار سەرەتا خۆی ببینێت، ئەمەشی بۆ ئەوە کرد، تا لە دڵەوە داوای لێبووردنی لێبکات کە کەمتەرخەمی لە خوێندنەوەی نامەکانیدا کراوە. پاشان دەیویست لە نزیکەوە چاوی پێبکەوێت، هیچ نەبێت لەو دیدارەدا دواجار تێدەگات کە ئەو کەسە بۆ یەکجۆر خەون دەبینێت، یان چ تەلیسم و نهێنیەک لەو خەونەدا هەبێ؟

وادەی دیدارەکەی یاران کاتژمێر یانزەی بەیانی بوو، ئەو نیو کاتژمێر زووتر لە پرسگە دانیشتبوو.

+ یەکێک لە فەرمانبەرانی پرسگە گوتی: ژوانت لەگەڵ بەرپرسی بەرنامەکانە وایە؟

_ بەڵێ خاتوون.

+ ڕێک بەو مەمەڕەی دابڕۆ، کۆتا ژوور، ژمارە ٣ .

(دەرگاکە لەسەر پشتبوو، بەرلەوەی سڵاو بکات، بەرپرسی بەرنامەکان بە دەنگێکی گڕەوە).

گوتی: فەرموو فەرموو، وەرە ژوورەوە.

لەسەر کورسیەکەی هەڵساو دوو بەدوو لەسەر کەروێتەکە دانیشتن.

+ چایە، یان قاوە.

_ سوپاس تەنها ئاو دەخۆم.

ئاوێکی لەبەفرگرەکەی دەرهێناو لێوانێکی لە سەر مێزەکە هەڵگرت و لەبەردمی دانا.

+ ئەوجا بەخێربێی، نامەکەت زۆر توندبوو، بەڵام هەق بە تۆیە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم.

لەبەر ئەوەی هێشتا دڵنیا نەبوو، ئەو کەسەی لەگەڵی دانیشتووە کێیە، بەڵام گومانی لەوەنەبوو کە پێشکەشکارەکە نییە! بۆیە بە فیزێکەوە

گوتی: کوا توند بوو، هێشتا چم نەگۆتیە.

+ هەرچییەک بڵێی هەقی خۆتە، جارێکی دیکە داوای لێبوردن دەکەین.

بەرپرسی بەرنامەکان زۆر گرنگی بەو لوتبەرزیی و فۆڕمی وەڵامدانەوەکانی ئەو نەدەدا، چونکە مەراقی بوو کەوا بزانێ بۆ

یەکخەون دەبینێت.

(دەبێ پێمان ڕانابوێرێت)، لە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت، سـەر و شکلی لەو کەسانە ناوەشێتەوە، بەس ناحەزیش دیارە!.

یاران ڕوخسارێکی زۆر قەرەباڵغی هەبـوو، کەم پێـدەکەنی، خۆشی لەگەڵ فشە و سوحبەتان نەدەهـات. هەمیشـە بە ڕژدی لە کارەکانی خۆی دەڕوانی، شتی گرنگ لای ئەو، تێگەیشتن بووە لە خەونەکەی، نەک وەک ڕۆژنامەنووسـە زۆربلێیکـان، لەکـاتی پێشکەشـــکردنی بەرنـــامەدا، بەنـــاو قســـان کەوێـــت و بـــواری میوانەکانی نەدات قسە بکەن.

+ باش بـوو هـاتی، بە ئەنقەسـت وادەی دیـدارەکەتم سـێ ڕۆژ هێنـــا پـــێش (کەمێـــک تەریـــق بـــوویەوە) ببـــورە خۆشـــم پێنەناســـاندی، مـــن نـــاوم (ئەردەشـــێرە) بەرپرســـی بەرنامەکـــانم، پێشکەشکاری بەرنامەش ئەمڕۆکە لە پشووە و نایەت.

تازە یاران بە ناچاری کەوتە دۆخی هەڵوێسـت وەرگـرتنەوە، لەوە دەرچوو بڵێ کەسێک خەونی بینیوە و نەخـۆش بـوو، بـۆیە نەیتوانی بێت بۆ ئێرە، یان هەر درۆیەکـی دیـکەی وەک جـاری جاران بکات. ئەمجارە دەبووا بە دروستی ناوی خەونبـین بڵێـت، توڕەبـــوون و هەڵچـــوونەکەی، وا لەچـــاوی دەخوێنـــدرایەوە کە خۆی خەونەکەی بینیوە، نەک کەسـێکی دیـکە. بەس چ دانـایی و سـوودێکی تێـدایە گەر نـاوی ئیقبـال بـدات، بـۆیە دڵ سـافانە

وەک ئەوەی خۆی خەونەکەی بینیبێ گوتی:

_ خەونەکەم چ شەرمەزاریەکی تێدایە کە لێکدانەوەتان بۆ نەکردووە.

+ شەرمەزاری چی، چما کەس لێی حاڵی دەبێت، تا لە نەخوێندنەوەیدا شەرمەزاری بین؟!.

(هەمان قسەی نێو نامەکەی دووبارەکردەوە)

_ ئەگەر ئێوە توانای لێکدانەوەی خەونێکتان نییە، بۆ بەرنامەکە داناخەن.

+ بەدڵنیاییەوە کەسێک هەبێت لەو خەونەی تۆ تێبگات، بەرنامە چییە، خۆشم دەست لەکار دەکێشمەوە. ئەوە خەونە، یان بەڵایە، هەموو شەوێ یەکخەون ببینیت، سەیرە؟!.

(دەزانی هاتنی تۆم بۆ ئەوە پێخۆشبووە، تا خۆت ماناکەیمان پێ بڵێت، نەک ئێمە).

یاران هاتە دەنگ: من ماناکەیتان پێبڵێم؟! کەچەڵ ئەگەر دەرمانی لابوایە، تیماری سەری خۆی دەکرد. (بە پێکەنینەوە) گوتی: ئەوە ئێوەش فت، وامزانی خەونزانەکەتان بلیمەتەو زامی پڕ لە سوێی جەرگی ........ ویستی ناوی ئیقبال بەرێ، بەڵام زمانی خۆی گەست و پەشیمان بویەوە و گوتی: سارێژ بکات،

وەی لەخۆم غەریبێ، کەسێ نییە ئەو خەونەی من لێکبداتەوە. (وەک کەسێکی نا ئومێد)، ڕووی لە بەرپرسی بەرنامەکان کرد و گوتی: ئیدی لەمەودوا، لە دەرگای کێ بدەم.

بەرپرسی بەرنامەکان، لە شێوەی پۆلیس و کارمەندگەلی فەرمانڕەوایان ژەهری ناو ناخی هەڵڕشت و گوتی: ئەو خەونەی تۆ، چارەنووسی وڵاتەکەمان دەخاتە مەترسیەوە.

پێنچ تەرم، لە پێنج ناوچەی جیا، لە پێنج گۆڕدا، ڕووت ڕووت بەرەو لاتبێ!

خەونێکی ئاوها تەلیسماوی جگە لە نەهامەتی، دەبێ چ مانایەکی دیکەی لە هەناوی خۆیدا بۆ نیشتمان هەڵگرتبێ.

ئەو قسەیەی بەرپرسی بەرنامەکان، یارانی تەواوەک خستە دۆخێکی دژوارەوە، بە جۆرێک ترس دایگرت تا بە ئاسانی شڵەژاویی و شەرمەزاری بە ڕووخساریەوە دەبیندرا، لەلایەک کەوتە بیری ئیقبال کە چ خەونێکی نەفرەتی بینیوە، لە خەیاڵی خۆیدا دەیگوت: نا هەقی ئیقبالی داماو ناگرم، بۆیە ترسی لە گێڕانەوە و باسکردنی خەونەکەی هەبووە، لەو گیانەوەرانە ترساوە. لەلایەکی دیکەوە، نیازو وتەکانی بەرپرسی بەرنامەکانیشی بەنا مرۆڤانەو دووژمن کارانە لێکدایەوە.

# ۆ

ئیقبال لەناو خانەوادەکەیدا بە کەسێکی هێمن و خوێندەوار ناسرابوو، لە بەرواری ٢٠١٢/٤/١١ تەمەنی بوو بە پەنجا و دوو ساڵی تەواو. باوکی لە ئایاری ساڵی ١٩٧٠، لە تەمەنی شەست ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیانکردووە، یانی تەمەنی ئیقبال دە ساڵان بووە کە باوکی لە دەست دەدات. دەگێڕنەوە کەهۆی گیان لە دەستدانی باوکی، پەیوەندی بە کارو پیشەکەیەوە هەبووە. دایکی ئیقبالیش بیست و دوو ساڵ دوای مردنی مێردەکەی، لە ڕووداوێکی تەمو مژاوی لە ماڵەکەی خۆیدا تەرمەکەی بە سووتاوی دەدۆزرێتەوە. ئەو پیاوە، لە ڕۆژگاری خۆیدا گرفتاری چەندان دەرد بووبوو. کەسێ لە نزیکەوە ئاشنای نەبوایە، وەکو پێویست ئاگاداری خەمەکانی نەبایە، یان بە دروستی لە دۆخی دەروونی ئەو حاڵی نەبا، بەداخەوە خوێندنەوەی دیکەی بۆ ژیانی دەکرد. لەڕاستیدا ئیقبال کەسێک بوو ڕوخساری شتێکی پێ دەگوتی، ناخیشی شتێکی دیکە. ئەو جۆرە کەسانە، تا ورتر بچیە ناو ژیانیان. بارتەقای ئەوە، شتی تایبەتت لێی دەست دەکەوێت. ئیقبال کەوتبوو بەسەر دۆخێکی ئێجگار بیمار، دنیای

ناوەوەی پڕیبوو لە شەکەتی، لە سیحر و نهێنی، لە خەیاڵی سەیر، لە چیرۆکی درێژ، لە بەسەرهاتی دڵهەژێن. بەو مانایەی نا کە خوانە خواستە وەک کەسێکی نەخۆش، درۆزن، یان شێت لەبەر چاوان دیاربێت، بەڵکو پێچەوانەی گشت لێکدانەوە گوماناویەکان، ئەو لە ڕەفتار و گفتارەکانیدا، کەسێکی ئاکار جوان و ڕاستگۆ بوو. نیگاو ڕوانینە هێمنیەکەی، گەلێک مانای لەخۆ دەگرت. مەبەستم لەوەیە، ئەگەر باش شارەزای هەلومەرجی ژیانی نەبای، ئیدی ئاسان نەبوو تێگەیشتن لەو پیاوە کە لە چ دژواریەکی دەروونیدا دەژیت. ئەو خەون و خەمەی ئێستاکەی زۆر زیاتر، لە هۆکارەکانی مردنی باوکی و کارەساتی سووتانەکەی دایکی، مێشکی ئەویان هیلاک کردبوو. کەس پەی بەو نهێنیە شاراوەیە نەدەبرد کە ماوەیەکە پێیەوەی دەناڵێنێت، دروستر بڵێم، خەونێک دوو ساڵە هۆش و خەیاڵی داگیرکردبوو. هێندە پەرێشان بوو بەدەست ئەو دۆخەیەوە، هەر بیری نەمابوو کە چ بەسەر خانەوادەکەیدا هاتووە، زامە گیانیەکانی گەلەک قوولتر بوون لەوەی کە بەسەر ئەواندا هاتووە. ئاخر مرۆڤ، بەرگەی ئەو هەموو ڕووداوە کارەساتبارانە چۆن دەگرێت. مەگەر ڕۆحێکی ئاسنینی هەبێت، یان لە زۆر کاتان لەو جیهانە خەمگینەدا، پێویستە ڕۆحێکی سوپەرمانانەت هەبێت، تا بە کونفە یەکونێک، هەرچی بیخوازێت، بۆت بێتە دی. مرۆڤ هێندە گیرۆدەی دەستی شتگەلێکی شاراوەی ناو ناخ و دەروونیەتی، هێندە پەرۆشی کێشەکانی دەرەوەی خۆی نییە.

نیگەرانــی ئیقبــال، لە خــودی ئەو نیگەرانیــانە بــوو کە بــۆی بووبووە بە گرێ کوێرە. بەردەوام نائومێد دەیاربوو، نەدەگەیشت بە ســەرەداوی ئەو شــتەی کە خەریــکە لەپێناویــدا خــۆی لەبیــر دەچێتەوە کە بۆچی لەو خەونە نەفرەتییە دەربازی نابێت. کاتێک کەســێک دەگــاتە نێــو کەش و هەوایەکــی ئاوهــا ئــاڵۆزەوە کە قەبــارەی کێشــەکەی لەهەســت و نەســتی مەزنتــر بــێ، توانــای ڕووبەڕووبــوونەوەی نەبێــت!. وەک ئەوەی لەنــاو چاڵێکــدابێت و هیچ دەروازەیەک بۆ دەربازبوو لە ئارادا نەبێ، سەرسـامانە کـات ئاوا تێدەپەڕێت. مرۆڤ لەو ساتەدا، لە نادیار ڕۆدەچێت، ئاسـۆی بیـر و هۆشـی بـێخەوش و سسـت. وەک دەمـاری جەسـتەیەکی ئیفلیج، لەکار دەکەوێت.

ئەو مۆتەکەیە بۆتە هاودەمی، ویستم بڵێم ئەوە چەندین جـارە وەک ســەرخۆش ملــی ڕێگــا دەگرێــت، بەڵام نەمدەویســت بەو جۆرە قسە لەبارەی ئیقبالەوە بکەم، بۆیە زوو فریای زمانم کەوتم و وشــەکەم قوتــدایەوە. چ ئەو دۆخە نــا لەبــارەو چ ئەو خەونە دووبارە بوویەوە کە دوو ساڵە بینینـی یەکجـۆر خەون، ئایـا ئەوە چ نـــاوێکی لێــدەنێن؟ هـــاوینی دوو هەزار و دە، ئەو شـــەوەی خەونەکەی بینیبــوو، بەیــانیەکەی زوو بــۆی گێــڕامەوە، ئێســتاش هەمان خەون و هەمان شت دەبینێتەوە. بە جۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، هەزار سوێند دەخۆی کە شـێتە، ئـاخر دڵـم نـایەت ئەو وشەیە بەکـار بهێـنم، لە بەرامـبەر کـێش، ئیقبـال کە هـاوڕێیەکی منداڵیمە و کەسێکی تێگەیشتووی خوێندەوار. چۆن ماف بەخـۆم

دەدەم بە چـاوی سـووک سـەیری ئەو بـرادە ئـازیزەم بـکەم، گەلەک زەحمەتیش بوو بۆ مـن کە نزیکتـرین دۆسـتی بـم، بەو جۆرە جێـی بهـێڵم. جێهێشـتنی هـاوڕێ لەو کاتـانە، بێنمەکـی و سپڵەییە، بۆیە بڕیارمدا بەردەوام لە نزیکیدا بـم. هەرچەنـد ئیقبـال کەسێکی کەنارگیر و کەمدوو بـوو، زۆر بە کەمـی دەدوا، بەڵام هەرکاتێک سەرگەرمی گوێگرتن بوایە، ئیدی باسەکەشـی بەدڵ بوایە خۆ بە هیچ ڕانەدەوەستا، قسەی بەمانـا و لە جێگـای خـۆی دەکرد، وردو بە سەرنج بوو، زانیاری لە بـارەی گەلێـک بـابەت هەبوو، من بەڕاسـتی سەرسـامی یەک شـتی ئەو بـووم، شـێوازی قسـەکردن و بەسـتانەوەی بابەتەکـان بە یەکتـری و بە زمـانێکی پـاراوو بە ڕوانبێژیەکـی دروسـت دەئـاخڤی کە حەزت دەکـرد کات بوەستێت و هەمیشە گـوێی لێڕاگریـت. داخەکەم ئێسـتا بەو جـۆرەی لێهـاتووە و نـاو و نـا تـۆرەی شـێتیان بەدوا خسـتووە. خەڵک ویژدانی نییە، ئەوەندەت ئاسانە تا کەوتی، ئیـدی کەسـێ نیـیە بـۆت ببـێ بە فریـاد ڕەس، بەڵکـو زیـاتر پێـت لێـدەنێن و دەتخەنە قوڵایی چاڵەکەوە و دەتخنکێنن.

تێبینی ئێمە لەسەر ئیقبال ئەوە بوو کە دەبێ خۆڕاگربێ و ئەو خەونە لەبیـر بکـات، خـۆی پێـیەوە سـەرقاڵ نەکـا و بە هەنـدی هەڵنەگرێـــت، بەس ئەوە داوایەکـــی مەحـــاڵ بـــوو کە ئـــێمە خستبوومانە ئەسـتۆی ئیقبـالەوە. گرفتـی ئیقبـال مەتەڵـی دووبـارە بوونەوەی خەونەکەیەتـی کە چـۆن ئەو سـیحرە بەتـاڵ کەیـنەوە، دەیەویست بزانێت بۆ ئاوایە، بـۆ هەمـوو شـەوێ یەکجـۆر خەون

دەبینیٚ، چ مانا و هێمایەکی هەیە. وەڕس بووبوو لە لێکدانەوەی خەونزانان، باوەڕی بە هیچیان نەمابوو. زیاتر لۆمەی خۆی دەکرد، زۆرجار بەسەر خۆیدا هاواری دەکرد، سەرزەنیشتی عەقڵ و مێشکی خۆی دەکرد کە بۆچی لەو خەونەی خۆی ناگات. ئیقبال گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە هیچ کەسێک بۆی نابێتە سوپەرمان و دەربازی ناکات، هیچ فریادڕەسێکی نییە، تەنها خۆی نەبێت، بۆیە دەیگوت: نابیٚ مرۆڤ تا سەر ملکەچی کەسانێک بێت و خەون و خەیاڵەکانی لێکدانەوەی بۆ بکا، یان ڕێنمایی بکات و ڕێگا و شوێنی ژیانی بۆ دیاری بکات، ئیقبال بە تەواوی ئەو شتەی نەدەویست، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، چەندین جار لەگەڵ یارانی هاوڕیٚ گیانی بەگیانیەکەی بە قسان تێک گیردەبوون و پێی دەگوت: بە چ هەقێک ماف بە خۆت دەدەیت تا باسی حاڵی ژیانی خەڵک بکەیت، یان دەم لە ڕابردوو چارەنووسی خەڵکی بدەیت و دڵخۆش، یاخوت تاوانباریان بکەیت بەوەی ئەو جۆرە ڕەفتارە بکەن و نەکەن، هەروەها دەیگوت: تۆ جادووگەری. داخەکەم لە زۆر کاتان من نەبوومایە بە شەق و بۆکس دەکەوتنە گیانی یەکتری. تا کار دەگەیشتە شەڕە چەپۆک، لەڕاستیدا ئیقبال پێشتر وانەبوو، کەسێکی هێمن و ژیر بوو، تا بەهۆی ئەو خەونەوە، ڕەفتاریشی گۆڕاوە، ئەگینا شەڕ و ئیقبال کووجا مەرحەبا، یارانیش کەسایەتیەکی دیاری هەیە و زۆربەدرەنگ هەڵدەچێت، ئەمەش لە بێبەختی ئێمە ئەو ڕۆژی گەرم ببوو بە هیچ سارد نەدەبووە.

جــار نــا جــارێ ئەو وتەیەمــان گــوێ لێبــووە، یــان خوێنـدوومانەتەوە ( ژیـان لەمـڕۆکەدایە)، بەو مانـایەی ئەمـڕۆکە ژیانی تـۆیە، بـۆیە بـۆ ئەمـڕۆ بـژی. لەوانەیە ئەو کـاتەی بیـر لەو ڕستەیە دەکەینەوە کە بە خۆمان بڵێـین، مەگەر دەکـرێ داهـاتوو لەبیر بکەین و تەنها ئەمڕۆمان هەبـێ؟ شـتێکی ئاوهـا لە مێشـکی ئیقبال دەهات و دەچوو، لە خۆی دەپرسی: ئەی بەیانی و ئاینـدە یانی چی؟ جیاوازی یـاران و ئیقبـال لەوەدا دەردەکەوت، یـاران پێیوابوو بەڵێ دەکرێ، بۆیە دەیگوت: ئەو کارە تەنها بەو شێوەیە ڕێچـکەی خـۆی وەردەگـرێ کە دڵنیـابین خەونـی ئەمڕۆکەمـان ئامانجداری سبە و ئایندەمانە. بەو واتایەی خەیـاڵ و بەرنامەکـانی ئەمڕۆمان بەشێکە لە پلان بۆ داهاتوو کە بە شـێوەیەکی پەیژەیـی ڕێنمایمان دەکات. ئیدی لەنێو ئەو بازنە هەڵهێنجـراوەدا دەتـوانین قسە لەسەر چارەنووسی خەونەکەی ئیقبال بکەین، ئایە ئێوە هـیچ کاتێـک سـاتە خـۆش و ناخۆشـەکانی منـداڵی بەبیـر خۆتـان دەهێننەوە. ڕۆژانێک نیگەرانی هیچ شتێک نەبـووین، نە ڕابـردوو نە داهــاتوو. ســاتێک تەنهــا وزەی شــادیمان لێــوەردەگرت و ئەمڕۆکەمـانی چـالاک دەکـرد. بە جۆرێـک کەوتبـووینە نـاو دڵخۆشـیەوە کە ئەو سـەر و ئەم سـەرمان دەکـرد، پێـدەکەنین و ژیانمـان بە باشـترین چـارەنووس بەرەو پـێش دەبـرد! خۆمـان تـا ئێستا نەمان پرسیوە، هۆی ئەو هەموو شـادومانی و ئاسـوودەیە لە کوێــوە دێ، یــان لە پــای چــی؟ ڕەنــگە پێمــان وابێــت کەهۆکـارەکەی ئەوەبـووە کەبەهـۆی کەمـی تەمەنەوە لەبیـری بەرپرسـیاریەتی دانەبـووینە، بەڵام نـابێ لەوەش حـاڵی نەبـین کە

قۆناغبەنـــدی تەمەن و ئەزمـــوون و تـــاقیکردنەوەی ژیـــان، بەرپرسیاریەتیەکی کەم نییە. بیرتانە بە گەشبینیەوە، دەڕۆیشتین بـۆ خوێندنگە و پەرتووکی زۆرمان تەواو دەکرد و تاقیکردنەوەمان لێـدەکرد. کـاتێکی زۆری تەمەنمـان بـۆ خوێنـدنەوە بـووە، لە کاتێکدا ئەو بەرپرسیاریەتییە بۆ ئێمەی منـداڵ ئەسـتەم بـوو، بەڵام ئەو نهێنیەی کە ئەو ئەستەمەی ئاسان دەکرد، تێپەڕانـدنی ئەرکـی ڕۆژانەمان بوو کە لە قوتابخانە گەورەکەی خێزان و ژیـان فێـری دەبـووین. تـاکە شـتێک کە تـاکو ئێسـتا بیـرم نـاچێتەوە، وتەی مامۆستای بیرکاریمان بوو کە دەیگـوت: (کـاری ئەمـڕۆ مەخەرە سبەینێ)، کاتێـک داخـوازی ئەو ڕۆژانەمـان جێبەجـێ دەکـرد و وانەکـــانی قوتابخانەمـــان تەواو دەبـــوو، بە فیـــزێکەوە تۆپمـــان هەڵدەگرت و کۆڵانێکی چۆڵمـان دەسـتکەوتایە، بەهـیچ شـتێک نەماندەگۆڕیەوە. هێواش هێـواش لەگەڵ بەرزبـوونەوەی تەمەنـدا، میلی کاتژمێری ژیانمان ڕێک و پێکتر دەبوون. بێئەوەی هەسـتی پێبکەین و پێیبزانین، ئەمانە پەیژەی سەرکەوتنی ئاینـدەمان بـوون. هەمـــــوو ئەو پەرتـــــووک و بەرنامـــــانەش کە لەلایەن بە ئەزموونەکـانەوە دانـدرابوون، یـارمەتی سەرخسـتنی داهـاتووی ئێمەیاندا، ئێستا جـگە لەخـۆم کەسـی دیـکە بەڕێـوەبەری ژیـانم نیـیە، بـۆیە ڕووی لە یـارانی هـاوڕێی کـرد گـوتی: قبـووڵم نیـیە کەس خەونی من لێکبداتەوە، دەبێ خۆم ڕازی خەونەکەی خۆم بزانم، پێویستە بە ڕێگای خۆمدا بـڕۆم، ئەگەر بمەوێـت دووبـارە ئەزموونی منداڵیم چـاولێبکەمەوە، ئیتـر وەک هەمـان بـارودۆخی دەورانی منداڵی، دەست پێدەکەمەوە، خەونەکەم بۆ خـۆم لێـک

دەدەمەوە، دەزانـم ئەوەی مـن بینیـومە، تەنهـا خۆشـم توانـای شرۆڤەکردنیم هەیە، من لە نهێنیەکانی تێدەگەم. ئەوانەی خەونـی مـن لێکـدەدنەوە، کەسـانێکن کەخۆیـان لەو نیشـتمانە بیمـارەدا، دنیایەک خەونیـان لە گـۆڕنراوە، چـۆن دەتـوانن لە خەونـی مـن تێبگەن، ئەوان هێشتا لە خەونەکانی خۆیان تێنەگەیشتوون، نازانن خەون بە چیـیەوە دەبیـنن، بـۆ خەون دەبیـنن، دەبـێ ئەو گەلحۆیـانە.... سـەیرێکی یـارانی کـرد، وەک ئەوەی داوای لێبـووردنی لێبکـات و گـوتی: ببـوورە کە ئەو وشـەیەش بەکاردەهێنم، بەڵام بەڕاستی ئەو خەونزانانە گەلحۆن.

# ڕ

دەمێ بوو لێم بووبووە مەراق، بزانم خەون چییە؟ هۆشم بە جارێک بەو خولیایە داغ ببوو. خۆزگەم دەخواست لێی تێبگەم، بەس داخەکەم تێی نەدەگەیشتم.

چەندی تێدەفکریم و لێی ورد دەبوومەوە لەناو کتێب و گفتوگۆی نێوان برادەرە خوێندەوارەکانم، بە کچ و کوڕیانەوە، هێشتا سەرەداوێکی وا دروستم دەست نەکەوت کە تێبگەم خەون چییە؟ پرسیارم لە ئەموو ئەو دەکرد، وەڵامەکانیان هیچی بە دڵی من نەبوو. بە کورتییەکەی دڵم پێیان ئاوی نەدەخواردەوە، تێنوێتیان نەدەشکاندم. مەراق مبوو ئەو خەونەی کەمن دەیبینم، یەکێک هەبێت بێ غەل و غەش بۆم لێک بداتەوە، لێکدانەوەیەکی ئاوها کە قەناعەتم پێبیێت و دۆڕدۆنگ نەبم.

زۆر جاران لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت: کتێبی زۆر دەخوێنمەوە و باشیش لەو دنیایە حاڵیم، ئاشنای بۆچوونەکانی زۆرێک لە زانایان و خەونزانیشم. ئەی بۆچی سەرم لەو خەونەی خۆم دەرناچێت. دەڵێن کەسی خەونبین نابێت خۆی خەونی

خـۆی لێـک بـداتەوە، لێکـدانەوەی خەون کەســی پســپۆڕ و شارەزای دەوێت.

ئـاخر مـن چ خەونزانـی کـورد نەمـایە لە دەرگـای نەدەم، قەناعەتم بە هیچیان نایەت.

چ عەیب و شەرمەزارییەکە؟!

ڕازی دڵیخـۆم بەوە دەدایەوە، خەونێـک نەتوانێـت مانـایەکی ئەوەی خۆم دەمەوێت نەدا بەدەستەوە، کەوایە هـیچ. زۆرێـک لە هاوڕێکـانم بە منیـان دەگـوت: شـێت. دیـاربوو ڕۆژگـار بـۆی سەلماندبوون، تەنها شێتەکان بۆ هەمیشە لە گوماندا دەژین!. جگە لەوە، شێتەکان دژوارانە بیردەکەنەوە. بیستبووم، ناسینەوەی شـێت ئاسـانە، هەر لە ڕوانـین و دەرپەڕینـی برژانگیـان ڕا دیـارە شـێتە!. داخەکەم، منــیش لەو جۆرانەبــووم. وەبیــرمە بە منــداڵی ئەگەر برژانگت قیتبوایە و ئەبـرۆت بەلایەکـدا هەڵسـوڕابایە دەیـانگوت: منــداڵەکە ترســاوەودەبێ بیــبەین بــۆ لای فــڵانەکەس و گەزەی لێبدەن. دایکم دەیگوت: گیانێکت بەو گەزانە مابوو!

سەروڕوخسـارێکی زۆر نـاحەزم هەبـوو، کـت و مـت شـێت بووم، زۆر لەو شێتانە دەچووم کە دایکیان چاوەڕێیانە ئێوارە زوو بگەڕێتەوە ماڵەوە و تیکێـک نـان بخـوات و لەسـەرماو گەرمـای دەرەوە بە دوور بێت، من دایکێکم نەبـوو ئەو نـازەم هەڵگرێـت، شێتێک بووم، خۆم هەمـوو کەسـی خـۆم بـووم. بە تەنیـا بەسـەر

شـــەقامەکاندا پیاســـەم دەکـــرد، هەر تەنهـــا خـــۆم، بەدوو قـــاچی تەواوەک ماندوو، بە ڕۆحێکی بیمـار و جەسـتەیەکی شـکاوەوە، ڕووبەڕووی خەونەکانی خۆم دەبمەوە. خەڵکـی دەیـانگوت: هەر بە منـــداڵیش نەگـــبەت بـــووی، بێبەختـــی منـــیش ئەوە بـــوو، برادەرەکانم هەموویان سۆر و سپی و کەشخە و سـپۆرت بـوون. منیش چاو زەقێکی ڕەشتاڵە و کەپـوو زڵـی سـەرگەورەی نـاحەز دیاربووم. بەو حاڵەمەوە، لە شاتکە شێت نەبایە، لە هـیچ شـتەکی دیـــکە نەدەچـــووم. دایـــک و ژنـــی برادەرەکـــانم، لەچـــاو و هەڵسوکەوتی پیاو و کەس و کاریان ڕا پێدەچوو، زۆر کەیفیـان بە مـن نەدەهـات. کاتێـک دەچـوومە ماڵیـان، قەپۆزیـان دەدایە باریەک. بۆ نموونە خوشکی یەکێـک لە هاوڕێکـانم، بێـوەژنیش بـوو، کە هەمیشـە لێـوی وشـکی بە سـەری زمـانی تەڕ دەکـرد، جارێکیان هەر ڕووبەڕوو، پێیگـوتم: ئەو خەونـانەی تـۆ دەیبینـی، خەونی شێتانە.

شێتە ، شێتە ئیدی بە قوونم وەنووسا.

سـەیرەکە لەوەدایە، چـاوی خەڵـکەکە بەس لەسـەر منبـوو، هەرچەندە خەڵکی وەک من لەو شارەدا زۆر زۆرە کە بەدەست خەونەکانیان گیریـان خـواردووە، خەون بە ژیـانێکی باشـتر و بە ئازادی و دنیایەکی کراوەتر دەبینن، منیش وەک یارانم لێهاتبوو، هـــاتمە ســـەر ئەو بـــاوەڕەی کەوا دەبـــێ خەونەکەم بـــۆ هەمـــوو کەسێک بگێـڕمەوە، هەرچـی باسـمدەکات بـا بکـات، کەنـاڵ و ڕۆژنامەکـان چ دەنووسـن و دەڵـێن ئـازادن، ئیـدی مـن هەر ئەو

کەسەی جارانم. باکم بەوە نەما ئیدی کێ دەزانێ و کێ نازانێ، یان چۆنی لێکدەدەنەوە، گرنگ ئەوەیە کەمن خاوەنی خەونی خۆمم و خۆشم دەزانم کەوا چۆن مامەڵە لەگەڵ خەونەکەمدا دەکەم. لە پاشان ئەوەندەم بۆ ئەو و ئەم دەگێڕایەوە، کە چیم لە خەوندا بینیوە، لێم بێزاربوون. دەمویست تێبگەم کە ئەو خەونە چییە کە من دەیبینم، هەموو شەوێک یەکجۆر خەون.

ئاخر گاڵتە نییە!

(ئێوارەیەکی درەنگ، بەرپرسێکی حزبی بەگاڵتە و پێکەنینەوە دەیگوت: ئەوانە شایان بە گووخواردنن، نەک خەونبینین. بەو قسەیە هێجگار پەستبووم، لە ترسی براکانم نەبایە کە پێشمەرگەبوون، دەترسام ڕاپۆرتم لێبدات و بە گرتنم بدات و کێشە بۆ ئەوانیش دروست بکات، ئەگینا زمانیم دەخستەوە کۆشی دایکی، تا جارێکی دیکە جورئەت نەکات دەم هەڵبڕێت).

شێت، شێت چەند بە دەمیانەوە خۆشبوو!

هەر ناوی منیش بەدە، گۆشتخۆر زۆر و ناوی گورگیش هەمیشە لەسەر زارانە.

چارەنووسی من کەوتبووە دۆخێکی تەواو دژوارەو، دەبووا بیسەلمێنم کە شێت نیم، بەڵکو گیرۆدەی دەستی خەونم. ئەویندارێکی بێمورادم، شەیداو وێڵی مانای خەونەکانمم.

بەر لەوەی دەستگیر بکـرێم، بڕیارمـدا سـەردانی یەکێـک لە خەونــزانە بەناوبانگەکــانی وڵات بــکەم کە تــازە لە خۆرئــاوا گەڕابــۆوە و لەو بــوارەدا بڕوانــامە و پســپۆڕی هەبــوو، لەو سـەردانەمدا یـارانم لەگەڵـدا نەبـوو، وەکخـۆی خەونەکەم بـۆ گێڕایەوە، پێـنج تەرم لە پێـنج نـاوچەی جیـاواز لە پێـنج گـۆڕدا، ڕووت ، ڕووت بۆ لام دەهاتن.

بەمـن ڕا نـۆ کەسـی دیـکە، لای خەونـزان دانیشـتبوون. ژنە لەچک لەسەرێک لە پێشی پێشـەوە دانیشـتبوو، دەتگـوت هێشـتا لەناو خەوەکەیدایە، هێندە پەشۆکاو دیاربوو گـوتی: لە خەونمـدا بەرازێک پەلامـاری دەدام، چـوار سـەگیش گازیـان لە بەرازەکە دەگرت. ئەوە مانای چییە؟!

خەونزان: بەرازەکە بێدینێکە، هەوڵ دەدات لە خـودا دوورت بخاتەوە، سەگەکانیش پاسەوانیت لێدەکەن.

ژنە لەچـک لەسـەرەکە دە هەزار دینـاری خسـتە بەردەمـی و ڕۆیشت. دووەم و سێیەم و چوارەمیش خەونەکەیـان گێـڕایەوە و ڕۆیشــتن. ئەوەی پێــنجەم کــوڕە گەنجێکــی قــژ زەردی زۆر کۆمێـدی دیـاربوو، بە گاڵتەجـارییەوە خەونەکەی بـۆ خەونـزان دەگێڕایەوە. خەونی بە مشک بینیبـوو، سـەرجەفی قەرەوێـڵەکەی خواردبوو. دیاربوو دۆستەکەی گوشـاری خستۆتەسـەر، تـا زووە لێکدانەوە بۆ خەونەکەی بکات کە دەترسـا تـا هەتـایە بـۆ یەک نەبــن. ئەمــیش ڕۆیشــت. دوایــن کەس مــن بــووم، خەونەکەم

وەکخۆی بۆ خەونزان گێڕایەوە.

پێنج تەرم لە پێنج شوێنی جیاواز لە پێنج گۆڕدا، ڕووت ، ڕووت بۆ لامدەهاتن.

گوتی: بینینی تەرم لە خەودا، دژواریی و ناخۆشی بۆ کەسەکە دەهێنێت. هەر کەسێک هەمیشە خەون بە مردوو یان گۆڕستان ببینێت، بە واتای ئەوە دێت ئەو کەسە سیحری لێکراوە.

لەڕاستیدا لێکدانەوەی خەونزان بۆ خەونەکەم، تێکەڵ و پێکەڵ دیاربوو. هەرچەند خەونزان گەیشتبووە هەر دەرئەنجامێک کە ئەو خەونەی من چەند نیشانە و ئاماژەیەکی تێدایە، بە تایبەت بۆ باوکم کە بە گوێرەی لێکدانەوەی خەونزان بێت، تەمەنی درێژ دەبێت! لەکاتێکدا دەمێکە باوکم وەفاتی کردووە؟! مانای بێ جلی و بەرگ و ڕووتی کەسەکانیش، وەک ئەوەی لە خەوننامەدا هاتووە گوتی: (ڕۆڵی پاکبوونەوە و پاقژی دەگەیەنێت)، یانی بە کورتی و پوختی، خەونزان پێیڕاگەیاندم کەئەو خەونەی من کە پێنج تەرم لە پێنج مەملەکەتی جیاواز لە پێنج گۆڕدا، ڕووت ڕووت بۆ لام دەهاتن، لە ناخۆشی زیاتر هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت. لێتان نەشێرمەوە، من هیچ باوەڕێکم بەو لێکدانەوەیەی خەونزان نەکرد، ئەمەش وانەبێت کە من زۆر باوەڕم بە خەون لێکدانەوە هەیە، بۆیە ئەوها پەرۆشم. بە

سروشـــت حەزم بەو جـۆرە بابەتــانە نەبــوو، بەس ئەوەی مـــن خەونێکی سەیر و سـەمەرەیە. ئـاخر هەمـوو شـەوێک وەکخـۆی هەمان شت ببینیەوە، بۆ مـاوەی دوو سـاڵ. ئایـا کەس بـڕوا بەوە دەهێنێــت کە ئەوە خەونە، بـۆیە مەراقمبــوو بــزانم ئەوە چیــیە؟. بیهێننە بەرچاوی خۆتان، ئێوەش بۆ ماوەی دوو ساڵان، یەکجـۆر خەون ببین، ئایا دواجار وەکو من ڕەفتار ناکەن؟!.

خەڵکــی خەونــی ڕەنگــاو ڕەنــگ دەبیــنن، بەس مــن تەنهــا یەکـخەون دەبیـنم، پێـنج تەرم لە پێـنج خـاکی جیـادا لە پێـنج گۆڕدا، ڕووت ڕووت بۆ لام دەهاتن.

ئەو چیـــــڕۆکەم قەد بیرنـــــاچێتەوە کە لە یەکێــــک لەو پەرتووکانەی کە لە گەشتەکەمدا بۆ بەیـروت کـڕیم. دەگێـڕنەوە کەسێکی بە تەمەن هەمیشە لە دووری شار دەمـایەوە و شـەوێک ئـاگرێکی کـردەوە، لەگەڵ لـوورە لـووری سـەگ و ڕێـوی و چەقەل کەوتە خەیـاڵ، نـزیکەی نیــو کــاتژمێر مــانەوەی لەنێــو خەیاڵەکانیـدا تێپەڕی کـرد، ڕاوچییـەک بە خۆشـحاڵیەوە لەگەڵ چەنـــد دانە سەپســـێنکەیەکی ســـەربڕاو بەرە و لای دەهـــات. چاوەکانی ئاگری لێدەباری و سـڵاوێکی کـرد و کەروێشـک و چەکەکەی دانا و لەبەردەم ئاگرەکە دانیشت، بە جۆرێک وەکـو ئەوەی چەندان سـاڵە یەکتـر دەناسـن. دەسـتەکانی بەکراوەیـی لە بەرامـبەر ئـاگرەکە ڕاگـرت و گـوتی: ئـافەرین کـوڕی شـاری! سەیرە ئەو ئاگرە جوان و بەبڵێسەت کـردووەتەوە، بەڵام مـن بەو

شـــێوەیە گەرم نـــابمەوە، هەڵســـە بـــا بەرەومـــاڵەوە بـــڕۆین. بەسەرسـوڕمانەوە بەرسـڤی دایەوە گـوتی: بـۆچی بـڕۆینەوە، خـۆ ئاگرەکەمـان گەرمە؟ لەوەڵامـدا ڕاوچیـیەکە گـوتی: پێکەنینـی گەرمی منـداڵەکانم کەلەکـاتی بینینـی ئەو کەروێشـکانە، لەسـەر لێوەکانیان دەنیشێت. زیـاتر گەرمـم دەکـاتەوە، نەک ئەو ئـاگرە. ئیدی باشترە بڕۆین، چـونکە زۆر سـەرمامە، هەروەهـا گوتیشـی: شـــکور بـــۆ خـــودای جوانکـــار، ئەمجـــارەش بەدەســـت واڵای نەیگەڕاندمەوە.

کـابرای دێـوانە و دوورە شـار، لە ڕێگـادا پرسـیاری ئەوەی لێکـرد کەوا چـۆن ئەو هەمـوو کـاتژمێرە بەو سـەرمایە ئارامـت گرتـووە و گـوتی: پـێش هەمـوو شـتێک ئەو کـارەم زۆر زۆر خۆشدەوێت، کارەکەم وەک وزەیەکی تایبەتە، هەسـت و هێـزم پێـدەدات، پاشـان ڕاوچـی گەر ئـارەزوویەکی لەخـۆ بـوردانەو دەروونێکی ئارامی نەبێت، بە برسییەتی دەمێنێـتەوە. دەبـێ هێنـدە ئەو کارە دووبارە بکەیتەوە، تا لات دەبێ بە خوو.

مانا و ئاماژەکانی نێو ئەو چیرۆکە بۆ منـیش هەر وایە، دەبـوا گرنگیەکی زۆر بە تێگەیشـتن لە خەونەکەم بـدەم و بە عیشـقەوە ڕووبەڕووی خەونەکەم بـــــبمەوە. ئـــــارەزووی گەیشـــــتن بە لێکدانەوەکەیم هێندە بەرز بێت، تا دەروونـم لەسـەر ئەو ئـارامیە ڕادێت. خوداوەند زۆر شـتی لە هەنـاوی مرۆڤـدا ڕوانـدوە، بـۆیە ڕۆحـی پـڕ لە هێـزی مرۆڤەکـانی تـێکەڵ بە سروشـت کـردووە،

ڕێژەی خۆڕاگری ئێمە زۆر باڵایە کە ناتوانین باوەڕی پێبکەین، ئاساییە ترسمان لە بەرەنگاری شتەکان هەبێت، بەس نەبێتە هۆی سست کردنی هەنگاوەکانت، مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە سبەی بڕوانێت، هەنگاوەکان درێژە پێبدەن و دەستیان لێهەڵنەگرن، خۆتان دەزانن دیاری بەکەسێک دەدرێت کە تا کۆتایی دەست لە ململانێکە هەڵناگرێت. خوداوەند بۆ هەر باڵندەیەک دەنوکێکی ئەفراندووە، جا ئەگەر ئەو کێڵگەیە نەبوو، ئەوە کێڵگەیەکی دیکە. بوونی دەنوکێ پێویستییە، بەڵام نا ئومێدی بێمانایە.

ئێمە بۆ ئەنجامدانی بچووکترین کارەکانی ژیانمان بیردەکەینەوە، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێک لە ئێمە لە شێوەی ئەنجامدانی کۆمەڵێک لە کارەکانی پەنا بۆ زۆر شت بەرێت، تا بە هۆیەوە بیربکاتەوە. زۆر کاتیش لەسەر هەستی ماندووبوون و بێتاقەتی و بێزاریمان، ڕوانگەی خراپمان بۆ دروست بێ، یان ڕستەی خراپ بەسەر زمانماندا دەهێنین. ئەو وشانە لایەنگری هۆشیاریمان ناکەن و بە شێوەیەکی نا تەندروست کاریگەری لەسەر ناخمان دادەنێن. لێرەوە وەک کەسێکی نەرێنی دەکەوینە بەرچاو، دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی نەرێنی، واتا بەرتەسکردنەوەی شەقامی ئەندێشە. ئیقبال تا دەهات زیاتر لەوە دڵنیا دەبوویەوە کە بەبێ بیرکردنەوە و ڕۆچوون لە مانای خەونەکەی، ناگات بە هیچ. بیرکردنەوە ئەندێشەی مرۆڤ فراوان

دەکات و بەرچاوت ڕۆشن دەکاتەوە، تا بتوانیت لە خەونەکانـت بگەی.

# س

خەون چیـــیە؟ ئەوە ئەو پرســـیارەیە کەهەمیشـــە لە خـــۆمم کـردووە و ویـڵ بـووم بەدوای وەڵامەکەیـدا، تەنـانەت یـارانی هاوڕێشـــم بەردەوام ئەو پرســـیارەی لێـــدەکردم. ڕۆژێـــک گفتوگۆیەکی گەرممان لەبارەی خەونەوەکرد، ئاخۆ خەون یـانی چی؟ بەڕاستی سروشتی من وایە بـۆ قسـەکانم هەمیشـە پشـت بە کتێـب و سـەرچاوە دەبەسـتم، بەڵام یـاران، پـێچەوانەی مـن کەمتـرین کتێـب دەخـوێنێتەوە و باشـترین قسـەش دەکـات، جاریوایە وتەی زۆر تایبەت دەڵێت، تێگەیشتنی لە بارەی بـاس و خواسی ژیان و ئەدەب و هونەر و فکر و کتێـب، هێنـدە قـووڵە، ئیدی دەکەویە گومان کە ئەو کوڕە چۆن زۆر بە کەمـی کتێـب دەخـــوێنێتەوە و بەو جـــۆرەش شـــارەزایی لەو شـــتانەدا هەیە. ئەمـــڕۆکەش لەگەڵیـــدا کەوتـــمە هەمـــان دۆخەوە، لەکـــاتی گفتوگۆکردندا، لێکدانەوەی جوانی لەسەر خەون دەردەبـڕی کە بەلای مـنەوە جـوان بـوو، دەیگـوت: خەون ئەو دەنـگەیە کە لەدوورەوە دێ و نەرم نەرم پەردەی دڵـت ئەلاوێنێـتەوە و تـاری ڕۆحـت ئەلەرێنیـتەوە، گـوتم: چـۆن. بە جۆرێـک درێـژەی بە قسەکانیدا، مـرۆڤ هەر حەزی دەکـرت گـوێی لێبگـرێ. یـاران

زۆر بەکەمــی دەکەوتە نێــو ئەو حــاڵەتەوە، بەڵام کە گەرمبــوو ئیدی لێیگەڕێ با قسە بکات، چونکە شتی جوان دەڵێـت و بـۆیە گــوتی: خەون ئەو بــۆنە خۆشــەییە کە لە پریسـکەی نەسـیمەوە ئەپێچرێ و لەبەر هەناسـەت ئەکـرێتەوە. بێئەوە بیزانـی ڕۆژێـک هەڵدەســـتی و کە ئەڕوانـــی خۆرهەتـــاوە، هەر وەک ڕۆژان لە خۆرهەڵاتەوە سەری هەڵداوە، وێنەی تازە بـووکێکی شـەرمن و ڕووسوور بە کراسـی خـارای زەردەوە لەنـجەو لار ئەکـا. مەلـی هەڵەشە و تیژباڵ بەبەر پەنجەرەی هۆدەکە تا هەڵئەفـڕن وچەشـنی دوێردێکی تیژ ئەتڵەسی شین هەوا ئەبڕن. خەون تۆمـار بە تۆمـار بـۆنی خۆشـی هیـوا و لاوی بەسـەرتا ئەپژێنـێ و تـۆ بە هەمـوو بــڕواتەوە یەکــتەوە کە خســتووتە نــاو چوارچێــوەی ئــاڵتونی زەردەخەنەیەکەوە، بەخۆت دەڵێی ( خەون چەند شیرینە، چەنـدە دڵئاوا و بەدەهەندە).

هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە، خەونەکانیشـت وەک دنیـای دەرەوەت بـێ. لەوە ترسـناکتر ئەوەیە کە کەسـێک نەدۆزیـتەوە، خەونەکانت لەگەڵدا بەش بکات، یان خۆشـت بوێـت و خۆشـی بووێـت. ئەو چـرکە سـاتە لە جەنگەڵسـتانێک دەچـێ کە هـیچ دەروازەیەکـی تیـانەبێ کەبـۆی دەرچـی. خـودی دۆزەخ هـیچ مانایەکی نییە، جگە لەوەی دەم و چاوێک نادۆزیتەوە تاسۆزێک بۆ یەک هەڵڕێژن، یان بەهۆی ئاکارمانەوە، ڕوومان بێت سـەیری یەکتــری بکەیــن. دۆزەخ هێنــدە ڕاکــردنە لە جــوانی، هێنــدە باوەشـکردن نیـیە بە چـارەنووس. ئـاقیبەتی مـرۆڤ، گەیشـتنە بە لوتکەی شادی، بەس چیبکەم مرۆڤ بە دەستی خۆی، دۆزەخی

بــۆ ژیــانی خولّقانــدووە. ئیــدی لەوە زیــاتر مــرۆڤ بەرگەی ئازارەکـانی خـۆی ناگرێـت و هەمیشـە دەنگـی هەڵبڕیـوە، وتەی خەریکە (بێ ژیانی دەمانکوژێ) دەبێ چ ئازارێکی بەسوێ بێت. خنکێـنەری هەمـوو جـوانیەک، دواجـار خـودی مـرۆڤ بـێ. لەوەتەی هەیـن بە دوای جۆرێـک لە جـوانی دەگەڕێـن کە قەد نــایگەینێ. هەر ئەوەشــە وای لێکــردووین، لەنێــو ئەو دۆزەخە بڵێسەدارەی ژیان، هەر لەنێو ژیانماندا خەون بە بەهەشـت ببینـین. چ نەگبەتیەکە ئەو خەونە، لە دوای هەموو خەونێکەوە نەریتێکـی مـرۆڤ خنکێـنەر، مەرگدۆسـت دەپشـکوێ. لەودیـوی گشـت کردەوەیەکی نا ڕەسەن، تـوێژێکی داتەپیـوی تاریـک بـین هەیە. زۆرن ئەو مرۆیـانەی کەبەهـۆی خەونەکانیـانەوە، ئەشـکەنجەی دەروونــی دراون. بگــرە بە مەرگــی خۆشـیان کۆتـایی هـاتووە، چونکە گەڕان و لێپرسینەوەی خەون، جۆرێک لە تاوانبـارکردنی مـرۆڤ بەوەی بە دیـوێکی دیـکە ژیـان دەبینێـت. لەو دۆزەخە، ئاسان نییە خەون بە فۆڕمێکی جیاوازتر لەوەی هەیە ببینـی، بـۆیە نێرانیەکی شەرمهێن و ترسێنەر زەمینەی خۆشکردووە کە هەمیشە جۆرێک لە نکۆڵیکردن هەبێت بۆ جیهانێکی باشـتر لەوەی هەیە. ئەمەش بۆ ئەوەیە تا بڵـێن ئـێمە تەنهـا خەون دەبینـین، خەونێکـی یەک ڕەنگی کەتەنیا یەکجـۆر وێـنەی دووبـارە بـووەوە نمـایش دەکات. ئاخر پێداگری لەسەر خەونەکەم بوێری و ئازایەتییەکی زۆرتری دەوێـت لەوەی کە مەزەنـدە دەکـرێ. ئاکـامەکەی بەوە دەگات، دواجـار بـووینەتە سـەرچاوەی خەمبـارکردن و دۆڕانـی کەسانی دیکە.

دەبێ چ نهێنییەک لەو شتەدا بێ، بۆ هەمیشە ناچارین ڕیسک بە گیـانی خۆمـان بکەیـن، لەپێنـاو ژیانێکـدا کە خەونـی پێـوە دەبینین، هەمووومان وابەستەی ئەو خەونەین. لەڕواڵەتدا سەرکێشی ڕۆحێکی خەمگینی ناوێ، خوازیاری دەروونێکە جەربەزەبێ. خۆ نقووم کردنە بۆ نێو دەریا، کەسی مەلەوانزانی دەوێ، ئەو جـۆرە سەرکێشییە دەربازبوونە، نەک گەمەی خۆ وێرانکـردن. بێخەونـی وەک ئەوە وایە کەبەر لەوەی ســەر شــاخێکی بەرز کەوی، بە بەرزی و سـەختیەکەی فریـو بخۆیـت، لەوەش سـامناکتر ئەوەیە، بێـئەوەی تێبگەیـت کە بـۆچی هەنگـاو دەنـێن، گـوێرانە سـەر شـاخەکە بـکەوی. ئـارەزووی مـرۆڤ وایە، کاتێـک ڕووبـار و دەریاچە و گۆمێک دەبینێـت، وەک ئەوەی بانگمـان بکـات بـۆ مەلەکردن، بەو جۆرە دڵخۆش دەبـین. هەمیشـە کەسـێکی دڵگیـر هەیە دنەمان دەدات تـا ببـین بە دۆسـتی، ڕازو نیـازی دڵمـان بـۆ یەک هەڵڕێژین. ئەمـانە ئەو خەونـانەن کەلەنێـو دنیـای کوردیـدا ئاکامەکەی، مرۆڤ دەباتەوە دۆخی بێدەنگی.

بەڵام ئێستا دڵخۆشی خۆم لەوەدا بینیەوە، ئیدی خەوەکەم بوو بەڕاست.

ڕۆژێکی دیـکە بـووەوە، کـات هێشـتا بەسـەر پشـتی سـەحەر ڕانەکشابوو، لەنیوە ڕەنگی نوقرەیی سپێدەدا، ئیقبال چووبووە نـاو قوڵایی خەوەوە و خەوی دەبینی، لە دامێنـی ژیـانەوە، تاریـک و ڕوونـی بەیـان، خەریـک بـوو زەنگـی کۆتـایی شـەوی لێـدەدا. درەختی هەرمـێ و ئابـانوس، هێشـتا تـارای ڕەشیان فڕێنەدابـوو.

بێدەنگیەکی تەواو ئارام، هەتا کەڵەشێریش نەیخوێندبوو.

وا خۆر بە ژاوە ژاوە سروشتیەکەیەوە، تیشکە ڕەنگاڵەیەکەی کە پێمخۆشبێ یان ناخۆش، تروسکایەکەی دەگاتە ناخمەوە. هەست دەکەم ئابلۆقەم دەدات. لەو چرکەیەدا، قێزم لەو ڕەفتارە فزوڵیەی خۆر دەبێتەوە. دەمەوێت لە تاریکیدا، هەر لەنێو جێگە و بەدیار خەونەکەمەوە گرمۆڵە بم. نیگەرانم سەرگوزەشتەی دەرکەوتنی نێوانمان بە بەربوونەوەی هەتاو بۆ باوەشی زەوی، شریتی سۆزداریمان بسوتێنێت، لەبەر ئەوە دواجار ئێوەش یارانی نێو خەونەکانمن، لەژێر هەنسکی دەوارێکی تازەوە سەوزبوون. ئێوە بۆ من ڕەواییەکی درەوشاوەن، دەشبێ دوای داخستنی سەرجەم دەرگاکان و داخستنی پەنجەرەی ژوورەکەم، لەبارەی یەکترەوە قسە بکەین.

ئۆی.... لەو ریکەوتە، بە جارێکی دیکەی گەڕانەوەتان بۆ ناو خەونەکانم، بەختەوەرم. دوێنێ بەشێک لەو شتانەم لەبیری خۆمدا ڕەش کردەوە کە پێیان دەگوتم: نامۆ.

دەزانم.!

دەزانن کە ڕقتان لە شتە زۆر چڕ و پوختەکان دەبێتەوە و هەندێکیش خۆ بەزلزانن، لە کۆتایدا ئەوەی پێتان باش نەبێت و بیرکردنەوەی خۆتان نەبێ، هیچی دیکەتان قبوڵ نییە.

هەرکاتێک دەتانبینم بەڕاستی دڵخۆش و شادم دەکات،

زۆربەی کاتەکـان بەهـۆی ئەو دیـدارانەوە، پەنـدوو ئامۆژگـاری زۆرم چنگ دەکەویـت، بە جۆریـک زەردەخەنە دەتـانگرێ کە دەنگەژێیەکانی دەنگدانەوەی دەنگی ( دڵخۆشی لە دڵـی مـرۆڤ هەڵدەڕێژێ) جارێگ گوتم: بۆچی بەمجـۆرە شاگەشـکە بـوون، پێـدەکەنن. لە وەڵامـدا گـوێم لە دەنگێـک بـوو گـوتی: ئـازیزم پێکەنین دەبێت لە ناخی مرۆڤ بێتە دەرەوە، هەرچی لە ناویـدایە بڕژێـت. مرۆڤـی چـالاک و ئاینـدە دۆسـت، ژیـان بە سـەختی وەرنـاگرێ، بەڵام بە سـەختی هەوڵـی بـۆ دەدات. هەمـوو هەڵبژاردنەکـانی مـرۆڤ وایە، ئایـا بەڕاسـتی خەونەکانمـان لە دەستی ئێمەدایە؟ ئاخۆ دەکرێ هەمیشە ئەو جـۆرە خەونە ببینـین، کە خۆمان دەمانەوێت. ئاسان نییە ژیانمان سەت دەرسەتی وەکـو خەونەکانمـان بـێ. ئایـا ئـێمە لەنێـو خەیـاڵ و خەونەکانمانـدا هەڵبژاردنێکـی تەواو سـنووردارمان هەیە، یـان لە ڕاسـتی و ڕووداوەکانی ژیانـدا مەحکـومین بەو سنوورە؟ خەون و خەیـاڵ سـنووری نیـیە، وابەسـتە نیـیە بە هـیچ ئایـدیا و فەلسـەفەیەکەوە، پەیوەندی بە سروشتی کەسـەکەوە هەیە. ئەمە وەک هەڵبژاردنـی هـاوڕێ نیـیە کە چۆنمـان بـوێ، بەو جـۆرە بێـت، چـونکە هاوڕێکانمان زۆربەیان بە شێوەی ڕێکەوت، یان بە سەرنجدان لە هەلـومەرجی ژیـنگە هەڵبـژاردووە، بـۆیە زۆربەی کـات بەبـێ بیرکردنەوە، بە هاتنە ناوەوەی ئەوان ڕازی دەبین. بیرتـان نەچـێ، ڕەنگە ئێمە لە هەڵبژاردن سنووردار بین، بەڵام لە هەڵبژاردنیان، لە رووی ڕێژییەوە ئازادین. هەڵبەتە نیازی سۆزداری و هەلـومەرجی ژینگە، کاتێک دەبنە هۆی ئەوەی کەسـێکی نەشـیاو بەناونیشـانی

هاوڕێ پەسند بکەین، بەڵام خۆ دەبێ یاسایەک بۆ هاتنی ئەوان بۆ ناو ژیانمان دابنێین. ئەگینا لەوانەیە بە ئەنجامدانی، زیانێک بکەین و قەرەبووکردنەوەی ئاسان نەبێت. لە دنیای خەون و خەیاڵەکانمان بەری ئەو شتانە ناکەوین، هاوڕێ ناو خەونەکانمان جودان، هیچ یاسایەک ڕێکمان ناخات، ئەوان بێپرس دێنە ناو خەونەکان و بێڕەزامەندی ئێمەش دەچنە دەرەوە. بەڕاستی من لەوەشدا پێچەوانەی هەموو کەسێک خەون دەبینم، خەونی من یەکجۆرە، کارەکتەر و پاڵەوانەکانی دووبارەن، پێنج تەرم لە پێنج گۆڕ و شوێنی جیاوازو ڕووت ڕووت بەرەو لام دێن.

# ت

سەرەتا لەڕووم نەدەهات خەونەکەم بگێڕمەوە، نەک لەبەر ئەوەی خەونەکەی من بێمانایە، بۆیە شەرم لە باسکردنی دەکەم، بەڵکو پەیوەندی بە خەونچکۆکەی خەڵکەوە هەبوو کە هێندە خەونەکانیان کرچ و کاڵ بوو، پیاو ڕووی نەدەهات هەر باسی خەونیش بکات؟ بەڵام دوایی کە زانیم هۆکاری خەونی ئەوان بەدەوری دیاردە پووچەکانی حزب دەسووڕێتەوە، ئینجا زمانم کرایەوە و خەونە یەکجۆریەکەم لە نووکەوە بۆ گێڕانەوە. ڕاستیەکەی وردوو درشتی ئەو شتانەی بە نەمری لای خۆت پاراستووتە و پێتوایە گرینگن و شایەن بەوەن لە پێناویدا هەناسە بدەیت، نابێ سڵ لە هیچ شتێک بکەیتەوە، بەڵام لە دووری ئەو شتانەوە ئەوە ئەو کاتەی بە دوو دەستی بەتاڵ لەو سەری ژیانەوە بەدیار دەکەویەوە، بۆت دەردەکەوێ کەخەونەکانیان هیچن و قاقایان بۆ لێدەدەی. ئەوەی باش لە خراپ جیادەکاتەوە، بزەیەکە بەسەری لێوتەوە. هەرچەند هیچ لەبار دانە بوەکانیش جار نا جارێ پێدەکەنن، بەڵام پێکەنینەکەیان دەسکردەو لەدڵدا گریان و فیغانیانە. من خۆم کاتێک کەوتمە نێو ئەو خەونەوە، ئینجا زانیم لە هەموو ژیانمدا بەو شێوەیە پێنەکەنیوم. ڕاستتر بێژم،

گاڵتەم بەو شتانە نەهاتووە کە مرۆڤ دەریبڕیوە، بەس ئەو جارە نەمتوانی لەوە زیاتر ئارام بگرم، بۆیە هێندەی شارێک بە خەونەکانیان پێکەنیم. ئاخر ئێوەش لە جێگەی من بوونایە، دەنگی قاقاکانتان ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت. دەهاتنە ئەو باوەڕەی کەوا خەونی ئەوان شایەن بەوەن تا قاقایان بۆ لێبدرێ.

ئیقبال تا لەنێو شاردا مابوو، نەیتوانی بەسەرهاتی هیچ کام لەو خەونانە لەبیر بکات کەبۆیان گێڕابووەوە. ئەوەی لە بەرسەرهاتەکاندا ئیقبالی هەژاندبوو، هەژاری و کلۆڵی، یان تێنەگەیشتنی دایکان و باوکان و ئازاردانی کچان و کوڕەکانیان و ڕێگرتن لە چوونە دەرەوەیان بە فیتی کۆنخوازەکان بوو، یاخود گوشاری پیاوە دڵپیسەکان بۆ سەر ژنەکانیان هێندەی دیکە زامی دەخستە ڕۆحی ئیقبال، بەڵکو لەوە زیاتر ئەوەی ترسی خستبووە دەروونی ئیقبالەوە و سەرسامی کردبوو. ئەوە بوو کە دیاردەی کوشتنی خەون، لەناکاو بێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت و بێ ڕێورەسم خۆی بە ژیانی ڕۆژانەدا دەکرد. بۆ نموونە کچێک کە خەونی بە کەسێکەوە دەبینێ تا شووی پێبکات، دەبینین لەولاوە بێدڵخوازی خۆی دەدرێ بە کەسێک کە هیچ سۆزێک کۆیان ناکاتەوە، یان تەمەن و زەوق و سەلیقەیان زۆر لێک جیاوازە، لە پاشان دەبینین کچەکە خۆی دەکوژێت و واش بڵاودەکرێتەوە کە بە هۆکاری پەرەمێز و ئاگرکەوتنەوە سووتاوە. پاشان بەدەم گاڵتە و بێنە و بەردەدا، ئەو ڕووداوە لەبیر دەکرێت، یان کچانێک هێندە شەرمنن لەو

عیشـــقەی تێیـــدا دەژی، هەمیشـــە لە شـــەرمێکی بێپســـانەوەدا دەمێنێتەوە، بە بەهانەی جۆراو جۆر دەیەوێت خۆی لەنـاو ببـات. بۆ نموونە بەنیازی هێنانی شیرینی دەچێتە ژووری چێشـت لێنـان، لەوێـوە دەچێـتە حەوشـەکەوە و لە پەنـچەرەوە خـۆی بە ژووری دایک و باوکیدا دەکات و بە چەکەکەی باوکی گـوللەیەک بە خــۆیەوە دەنـــێ، بـــاوک و دایـــکەکە کە پێیـــان وابـــووە کە کچەکەیـان دڵخۆشــە و شــیرینیان بــۆ دێنــێ، دەکەون بەســەر جەستەی لە خوێندا خەڵتانبووی کچەکەیاندا و تێناگەن بۆچی لە ژووری چێشت لێنانەوە، چووەتە ژوورەکەی ئەوان و لەپای چی خـۆی کوشـتووە. کـوڕێکی تـری شـازدە سـاڵە لەسـەر ئەوەی سەیری کام کەناڵی تەلەفزیۆن بـکەن و کـۆنترۆڵی تەلەفزیـۆنەکە بەدەسـت کامیـانەوە بـێ، هەمـوو ئێوارانێـک لەگەڵ خوشـک و براکانیدا دەبێـتە هەرایـان، باوکیـان کە بـۆ جیاکردنەوەیـان دێ ، دوو زلـــلەی تونـــد لە بنـــاگوێی کـــوڕەکە دەســـرەوێنێ، دواتـــر کوڕەکە دەچێتە ژوورەکەی خـۆی و هەروەکـو ئەوەی بوتڵێـک ئـاوی کـانزایی بخـواتەوە، شوشـەیەک دەرمـانی دژە مێـرووی کشتوکاڵی بەسەر دەمیەوە دەنـێ و دوای چەنـد سـاتێک گیـان لەدەسـت دەدات. کەسـێکی دیـکە لە ئەنجـامی خۆشەویسـتییەوە شوو دەکات و ئیدی منداڵێکی دەبێت، لە لێدانی پیـاوە بێکـار و چەوسێنەرەکەی بێزار دەبێ، ڕۆژێک دوای دەمەقاڵێەکی ئاسـایی دەچێـتە چێشـتخانەکەوە و لەو دیـوەوە دەرگـا لەسـەر خـۆی دادەخـات. پیـاوەکەی بەدەم هـاوار و بـانگکردنەوە دەرگـاکە دەشکێنێ و دەبینێ ژنەکەی بە پەتێکـی هەڵواسـراو بەقـولابێکەوە

کە پێشتر ئامادەی کردووە، خۆی هەڵواسیوە و لەیەکەم هەوڵدا گیانی لەدەست داوە.

لەسەرجەم ئەم بەسەرهاتانەدا، جۆرێک لە خێرایی و نا ئومێدی کە دەروونی ئیقبالی ئەفسوناوی کردبوو، لە هاتووچۆی نێوان مەرگ و ڕەوتی ئاسایی ژیاندا بوو. قولاپی قایمکراو لە بنمیچکان و تفەنگە فیشەک لەبەرەکان و هێنانی شوشەی دەرمان لەژووره لاچەپەکانەوە بۆ ژووری نووستن ، بەڵگە بوون بۆ ئەوەی کە تۆوی نا دادی و بێئومێدی دەمێکە لەو نیشتمانەدا چەکەرەی کردووە.

سەرەتای کوشتنی خەونەکان، لە شارە گەروەکانەوە سەری هەڵدا کە دنیایەک ڕێ لێرەوە دوورە. رێژەی خەوبینینی ژنان لەسەر ئاستی جیهان سێ یان چوار بارتەقای رێژەی خەوبینینی پیاوانە، چونکە ژنان هەمیشە بۆ خەونەکانیان دەژین کە پیاو دەستی هەیە لە بەدیهاتن و سەرکوتکردنیدا، بەڵام پێچەوانەبوونەوەی ئەو ڕێژەیە لە وڵاتی ئێمەدا توێژەرێکی بواری کۆمەڵناسی سەرنجی رادەکێشێ و نووسینێک لەوبارەیەوە لە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بڵاودەکاتەوە. سەرەتا هیچ کەس و لایەنێک بایەخی پێ نادات، دوای ئەوەی ئیقبال نووسینەکە دەبینێ، ئەمیش لە ڕێگای یارانەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە نووسینێک لەسەر خەون بڵاوکراوەتەوە پێویستە ببینێ، ئیقبالیش یەکجێ ڕۆژنامەکە وەدەست دەخات و دەبێتە مایەی سەرنج بۆی. حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار، بەنهێنی چاودێری

دەرئەنجامی توێژینەوەکەیان دەکرد، بەلایانەوە سەیربوو کە چۆن ئێستا خەونی پیاوان زیاترە لە ژنان، لەکاتێکدا هەمیشە ژنان لەنێو خەون و خەیاڵەکانیاندا ژیاون، پیاوانیش زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا دەکەن کەوا ئەوەی هەیە، کەمتر گوێ لە خەون و خەیاڵەکانیان ڕادەگرن. ئەو پێچەوانەبوونەوەیە بۆ دامەزراوە نیشتمانیەکانی وڵات جێگەی بایەخبوو، بۆیە بە هەموو توانای خۆیان، چاویان دەبڕییە دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕانە. ئیدی ئیقبال کەوتە دۆخێکی جیاوازەوە، خەونە یەکجۆرەکەی خۆی بەبەشێک لەو گۆڕانە لێکدەدایەوە، پێیوابوو خەونی ئەو سەرەتایەکە بۆ ناسینی خەونەکانی دیکە. دوای ئەوەی ڕۆژنامە ئەهلیەکان هەواڵی زۆربوونی خەونی پیاوانیان بڵاوکردەوە، ڕۆژنامە ئۆرگانیەکانیش ئاوڕیان لەم دیاردەیە دایەوە و بەدوای ئەوەشدا، تەواوی خەڵک بە گرنگیەوە دەیانڕوانییە ئاکامەکەی. بە بۆچوونی هەندێک ڕاوێژکاری پەیوەندیدار بە ئاسایشی وڵات ئەو بایەخپێدان و بڵاوکردنەوەیە، زیاتر ڕەوشی وڵات ئاڵۆزتر دەکات، لە یەکێک لە دانیشتنە تایبەتیەکاندا جێگری پارێزگار بە ئیقبالی گوت: کە ژمارەی ئەو پیاوانەی خەون دەبینن، هێشتا لەچاو خەونی ژنان کەمترە، بەڵام ئێستا دەبینین ڕێژەکە پێچەوانە بووەتەوە، بۆ وێنەی تۆ وەک خۆت باسی لێوە دەکەیت ماوەیەکی زۆرە یەکجۆر خەون دەبینی، جگە لەوەش خەونی پیاوان زیاتر ڕووبەڕووی حکومەت و حزب و ئێمە بۆتەوە، گرفتەکە لێرەدایە. بە دەنگێکی بەرز گوتی: ناهێڵین ئەو ڕەوشە لەوە خراپتر بێت و شارەکەمان دەپارێزین! گوتیشی: لاری نیە

لەوەی ئیقبال ئێستا چاوی بەو کەسانە بکەوێ کە خەونیان بینیوە، تکای لە ئیقبال کرد کە لە وتوویژ لەگەڵیاندا دەست بەبەکارهێنانی وشەی خەون تەنها وەک بابەتێکی تایبەتی خۆ بە خۆیی باس بکات و هێندە کێشەکە گەورەتر مەکەنەوە. داواشی لێکرد، چیدیکە نەبێتە هۆی هاندانی خەڵک، لە هەموو کات و شوێنێکدا باسی خەونەکانیان بکەن.

# ١

هەر چەند ئەوەی ئەمڕۆکەمان لاپەڕەیەکی دیکەیە و ئینجا دەبینین لە بەردەمتان کەسێک هەیە، ڕەنگە دووروو نزیک یەکتر نەناسین، بەس کردنەوەی لاپەڕەی ژیانی یەکتری، بە تایبەت گەر ورتر لێکنزیک ببینەوە و ناو و ناونیشان و سەرگوزەشتەی هاتنی یەکتریش بۆ ئێرە بزانین، ئەوکات باشتر زەنگۆڵەی وشیاری پێش کاروانی شەوەزەنگی ئەو دنیایە لە مێشکمان دەزرینگێتەوە، بە هۆشمان دێنێتەوە. دەبێ ڕەوایی لە خۆمان وەرگرین، خۆ کەس بەدەورووو پشتمانەوە نییە، ئەگەرچی دانیپێدا دەنێم، ئێستامان ئەوەندەی پەشۆکاوی و گەڕانە بە دوای چۆنیەتی دەستپێکردنی ئەو چیرۆکە کە لە کوێوە دەست پێبکەین؟ گرفتی دیکەمان نیین، چیرۆکی هاتنی ئێوە و من چەند سەرەتایەکی هەیە. دڵنیام کە لە کۆتاییە چاوەنواڕنەکراو و گاڵتەجاڕیەکانی ڕۆژگارەوە، دەست پێدەکات کە سەیرتان دەکەم شتێک لە ڕوخساری شەکەتتان دەخوێنمەوە. پێتانوایە لە بارەی چییەوە لێکدەڕوانین! با ئەوە بکەین بە پرسیار. مرۆڤانێک کە هەر لەو دیو دەرگاوە پیاسە بەسەر ڕۆحی ئێمەدا دەکات، یان جۆرێکن لەوانەی لینگەو قووچ دەڕوانە ژیان. یاخوت لە

بــارەی ژنــانێکەوە دەدوێــن، وەخــتە بڵــێم بیریــان چــووە کە پرسیارێکیش لەسەر بیرهاتنەوەی خۆیان بـکەن، هێشـتا نـازانن لە کوێن ( من ئەو کەسەم کە بیـرم دەکەوێـتەوە) بە ڕاسـت دەبـێ ئەوە تۆ بیت بەسەر بەرگی گۆڤارێکی سێکسی تەنها دوو قـاچی ڕووتــــت دیــــارە! هەموومــــان، ئەوانەش ئێســــتا لەو دیــــوی پەنچەرەکانەوە دەڕواننە خـۆر. هەڵـبەتە بەشـێکن لە وێـنەی سـەر بەرگـی گۆڤارەکـان. کێشـەی ئـێمە ئەوەیە کە گەورە نـابین، تـا کۆتــایی هەرزەکــارین. وێــنەیەک لەنــاو موخمانــدا هەمیشــە دەگوزەرێت، وێنەی ڕووتی ژن، هەموو ژنێـک تەنـانەت دایـک و خوشکەکانیشمان. لەناو ئاگاییماندا ئەلبومێکە، پڕیەتی لەوێـنەی سێکسی. دەشپرسم بەڕاست ئەوە تۆیت؟

ئیدی تێگەیشتم چیتر نابێت گوێ لەوی بەرامـبەر ڕابگـرم کە پێناسەی خەونەکانی من بکات، من بخـوێنێتەوە. ئـاخر مرۆڤێـک هەمیشە بەدوای کەسێکدا وێـڵ بێـت، تـا بـۆی ببێـتە فریادڕەسـی خەونەکـانی! ڕەنــگە ئەوە کوشــندەترین دۆخ بێــت کە مــرۆڤ بەری دەکەوێت، خراپتـرین چاڵێـت کە تێـی دەکەوێـت. ئیـدی دوای ئەوە گوفتـاری تەواوی خەونزانەکـانم، لە گۆڕنـا. خسـتمە ئەودیـوی هەمـوو شـتێکەوە، لێکـدانەوەکانیانم دڕانـد، فڕێمـدان. دەبــوا ئەوە بــکەم، دوو ســاڵ گەڕان بە دوای لێکــدانەوەی خەونێکی دووبارە بۆ من سـاماناکترین ئەزمـوون بـوو، دەبـووا بە گژ هەمووشتێکی خۆمدا بچمەوە، خۆم خۆم بخوێنمەوە، دەبـووا هەموو شتێک بەلاوەنێم، ڕووبەڕووی خۆم ببمەوە. چیتر گوێ لە

چیرۆکـی کەس ڕانەگـرم، گـوێ بـۆ هـیچ سەرگوزەشـتەیەک شـلنەکەم. ئیـدی بە ڕێگـای خۆمـدا بـڕۆم، ڕێگـای ناسـینەوەی نهێنیەکـــانم، خەون و خەیاڵەکـــانم. مـــن لەنێـــو ئەو هەمـــوو گێـڕانەوەیەدا وێـڵ ببـووم، سـەرگەردان ببـووم، دەبـووا خـۆم بدۆزمەوە. بگەڕێمەوە ناخی خۆم و گوێ لە هەستەکانم ڕابگرم. بڕیارێکەو تازە داوەمە، تەنها ئەوە وەک خۆم دەهێڵێتەوە.

# ن

لە تاقی منداڵیدا، خەونم بەزۆر شت دەبینی و دەمگوت: کە گەورەبووم ئاوها دەکەم و بەو شێوەیە دەژیم. ئێستا کە گەورەم، ڕادەکەم لە خەونەکانم و هیواخوازم منداڵیم بۆ بگەڕێتەوە. بەلای ئیقبالەوە ئەو سەرزەمینە جێگایەک نەبوو کە سنوورەکانی ژیانی ڕێکبخات، بەڵکو هەموو شتێک لە سنووری خەونەکەیدا، کۆتاییەکی کوشندەی بە دوای خۆیدا دەهێنا. ژیان و ماڵۆچکەکەی ئیقبال لە باوکێکی هەژار کە بەهۆی پیشەکەیەوە گیانی لەدەستدا، لەگەڵ دایکێکی خانەدان دەتگوت شا ژنە، مخابن بە ڕووداوێکی نادیار ڕۆحی سپارد، خوشکێکی خوێن شیرین، هاوڕێیەکی دڵسۆز، چەند ڕایەخێک و ڕادیۆ و کتێبخانەیەک پێک هاتبوو. لەودیوو سنووری ماڵیشەوە، سەراوردی جیهانێکی تر دەستی پێدەکرد. ئەو جیهانەی دی، لەبەر ئەوەی تاریکییەکی ترسناکی دەست پێڕانەگەیشتووی هەبوو، لە خەیاڵی خەونچکۆکەی مەندالانەی ئیقبالدا ڕەهەندێکی میتافیزیکیانەی دەنەخشاند. هەرچەندە ئەو ڕوانینە، لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا هەر لە هەست و هۆشیدا مابووەوە، بەڵام تا ئەو ساتەش بۆی ڕوون نەبووەوە بۆچی کاتێک لە گوند

بڕیاری سەفەری بۆ شاردا، یەکسەر تاسەی لە تافی منداڵیی کرد. ئیقبـال سـەرەڕای دووربـوونی لە کەس و کـاری، دەیزانـی شارەکەی لەو ساڵانەی دوایدا خەمگینترین و نامۆترین شـارە لەو جیهـانەدا. کاتێـک دوای بەسـەربردنی تەمەنێـک ژیـان لە گوندەکەیـدا، ئیـدی گەڕایەوە، بەدەم پیاسـەوە لەگەڵ یـارانی هـاوڕێی بە کـوچە و کۆڵانەکـانی هەولێـر و شـان بە شـان بە دەوری قەڵاوە شـاریان تەی کـرد، بـۆی دەرکەوت کە سـەرتاپا سیمای شەقام و دوکان و باڵاخانەکان گۆڕانی زۆریـان بەسـەردا هاتووە. وەک خـۆی نەمـاون و ڕۆحیـان گـۆڕاوە، ئەمە وایکـرد هەستێک لەناوەوە پاڵی پێوە بنێ تا لە شوێنێکی دیکە هەڵـوەدای سەردەمی منداڵی و پاکیزەیی ببێ، بۆیە دەکـرێ بڵێـین ئیقبـال بە مەبەسـتی گەڕانەوە بـۆ ئەو ژیـانە سـادەیەی کە لە هەڕەتـی مێردمنداڵیدا، لەدوای خۆی جێی هەیشتبوو، بەرەوشـار کەوتبـووە ڕێ. بەڕاسـتیش کاتێـک لە دۆنـدی شـەقام و دوکانەکـانی نـاو بازاڕدا کەسانی بە تەمەنی دەبینـی سـواڵ دەکەن، یـان خەریکـی فرۆشـتنی پـاکەت و کـارتی مۆبـایلن، لە دەروازەی شـەقامە سـەرەکیەکاندا بە جۆرێـک دەبینـدران کە زەردەخەنە بەسـەر لێوەکانیان تۆرابێ، بەو دیمەنانە زیـاتر خەم دایـدەگرت و بـاوکە خێـر لەخـۆ نەدیـوەکەی دەهـاتەوە یـاد. کاتێـک چـاوی بە کەرەستەی کۆن و کارە دەستیەکانی نێو دوکانەکـانی نـاو بـازاڕ دەکەوت، یـان سـۆپای مـارکەی ( عەلائەدیـن) یـاخود پەنیـری خۆمـانەی نـاو ئـاوی دەبینـی کە لە منداڵیـدا ئەمـی بە چێـژی گونـدەکەی ئاشـنا کردبـوو، هێنـدە مەسـت دەبـوو، بەجۆرێـک

تەنـانەت گونـدەکەی کە مـاوەیەکی زۆرە بـۆ دیـدەنی سـوێی دەبێتەوە لەبیر دەکـرد و لەنێـو خەون و خەیاڵەکانیـدا هەسـتی بە ئارامی دەکرد.

ئیقبـــال دەمەو نیـــوەڕۆ، پـــاش مانـــدووبوونێکی زۆر کە لە بەیـانیەوە لەگەڵ یـارانی هاوڕێیـدا بەیەکەوە بـووینە، خـۆی لە یـارانی دۆسـتی دابـڕی، تەنیـا و تەنیـا بەژێـر هەورە سـاردەکان بەشـاردا گەڕا. لە پیاسـەیەکی خەمگینـدا، لە شـەقامی سـەیداوە بەژێـر پـردەکە بەرەو هەژارتـرین گەڕەکەکـانی شـار ڕێگـای دەبڕی. بەفـر وەکـو ئەوەی بـیەوێ خەیـاڵێکی بێکۆتـا لە بـاوەش بگـرێ، بەسـەر شـاخە دوورە نەبینراوەکـان و قەڵای جەنگـاوەرە کوردەکان دادەباری. لە حەژمەتی زۆرێـک زام کە تەوژمـی بـۆ دەهێنـــا، فرمێســـک زایە چاوەکـــانی. ســـەیری دەســـتەیەک هەرزەکـاری کـرد کە هەمـوویـان، لە تەمەنـی قوتابیـانی قۆنـاغی ناوەندیـدا بـوون و لە گەڕەکـی گڵکەنـد لە تەنیشـت پـارکێکی جـۆلانێ پچـڕاو و خلیسـکانێ شـکاودا، لەبەر ڕوونـاکی گڵـۆپە نزمەکانی ماڵە بێدەرەتانەکاندا تۆپانێیان دەکـرد. بەدەم گـوێگرتن لەهاوارو قیژە و شەڕە جنێوی منـداڵەکانەوە کە تـێکەڵ بە خەون و خەیاڵەکـانی دەبـوون، بـۆیە کپتـر دەگەیشـتنە گـوێی، لەبەر ڕۆشـــنایی زەردو لاوازی گڵۆپەکانـــدا و لەژێـــر بـــارینی خەم و پەژارەدا، هەستی کرد ئەو خاکە فرە زامە و لە هەمـوو شـتێکەوە دوورە و زەردەخەی لـــێ تـــۆراوە، لە پـــاڵ ئەو دژواریەدا، هەستێکی هێندە بەهێز کە بیری چوونە نێـو قـوڵایی خەونەکەی، لە سەریدا ورووژاند.

ئەو هەستە لەسەرەتادا زیاتر خەونێک بوو، وەک لەوەی بیرۆکەیەک بێ، خەونێکی قورسی ئەوتۆ، وەکو ئەوەی کەسێک بەپەلە بەنێو مێژوویەکی تەڵخدا بسوورێتەوە و بێ بیرکردنەوە بۆ شتەکان بڕوانێ، دواتر هەوڵ بدات ئەوەی بینیویێتی، بیهێنێتەوە بەرچاوی خۆی، سەیرکردنەکانی هێندە تەم و مژاویبن، بۆی نەبێتە تابلۆیەکی تاسەشکێنی دەستی هونەرمەندێکی تا بڵێ جوانبینی، وەک قەرەنی جەمیل. لە وێنەیەک زیاتر، هەستێک بوو کە چرکە ساتێک بەدەردەکەوت و دواتر ون دەبوو. ئیقبالیش یەکەم جاری بوو بەو شێوەیە خەون ببینێت، خەونێک لە خەونی هیچ کەسێک ناچێت. یەکجۆر خەون، پێنج تەرم لە پێنج گۆڕی جیاواز، ڕووت ڕووت بەرەو لای دەهاتن.

ئیقبال لە دێیەکەیاندا لەناو خێزانێکی کۆمۆنیست پێگەیشتبوو، لە قۆناغی سەرەتایدا جگە لە وانەکانی ئایین لە قوتابخانە، لە هیچ شوێنێکی دیکە وانەی ئایینی نەخوێندبوو. لەم ساڵانەی دوایشدا کە کاتێک گیرۆدەی خەوێکی، لە جۆری ئەوەی ئێستا بوو، نەخۆی شڵەژاندو نەدوای هەستێکی نامۆش کەوت.

بە مەبەستی پشوودانێکی کورت گەڕایەوە بۆ ماڵ، لە ژوورەکەی خۆیدا و بەدەم ئەو نۆستالیژیایەی کە هێشتا بەری نەدابوو، کەوتە هەڵگێڕانەوەی چەند کتێبێکی تایبەت بە لێکدانەوەی خەون کە یارانی هاوڕێی بۆی هێنابوو. بەدەم قوم لێدانی جگەرەکەی و خوێندنەوەی کتێبەکان، ئەو بەسەرهاتانەی

بە درێژایــی ڕۆژ لەگەڵ یارانــدا باســیان لێــوە دەکــرد، لەگەڵ لێکدانەوە و شیکردنەوەی نێو کتێبەکان هێنایەوە یاد، لە مێشکیدا ماناو دەستەواژەکانی ئاوێتەی یەکدی بوون.

سەردەمانێک لەشار چینێکی پارەدارو هەندێک لە بەرپرسـانی وڵات کە لە کۆشــکەکاندا ئاهەنگیــان دەگێــڕا و زەماوەنــدی چەنـدین ڕۆژەیـان لەگەڵ سـۆزانیەکان سـاز دەکـرد، ژیـابوون و ئەمەش ئەگەرچی لە دووریشەوە بـوایە، سـاڵانی منـداڵی بەبیـری ئیقبال دەهێنایەوە. سـەرچاوەی هێـز و دەوڵەمەنـدیی ئەم مرۆیـانە دەگەڕایەوە بۆ هەڵتەکاندنی خێروبێری وڵات. دڵگرانی بوونی بۆ ئەوە دەخواســت هەر ئەو کەســانە پێشــتر لەو شــاخ و دێهاتــانە پێشڕەوی گەلێکی ستەمدیدەیان دەکرد، ئەمڕۆکەش بوونەتە بەڵا بەســـەر گەلەکەیـــان. نیشـــتمانەکەیان بەو شارەشـــەوە خـــاڵی بەیەکگەیشـــتنی چەنـــدین بەرژەوەنـــدی چڵێســـانەی وڵاتە هەرێمیەکانە. ئەوێ ڕۆژێ هەردوو زلهێزانی دنیـا لەسـەر خـاکی کورد، ململانێکانیان کۆتایی پێهات. لەسەردەمی عەبا ڕەشـەکانی شمشـێردا، ئێـرە شـوێنی نیشـتەجێی بـوونی ئـایین و نەتەوەی جۆراوجۆر بوو، پەرستگا بنیادنراوەکانی هەزار ساڵ لەمەوبەریان، هێشـتاکانێ خـوێنی دووبەرەکـی لێـدەچۆڕێ، کـوردە جەسـتە زامـدارەکان، تـا ئەو سـاتەش لانەیەکـی هێمنـی بەسـەر خـاکی خۆیدا دەسـت نـاکەوێ، ئـارام ئـارام، بێتـرس لێـی بخەوێـت. چ سوودێکی هەیە مێژووی هەزار ساڵی کە تۆ ژێردەستە بـی، یـان خـۆراکی دەسـتی نەتەوە سـەر دەسـتەکان بیـت. کـورد هەمـوو

جۆرە ستەم و چەساندنەوەیەکی بەرامبەرکرا، بە قەد ئەوە خۆشی هیچ کاتێک ڕەحمی بە مێژووی خۆی نەکردووە و لە چەندان وێستگەدا خوێنی براکانی حەڵاڵکردووە. ئەزموون و دەرفەتی زۆری لە هەگبەدا ڕژاوە، ملشکاندن و هەڵکەندنی چاڵ، لەنێوان خۆیاندا، وەک هەڵاتنی خۆر لە ژیانیان، دووبارە بووەتەوە.

دوای سەردەمانێک کە لە شەڕی بەردەوام، وێرانکاری، بەکۆمەڵ کوشتن، یاخیبوون و ڕاپەڕین، پاش ئەوەی شار کەوتە ژێر دەستی کورد خۆی، حزبەکان، سوپای دراوسێ و تەنانەت سەروەختێکیش پایتەختی هەرێمەکەیانی هەڵدەسووڕاند. بەدوای ئەودا کە ماوەیەک دەوڵەتێکی بچووک بوون، سوپای هەرێمیەکان بە پێشەنگی دۆستەکانیان ئارامی شاریان دەشێواند. کوردەکان دوای تێپەڕبوونی پانزە ساڵ بەسەر نسکۆی شۆڕش، جارێکی دیکە دەستیان بەسەر شاردا گرتەوە، نەخشەی نوێی ڕاپەڕینیان پەسند کردوو تا سنوورێک جێبەجێیان کرد، هەرچەندە شۆڕش دنیایەک ململانێ و ڕق و ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و کێشەکانی سەردەمی شاخی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، ئاسان نەبوو بەو نەریتەوە سەودای بوونە شاریی و خۆجێیەتی کارگێڕی بکرێت. کوردەکان هەر لەسەرەتاوە کەوتنە جۆرێک لە دژایەتیکردنی یەکتری، ناوی یەکتریان دەگۆڕی. بەپێی بەرژەوەندییان، ڕەنگی یەکتریان دەکرد. شەقام و بۆنە نیشتمانیەکانیان خستە سەر ناوی خۆیان، شەهیدەکانیان دابەشکرد. شاریان کردە دەیان پارچە. لە بەرامبەردا ناوی

قارەمانە حزبیەکانیان لێنا، جاش و نیشتمانپەروەر بە جۆرێک ئاوێتەی یەکتربوون، ئاسان نەبوو لێک جیابکرێنەوە. حیزبەکان کەسی گەورەتر، لە سەرکردەکانی خۆیان نەدەناسی، ڕوویان نەدەدانێ، پێشوازیان لێنەدەکردن.

وەکو یارانی دۆستی گیانی بە گیانی ئیقبال دەیگێڕایەوە، ئەو ساڵانە ساڵانی دابەش بوون بوو بەسەر حزبەکان. لە مەڵبەندە میللییەکاندا، ئاهەنگی بە حزببوون ساز دەکرا. لەژێر ئەو پردەیەشدا کە ئیقبال ئەم نیوەڕۆیە بەسەریدا پەڕیەوەو لە زۆر لاوە ژەنگی گرتووە، پێشبڕکێی ڕاپۆرت نووسین بۆ حزب ڕێک دەخرا. گرووپی شانۆی گەرمیان کە ماوەیەک لە مەوپێش بۆ نیشاندانی تراژیدیای کارەساتی ئەنفال لە خۆرئاوا بوون، ئێستا گەڕابوونەوە. سەرباری ئەوەی هێشتا دە ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا تێ نەپەڕیبوو، لەلایەن چینی حزبخوازان جارێکی دیکە بەدەستی براکان، کارەساتێکی گەورەیان بەسەر نەتەوەکەیاندا هێنا. شەڕی خۆکوژی، برینێک کە وا بەئاسانی سارێژ نابێ. بێدڵخوازی خەڵکەکە، بەڵام شەڕی یەکتر کوژی لە زۆرلاوە بەچەپڵەڕێزان پێشوازی لێدەکرا. دەوڵەمەندە دێرینەکان، وەک کاری هەمیشەییان بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان دەپۆشی، پێدەکەنین و بەسواری جەستەیەکی بێخەوش بەشاردا دەگەڕان. لە ئاهەنگ و بۆنە حزبیەکاندا، هاوڕێ لەگەڵ پارێزگارو وەزیرو بەرپرسی شارەوانیەکان، لەژێر پەردەی هاودۆستی بۆ حکومەت، لەژێر ناوی جۆراو جۆرەوە بەمەبەستی هاندانی دووبەرەکی،

بەردەوام یاریزانە شەڕخوازەکانی نێو حزبیان پف دەدا، ئەمـانیش خێرو بێری نیشتمانیان حەپەلووش دەکرد. کچانی شار، کرابـوون بە مۆدێل و کەرەستەی بۆنەکان، کراسی نیو قۆڵیـان دەپۆشـی و بە بڕیاری بەرپرسان، بێترس دەیـانتوانی بە دوو چەرخە بە شـەقام و کوچەکـانی شـاردا بگەڕێـن. لاوان موعتـاد بەسـەر گالیسکەی حزب بۆ قوتابخانە دەچوون و وەکو مەیخۆرەکان بە جۆش و خرۆش هوتافیان دەکێشا.

ئیقبـال دوای چەنـدین سـاڵ، لە گـرمەی بینینـی خەونە یەک جۆرەکەی. لەگەڵ فەرمانڕەواکانـدا، بەری چەنـدان سـاتی دژوار کەوتووە. هاوڕێکانی لەناو حزب پێیـان گوتبـوو کەئەو خەونەی تۆ مایەی گاڵتەجاڕییەو دەبێـتە هـۆی لە دەسـتدانی حـزب، بەس خۆی کەڕکرد لە ڕاست ئەو قسانەدا.

دڵەخورپەی ئیقبال شتگەلێکی دیـکە بـوو، وەکـو ئەوە وابـوو کەپەیوەندییەک، لەنێوان خەونە بێکۆتاییەکان و ڕۆچوونی شـارە خەمگینیەکەیـدا هەبێـت. پارێزگـاری پێشـووی پایتەخـت، دوای مەتـح و سـەناو پێهەڵـدانێکی شـەرمنانەی مـن، هـاتە سـەر باسـی هاتنی ئەو ڕۆژگارە تازەیە کە خۆی لە دیاردەی نـیمچە رووتـی ژنـــان و شـــەقامی ڕازاوە و ڤـــێلا و ئەو مـــرۆڤە دەموچـــاو داپۆشــراوانەی دەبینـیەوە کە لە شــاخەوە بـۆ پێشخســتنی شــار دەهاتن. پاشان قسەی بردەوە سـەر چیرۆکێکـی شۆڕشـگێڕانە کە خـۆی و کـۆمەڵێک لاوی دیـکە، لە کۆتـایی حەفتاکـان لە

یەکێک لە شاخەکانی باشوری کوردستان بەدەستیان هێنابوو گوتی: لەو مێژووەدا هۆشیاربوونەوەی کچانمان زۆر لەبەر چاوگرتبوو کە لە کۆتایدا وامانلێکردن سەرپۆش فڕێبدەن، بە جۆرێک پەروەردەمان کردن، لە ئاکامدا سەرپۆشەکانیان سووتاند. تەواوی شارمان بەو جۆرە ڕاهێنا تا لە هەموو لایەک ئاگاداریمان بڵاوکردەوە کە ئیدی ژیان لەم شارەدا بێ سەرپۆش بەڕێ دەکرێت. ئێستا لەو شارە تازەیەدا بۆ پەیداکردنی سەرپۆشێک کە بمانەوێ لە بۆنەیەکدا بەکاری بهێنین، دەبێ لە وڵاتێکی دراوسێ قەرزی بکەین، بۆیە ناچار هەندێ سەرپۆشمان لە وڵاتانی دیکەوە خواست تا لە بۆنە حزبیەکاندا بەکاری بهێنین. درێژەی دایێ و گوتی: بەڵام ئێستا کوچەو کۆڵانەکانی شار پڕن لە ژنی بێلەچەک، کچانیش لەبەر ئەوەی مۆڵەتی کارکردنیان لە حزب پێدراوە، لە ئاهەنگی شەوانەی ئێمەدا سەما دەکەن و شیعر دەخوێننەوە و گۆرانی دەڵێن، لە پێشتردا ژنان بە لەچکەکانیان خۆیان دەکوشت، ئێستا زەنگینن و بە پاڵشتی ئێمە کۆمپانیایان هەیە. ئیقبال وەکو لە هەموو دیدارەکانی تردا، ئەو پرسیارانەی دەوروژاند کە دەربارەی پەرەسەندنی گروپی بازرگانی بۆ دەستەمۆکردنی ژنان داندرابوون، بەهەمان شێوە هیچ بایەخی بەو قسانەی کابراش نەدا کە لاوانی ئاگرینی دژ بە باڵاپۆشی هاندەدا. سەرباری بوونی جیاوازی لەنێو شاردا، بەڵام نیگەرانیەکانی ئیقبالی لەمەڕ دەستێوەردانی حزبی، لەکارو باری ژیانی خەڵکی کاڵ نەکردەوە. تەنانەت جاری وا هەبوو دەیگوت: بۆ حزب بیر لە گەندەڵیەکانی خۆی ناکاتەوە، بۆ

دەبێ هەمیشە خۆی سەردەستە و خەڵکیش ژێر دەستەبێ. ئیقبال جیاوازتر لە هاوڕێکانی بەدرێژایی ڕۆژ بەکۆڵانەکانی شاردا دەسوڕایەوە و هیچ بایەخی بەو چاوانە نەدەدا کە لەڕێگاوبانەکان دەیبینین، چونکە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، بە تایبەتی لەوەتەی یەکجۆر خەون دەبینێ، هێندەی فەیلەسوفێک، ئازاری بەدەست ئەو نادادی و ستەمکارییە بینیوە. ئەو هەر لەمنداڵییەوە گرنگی بەو ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندانە نەدەدا کە لە حزب و کاربەدەستەکان نزیک بوون، لەو شاردا کە ئیقبال زیاد لە سی ساڵ ژیانی خۆی تێدا بەسەر بردبوو، تاکە کەسێک گوێی لێگرتبێ و سەرنجی قسەکانی دابێت، یارانی هاوڕێی بووە. بۆ نموونە بە درێژایی تەمەنی تەنها بۆ تێگەیشتن لە دۆخی خراپی خەڵکەکە ڕووی لە گۆڕستان دەکرد، گۆڕستان بەلای ئەو، شوێنی زیندووەکانە، بۆیە تووشی بە تووشی خەونێک بووە کەچارەنووسی بەو ڕۆژە گەیاند.

دواتریش چەندین بەسەرهات دەربارەی خاوەنی بیرۆکەی فڕێدانی سەر پۆش کە قژ لە گێڕانەوەیان دەکرێ، پڕۆفیسۆرێکی یەکێک لە زانکۆکانی شار، کە ناکۆک بوو بە بیرکردنەوەی پارێزگاری پێشوو دەیگوت: هەرچیەک دەکەیت بیکە، بەس دەستکاری زانست و پەروەردە مەکە؟!. لەسەر ئەو قسەیە، وەک سزایەک دوورخرایەوە بۆ زانکۆیەکی دوورە دەست و لەپاشان خانەنشینیان کرد. لەوەوە تێگەیشت هەرکەسێک بیرۆکەی باشی هەبێ، سزاکەی بەو جۆرەیە کە

دوور دەخــریتەوە. تــاراوگە پڕیەتــی، لە مرۆڤــی ســزا دراوا. حزبیەکی بازرگانی چاوچنۆک، هەتیوخانەیەک دادەمەزرێنێ. بەناوی (چی دەبێ با ببێ)، ئەو هەتیوخانەیە کە تەمەنی خۆی لە پەنجــا ســاڵ دەدات، وەکــو هەمــوو هەتیوخانەکــانی شــار بەشـێوەیەک بنیـادنراوە کە دیوارەکـانی زۆر زۆر بەرزن، بـۆیە کاتێک هەتیوخانەکەیان گۆڕی بۆ کۆمپانیا، لە پشـت دەروازەی کارگەکەوە تەلبەندی زۆریان دانـا، بەجۆرێـک کەس ئەودیـوی لێ دیار نەبێت.

ئەو کـاتەدا ئیقبـال، لەسـەر پـێخەفەکەی بەڕاکشـاوی نـوقمی خەیاڵات بوو، لەدەرگا درا ئەمیش بە بێجامەکەی بەریەوە هەسـتا و دەرگــای کــردەوە. دراوســێکەیان کە دەمێــک بــوو چەنــد کتێبێکــی لێوەرگــت بــوو تــا بیخــوێنێتەوە، لەنــاو عەلاگەیەک دایـنابوو، پێش ئەوەی بیداتەوە گوتی: حەزم لە کتێبی ئەفسـانە و چیرۆکی گەلانە، ئەگەر هەتە.

# ی

به جۆرێک خەونی ئیقبال لە وڵاتـدا بڵاوبـوویەوە، لە هەمـوو شـوێنێکی ئەو نیشـتمانە بـاس باسـی ئەو خەونە بـوو، کـۆڕو سـیمناری زۆری لەسـەرکرا، لە میـدیاکان مامۆسـتای زانکـۆ و چاودێری سیاسـی و تـوێژەرو ڕۆژنامەنووسـی گەورە گەورەیـان داوەت دەکرد، تا دیوە سیاسی و لێکەوتە ئابووری و ئەمنیەکانی لە دووتـوێی شـرۆڤەکانیان شـەن و کەو بـکەن. هەر یەکە و لە دیـدێکەوە تێڕوانینـی خـۆی دەخسـتە بەرچـاو: ئیسـلامیەکان بە جۆرێک، نەتەوەیی و دیموکراتەکان بە شێوەیەکی دیکە مانایان پێدەبەخشـی، چەپ و مەحافزکارەکـانیش ئەو شـتانەیان بە سـیناریۆی دەسـەڵات لێکـدەدایەوە دەیـانگوت: خەونـی چـی، هەمـوو بـۆ سـەرقاڵکردنی خەڵـکە، تـا ڕواڵەتـی ژیانیـان لەبیـری بچێتەوە. تەنانەت پیـاوانی ئـایینی و مامۆسـتاو کرێکـارو عەریـزە نووسەکان بە لێکدانەوەی خەونەکە زۆر هیلاک ببوون، شۆفێری تەکسیەک دەیگوت: خۆزگە بەوە دەخوازم ڕادیۆکـان بیسـت و

چـوار کـاتژمێر بەرنـامە لەسـەر ئەو خەونە بـکەن، چـونکە زۆر گرنگە!.

بە شێوەیەک ئەو دەنگۆیە پەرەی سەند، تا وایلێهات دەزگای ئاسایش بنێرێت بەدواییاندا، چونکە حکـومەت و دام و دامەزاوە ئەمنیەکـانیش ترسـیان لەوە هەبـوو مانـای خەونەکە ئەوانـیش بگـرێتەوە و بەڵایەک بەسـەر حکـومەت بهێنـێ. بەیـانی ڕۆژی چوارشەممە کاتژمێر دە ئیقبال و یاران سەردانی بنکەی ئاسایشان کرد، ڕەئوفی دەلاک کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری ئاسـایش بـوو، بە ورگە دەرپەڕیـوەکەیەوە هـاتە ڕێـڕەوەکەو، ئیقبـال و یـارانی بە پێش خۆیدا بۆ ژوورەکەی. ئیقبال دەستبەجێ ئەوەی بـۆ ڕوون بـووەوە کە خەونەکەی بـۆتە هـۆی گرفـت بۆیـان و ڕەنـگە حکومەت ماناکەی زانیبـێ، بـۆیە لە ئاسـایش داوایـان کـردوون. حاڵیش بوو کە هەمووی دەردە یارانە، لە دڵی خۆیدا دەیگـوت: ئەو هەتیمە ڕانەوەستا، ئەوەندەی لەولاو ئەمـلا باسـی خەونەکەی کـردم، تـا بەو ڕۆژە گەیشـت؟ بەو دوایـیە زانـیم، لە وتارێکیـدا بەشان و باڵی مەزنێتی منی هەڵداوە و لای هەندێ کەس مـایەی پەسندکردن نەبووە، بەڵام ئیقبال سەرنجی دابوو کە حکومەت لە ڕاگەیاندنی فەرمیدا بە زمانێکی نەرم باسی ڕازو نیـازی خەونەکە دەکـات، بـۆیە ئەوە هـاتە مێشـکی کە ئەو ڕاپێچکـردنەی بـۆ ئاسایش، هەمووی ناگەڕێتەوە بۆ خەون و نووسـینەکەی یـاران و دەیگـوت: ئەی چیـیە؟ بە خۆیشـی سـەری لـێ دەرنەدەچـوو. هەرچەند لە ناخیـدا شـڵەژابوو، دەترسـا ئیهـانەی بـکەن و سزای

بـدەن، بەڵام مـامەڵەی بە ئەدەبـانەی کارمەنـدانی ئاسـایش، ئەو تـرس و ڕاڕایـیەی ئیقبـالی کـاڵ کربـووەوە. هەنـدێک ئـارامتر هەنگاوی دەنـاو کە چـووە ژوورەوە، سەرنووسـەری یەکێـک لە ڕۆژنامە ئەهلیەکانیش لەوێ دانیشتبوو، بەڕاستی ئێمە باش ئەومان دەناسی، بەڵام پێنەدەچوو، ئەو ئـێمەی ناسـیبێ لە تەلەفزیـۆن زۆر دەردەچـوو، بەیەکێـک لە ڕەخنەگـرە سەرسـەختەکانی سـەر بە ئۆپۆزیسـیۆن نـاوی دەرکردبـوو، خەڵکـی بە تاسـەوە گـوێی لێـدەگرێ. هەرچەنـدە بە هـاتنی ئـێمە خـۆی تێـک نەدا، بەڵام دیاربوو بەڕێوەبەری ئاسایش ئەو ڕێـکەوتەی زۆر پێخـۆش بـوو. کێ ناڵێ هەر بەدەستی ئەنقەست دیـداری هەردوولایەکمـان لەو کات و شوێنە دانەناوە، (خۆ کەس شەیتانی بەدوو چاوانی خۆی نەدیتییە، شەیتانی مرۆڤ ئینسانەکانن) فەرمـوو هۆسـا ئەوە خـۆی ئیبلیس نەبێ، فیلمی لەو جۆرە بەکێ دەردەهێنـدرێ. هەوکە مـن هیچ زانیاریەکم لە هاتنی ئەو بۆ ئەو شوێنە نەبوو. من و یارانیش ڕۆژێـک زووتـر، لە ڕێگـای تەلەفـۆنێکەوە بانگێشـتی بـنکەی ئاسـایش کرابـووین. هەرچەنـدە بە دروسـتی نەمانـدەزانی لەسـەر خەونەکەیە، یـان شـتێکی کەیە. خۆمـان هیچمـان بەخـۆ شـک نەدەهات، لێکمان دەپرسـی و دەمـانگۆ: دەبـێ هـۆی چـی بێـت ئاسایش بانگی کردووین!؟ لە وڵاتی ئێمەدا کەسـانێک ئاسـایش بانگیان دەکات کە کەیسەکەی سیاسی، یان ئەمنی بێت. تاوان و ئاریشەی دیکە، پۆلیس سەرپەرشتی دەکات. خۆشمان بەدروستی نەمانـدەزانی هـۆی بانگردنەکەمـان چیـیە، هەرچەنـدە لە پێشـتردا یـاران نووسـینێکی تونـدی لەسـەر مانـاو لێکـدانەوەی خەونەکەم

بڵاوکردبووه، کەوتبوومە گومان کە ڕەنگە لەسەر ئەوەبێ. لەدڵی خۆمدا چرپاندم: پێدەچێ پەیوەندی بەو نووسینەوە هەبێ، بۆیە بەڕێوەبەری ئاسایش بانگیکردووین. ئامادەبوونی سەرنووسەر بۆ ئێمەش سوپڕایز بوو، لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسەکە دانیشتین، یەکجێ بەڕێوەبەری ئاسایش ڕووی پرسیاری لە ئیقبال کردوو گوتی:

ئەو دانیشتنە هەم بۆ یەکتر ناسینە، هەمیش دەمەوێ هەندێ پرسیارتان لێبکەم. سەرەتا + خۆی ناساند: من ناوم ڕەئوفە، بەڕێوەبەری ئێرەم.

(یەکجێ ڕووی لەمن کرد). وەک ئەوەی پێم بڵێ فەرموو خۆت بناسێنە!

_ منیش ناوم ئیقبالە، لەناو شاردا کاری فرۆشتن و چاککردنەوەی ئامێری دوورمان دەکەم.

دوای من یاران هاتە قسەو گوتی: منیش ناوم یارانە و فەرمانبەرم، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

+ نووسەریشی؟

_ جار بەجار شت دەنووسم!

ڕووی لە ڕۆژنامەنووسەکە کردوو: گوتی: ئەوە دەناسن!

هەرچەنـدە دەمانناسـی، چـونکە لە کەناڵەکـان بـۆ دیـدار و بەرنامەکان زۆر دەردەچوو، بەڵام گوتمان: نەخێر نایناسین.

+ گوتی: ئەوە کاک هەرێمە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (بـێ سـنوور)ە، ڕەنـگە دوورو نزیـک زانیاریتـان لەسـەری هەبێـت، یەکێکە لە ڕۆژنامە باشەکان کە ئێمە قەدریان دەگرین.

نەمزانـی ئەو پیاهەڵـدان و یەکترناسـینەی لە پـایی چـی بـوو، بەڵام جێگەی هەڵوەستەکردنیش بوو، چونکە بانگکردنی ئـێمە و ئامادەبوونی ئەو لەڕواڵەتـدا هـیچ پەیوەنـدیەکی بەیەکەوە نەبـوو. دواتر بۆمان دەرکەوت کە ئامادەبوونەکەی پەیوەنـدیەکی زۆری بە بانکردنەکەی ئێمەوە هەبوو.

چاوەکـانی بەولاو ئەمـلای ژوورەکە خشـاند، سـەری لێـوانی گەست و ڕووی کردە یاران و گـوتی: پێـت چـۆنە لەگەڵ ئەو ڕۆژنـــامەیە کـــار بکەیـــت، (بە سەرســـامی و ســـەرلەقاندنەوە) موچەکەشیان باشە، مانگی هەزار دۆلار کەم نییە ها.

یاران ڕۆژێ لە ڕۆژان بیری لەوە نەرکردبووەوە لە ڕۆژنـامەدا کـار بکـات، بەتـایبەت ئەو داوایەی بەلاوە زۆر سـەیر بـوو، ئەو نووسـەر و ڕۆژنـامەنووس نیـیە، پاشـان بـۆ دەبـێ بەڕێـوەبەری ئاســـایش لەو کـــاتەو لەبەردەم سەرنووســـەرکە و بەو حـــاڵەوە، پێشنیاری کارکردنی لەو ڕۆژنـامەیە لێبکـات، بـۆیە یـاران وەکـو ئەوەی لە ئەزەلەوە وەڵامێکیـان خسـتبێتە دڵـیەوە، بە شـێوەیەکی

دیپلۆماسیانە وەڵامی دایەوە و گوتی: خۆت دەزانی من فەرمانبەری حکومەتم، لەدوای دەوامیش یارمەتی باوکم دەدەم لە دوکانەکەی، ئەمەش کاتی زۆرم لێ دەبات، ئیدی ناتوانم کاری دیکە بکەم.

سەرنووسەر هاتە دەنگ و گوتی: تۆ دەوام مەکە، لەماڵەکەی خۆت دانیشە و تەنها شتمان بۆ بنووسە.

یاران سەری لەو مامەڵەیە دەرنەدەچوو، دەیویست بەهەر نرخێک بێ، لەو یاریە خۆی بدزێتەوە، دەبووا شتێک بڵێ، ئەگەر درۆش بێت! گوتی: ئاخر من نووسەر نیم، هیچ لە کاری ڕۆژنامەنووسیش نازانم.

بەڕێوەبەری ئاسایش چاوی خستە سەر من و گوتی: دەی ئیقبال تۆ شتێک بڵێ ! ( بە نەختێک گرژی و گاڵتەوە سەیرێکی من و یارانی کرد)، تۆ نووسەر نیت، (مەبەستی یاران بوو)، ئینجا بەو شێوەیە (دەستێکی بۆ من درێژکرد)، لە نووسینێکدا کە لە ڕۆژنامەیەکی (پێدەچوو جنێو بدات، بەڵام زمانی گەست و وشەکەی گەڕاندەوە) بە بەژن و بالای تۆ هەڵدەدا، گوایە خەونت بینیوە و مردووەکان زیندوو بوونەتەوە و بۆ لات هاتوون. ڕۆژنامە و کەناڵەکانیش خەونەکەت بە مەترسی بۆ سەر گیانی حکومەت دەزانن، ئەو هەڵلایەت خولقاندووە، هێشتا بە نووسەرت نەزانین؟!. پقێکی هەڵدا و ڕووی کردە پەنجەرەکە و بەتەوەسەوە بانگی یەکێکی کردوو گوتی: چایە و ئاوامان بۆ

بهێنن!.

کەش و هەوای دانیشتنەکەمان لە گفتوگۆیەکی دۆستانە، گۆڕا بۆ مامەڵە و یەکتر بریندارکردن. دەربڕینی بەڕێوەبەر زۆر دووژمنکارانە بوو، دوای کەمێک هێور بووەوە و ئەمجارە بە هێمنیەوە گوتی: ئێمە وەکو حکومەت، پێمان باشە چیتر ئەو خەونانە نەبینی!

ترس و شەرم نەبوایە، قاقایەکم لێدەداو ژوورەکەم دەهێنایە هەژان، ئاخر کەس هەیە ئابلوقە بخاتە سەرخۆی و خەون نەبینێ. پاشان من دوو ساڵی تەواوە یەکجۆر خەون دەبینم، خەونی من وەک خەونی هیچ کەسێک نییە. من بە دەست خۆمەوە گیرمخواردووە، خەوخۆراکم لێ حەرام بووە. کەی ئەوە حاڵە من تێیدا دەژیم، خەونێک تەواوی گیانی بردم، هەرچی خۆشییە نەهێشت، ڕەنگ و ڕوخساری شێواندم، بوومەتە بنێشتە خۆشەی سەرزاران، هەرچی ڕاگەیاندنە باسم دەکەن. بە ئارەزووی خۆیان خەونی من لێکدەدنەوە، جارێک بە دووژمنی نیشتمان و جارێک بە خەمخۆری وڵات ناوم دەبەن!.

پێش ئەوەی چایە و ئاوەکە بێت، بەڕێوەبەر لەسەر مێزەکە هەڵساو هاتە تەنیشتم دانیشت، دەستی ڕاستی خستە سەر ڕانم و بە زوبانێکی میواندۆستانە گوتی: باشە خۆت خەونەکەتمان بۆ لێکبدەوە، پێنج تەرم لە پێنج ناوچە و گۆڕی جیادا، ڕووت ڕووت بەرە و لات هاتوون، ئەوە مانای چییە؟!

لە دڵـی خۆمـدا قسـەیەکم کـرد کە بە زوبـان لەبەردەم هـیچ کەسێکدا نەمکـردووە و ناشـی کەم، قسـەیەک کەسـی بەرامـبەر تەواوەک شەرمەزار دەکات، منیش ڕەوشتم وایە فزوڵـی نەبـم و کەســیش تەریــق نەکەمەوە. پرســیارەکەی بەڕێــوەبەریش زۆر گاڵتەجاڕانە بوو، ئاخر ئەگەر خۆم مانـای خەونەکەم بزانیـایە، بـۆ دەهاتمە ئێرە. دیارە بەهۆی نەزانینی خۆمە، چارەنووسم بەو ڕۆژە گەیشتووە گوتم: نازانم.

+ نازانیــت و خەونــیش دەبینــی! ئەوە چ فشــە پێکــردنێکە، هەڵساو چـووە شـوێنەکەی خـۆی و ڕووی تێکـردمەوەو گـوتی: مەبەســتم لە فشــە پێکــردن، خەونەکەتە، ئەو جـۆرە خەونــانە لە وڕێنەو شتی بێمانا، هیچی دیکە نین.

بەڕاستی لە دڵەوە زۆر کەیفـم بەو قسـانەی بەڕێـوەبەر هـات، خەونێـک کە فشـەو بێمانـا بـێ، نەنگیـیە بـۆ حکـومەت لەسـەر خەونێکی بۆش، خۆی بەو جۆرە سەغڵەت کردووەو دەمگـوت: دەمخۆش، تۆ ڕاست دەکەیت، خەونەکەی مـن بێمانـا و فشـەن. ویسـتم ئەو قسـانەی نـاو نـاخم بە ئاشـکرا بڵـێم، بەس ترسـام لێکـدانەوەی خراپـی بـۆ بکـا و بە گاڵتەئـامێزی تێبگـات. ئیـدی بێدەنگ بووم.

تازە هیچ پەردەیەک نەمـا و هەمـوو شـتێک بەئاشـکرا باسـی لێــوە کــرا، ئەوەی مــن و یــاران خەیاڵمــان بــۆی نەدەچــوو، داواکردنــی کــاربێ لەگەڵ ئەو ڕۆژنــامە ئەهلیــیە بەناوبــانگەی

وڵات؟! لەڕاستیدا من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد تاوانبارمان بکەن بە زۆر شت، لێمان بدەن و زیندانیکردنیشم بۆ خۆمان دانابوو. هەموو شتێک پێچەوانەوە بووەوە، دوای چاخواردنەوە، بەڕێوەبەر گوتی: وەک سەرەتا بۆم باسکردن، ئەو بانکردنەمان بۆ ئەوەبوو تا لە نزیکەوە یەکتری بناسین، پێشم باشە یاران دواتر سەردانی هەرێم بکات و لەسەر کارەکەیان قسە بکەن.

ئاماژەیەکی بۆ من کرد گوتی: ئەگەر دەزانی ژیانت لە مەترسیدایە، ئەوە کەسێکی سڤیلی خۆمان دەخەینە تەکت، بۆ ئەوەی خەیاڵتان ئاسوو دەبێت!.

ئیقبال بەدەردی نەخۆشێک کە پزیشک پێشنیاری بۆ کردبێ، ئیدی بەدار شەق بەڕێدا بڕوات و وا خۆی هاتە بەرچاوان، پرسیاری کرد. ئایا پێویستم بەوە هەیە؟

بەڕێوەبەر لە وەڵامدا گوتی:

شارەکەمان لە شوێنێکی نا ئارامدا هەڵکەوتووە، دۆست و دووژمنمان زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس نازانێ کەچ دەقەومێ و چ نا قەومێ.

ئیقبال گوتی: ئەگەر وڵات، تۆی ئارامی تیادا چێندرابێ، پێوستمان بە پاسەوان نابێ؟

ئیقبال لەناخی خۆیدا ویستی ئەوە بە بەڕێوەبەری ئاسایش

بڵێ کە شارەکەیان کەوتووەتە شوێنێکی ئارامەوە، ئەگەر خۆمان ئەو ئارامییە بپارێزین. ئیقبال ئەو دەستەواژەیەی بەدەم نەدرکاند، بەڵام ڕوخساری وای نیشاندا.

# چ

بەدەم نمەنمـــی بـــاران و کپـــی سروشـــتەوە، وەکـــو لە خەونەکانیدا بباریێ، بە جۆرێک ڕادەما، هەستت دەکرد ئیدی خوناو بەسەر دڵیدا دێتە خواریێ. ئیقبال چارەنووسی بێوەیی و سادەییەکەی بە ڕێگاکان سپارد کە ساڵانێکی درێژ بە پەرۆشەوە بەدوایدا وێڵ ببوو، بە گەشبینییەوە باوەڕی بەوە هێنا، دڵخوازانە لەم جیهـــانەدا بەدوای گەیشـــتن بە لێکـــدانەوەی خەونەکەی، بێپسانەوە ڕێگا بگرێت. ئیدی چاوەکانی لێکناو بەهەراو زنای نێو خەونەکەیەوە، خەوبردیەوە. خەوێک بۆ قوڵایی دوورترین یادەوەری، بۆ نێو خەمگینترین چیرۆک. دوای زیاتر چارەگە سەدەیەک ژیان لە شار، ئێستا دەبێ بەدوای چارەنووسی خەونەکەیدا وێڵبێ، دڵخوازی ئەو خەونەکەی بوو. لەگەڵ تەواوی شتەکانی دیکە نا دۆست بوو، ئەڤین و خولیای ئەو دیداری تەرمەکان بوو. بە جۆرێک لەسەر کورسییەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو، هەست بە بەرزیی باڵای نەدەکرا، بە بەراورد لەگەڵ پیاوە شاریەکان، ئەو باڵای بەرزتربوو، پێستێکی گەنمی هەیە کە بەهۆی بەرکەوتنی بە تیشکی هەتاو مەیلەو خاکی دیارە و قژێکی سپی، وەک ئەوەی بەفری لێبارییێت.

ئارەزوویەکی سەیری بۆ بە تەنیایی ژیان هەیە و سروشتێکی شەرمنانە و گرینۆکانەشی، وەک شوناس پێوەی نووساوە. خۆ ئەگەر بەو شێوەیە خۆی بینیبوایە کە سەری لاربۆتەوە نزیک شۆفێرەکەو دەم نا دەمێکیش بەلادا دێت، ئەوا زۆر شەرمەندانە ڕوخساری دەگۆڕا، ئەو لە جۆری پاڵەوانەکانی مارکیز بە مرۆڤێکی نیازپاک و سەرڕاست دەردەکەوت و لە زۆر کاتاندا خۆی داوەتە دەستی چارەنووس، دواتر لە درێژەی ئەو چیرۆکەدا چارەنووس پێمان دەڵێت: لەونبووندا شتێک دەدۆزیتەوە کەهی خۆتە، ئەوەی من پێت دەدەم بیپارێزە. زۆر جاران بەهۆی بەرکەوتنمان بە نادیار، دەگەڕێنەوە سەر ئەو بابەتی چارەنووسە. لەم ماڵە دووروو درێژەی ژیاندا، ئێمە کۆمەڵێک ڕێبوارین کە بەهۆی خەوالۆمانەوە ناتوانین زیاتر بە ئاگابین.

خەوێک قووڵ قووڵ کە مێژووەکەی نانووسرێتەوە، شوێن و دەم و چاوەکانی ناناسرێنەوە، ئەوەی ئەم مێژووەی ڕاگرت، دەرکەوتنی یارانی دۆستی بوو، بە جۆرێک دەنگ و سەدای لەنێو تەواوی شاردا بڵاوبووەوە. هێندەی پێ نەچوو، خەونەکەی تێکەڵ بەکەشی ناو ژیانی بوو، کاکی خەونبینیش کە هەستی کرد بە ئاگا هاتیتەوە، بۆیە لەبەر دڵی تەرمەکان، نەختێک ئارامتر خۆی دەرخست، خێرایی دڵیشی هێواش هێواش جێگیر دەبوو. ئەمیش پەرۆشتر لە جاران گەڕایەوە نێو خەون و خەیاڵەکانی، دیمەنەکانی وەک نیگارکێشیکی دەست ڕەنگین،

هێڵکاری دەکردوو لەبیردا هەڵیدەگرتن. لە کاتی پێچکـردنەوە لە شەقام و لە قەراغ فرۆشگاکاندا خێرایی کەمتر دەکردەوە، ئیقبـال لە زۆرکاتـــان، وەک ئەوەی خـــۆی خەونەکـــانی بنەخشـــێنێ، جەســـتەی لەگەڵ ڕووداوەکـــان دەســـووڕاند. ســـەرباری ئەوەی بەتەنیشـت ژیـانەوە دانیشـتبوو، وەکـو ڕێبوارەکـانی دەم دەریـا، سەری نیسکێک دەردەهێنا بۆ ئەوەی دیمەنەکان جـوانتر ببینێـت، لەم دیمەنانە، زۆر منداڵانە دەردەکەوت، خەنی خەنـی نیگاکـانی دەخزاندە نێو باخچە و دەونەکان کە بۆ ڕازاندنەوەی شار کاریان لەسەر کردبوو، پارک و باخچەیەکی زۆری بەرچـاو دەکەوتـن، ئەوەشـی زیـاتر دڵخۆشـتری دەکـرد. بەپەنجەکـانی ئامـاژەی بـۆ گۆشـەیەکی دەسـتە چەپـی شـۆفێرەکە کـرد کە لە پێشـتردا، ئەو شوێنە بارەگای حزبی شیوعی کوردستانی لێبوو، بەس ئێستا بۆتە دووکان و باڵاخانە. بێ ئەوەی قسەیەک بکـات، ڕووی کـردەوە پێشەخۆی، بە دەستەسڕەکەی تەمی سەر جـامی پـێش شـۆفێرەکە و خۆیشی پاککردەوە. شۆفێرەکە ئەوەندە ڕاهاتبوو بۆ ئەو شـەقام و ئەو گەڕەکە لێبخوڕێـــت، بـــۆیە هەســـتی بە ئامـــاژەکەی ئەو نەکرد. لەبەرەوە بارانەکە کرێـوەی لەگەڵـدا بـوو، خەریـک بـوو بەفر کلۆ کلـۆ دەبـاری، جـام سـڕەکان فریـا نەدەکەوتـن جـامی سپیبووی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان پاک بکەنەوە، ئەو دیمەنـانەی زۆر بەلاوە سەیر بوو کە شۆفێرەکان جەستەیان نیوە دەردەهێنا و جامەکانیـان دەسـڕی، یـان هـاوەڵ شـوفێر و کەسـانی دیـکە بەشێوازی جۆرا و جۆر یارمەتی شۆفێرەکانیان دەدا، خۆشی زۆر بەوە دەهات بە دەستەسڕەکەی تەمی سەر جامەکـانی دەسـڕیەوە،

هەڵمی دەم و ساردی دەرەوە، دیمەنێکی جیاوازتری دەنەخشاند. ئەویش وەکو شۆفێرەکە، چاوی بۆ ڕێگایەک دەگێڕا کە لەهیچ لایەکەوە بەدی نەدەکرا، ڕێگای گەیشتن بە دیداری تەرمەکان بوو.

بەفر دەوەن و باخچەکانی ئەمبەرو ئەو بەری شەقامەکانی داپۆشیبوو، چی دی سەوزایی گیاکان و گەڵای دارەکان ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیان نەدەنەخشاند. شۆفێرەکە لەگەڵ کەڵەکەبوونی بەفرەکان ڕاهاتبوو، لەبەر تەم و نزمبوونەوەی ئاستی بینین لە ڕێگاکاندا، ئۆتۆمبێلەکان تیژهاویژە دوورەکانیان دادەگیرساند، یان چواریان دادەگیرساند کە لە نیمچە تاریکیدا ڕێگاکە باشتر بەدەر دەکەوت، ئەم دیمەنانە لە دەرەوەی شارەکاندا سامناکانە خۆیان دەنواند کە سەرنشینەکان بەدڵ و نیگایەکی مەترسیانە سەیری شوێنگەلی گوندە دوورو نزیکەکانی بەبەفر داپۆشراویان دەکرد کە تروسکایی گڵۆپە سەرکزکانی خانووە قووڕین و بێ داڵانەکان و ڕێگاو بانی شارو شارۆچکە دوورە دەستەکان کە لە کۆتای مانگی بەفرانبار سەهۆڵ ڕێگاکانی دادەپۆشێت. ڕێبوارە شەکەتەکانی دەستی ژیان، سەیری ئەو کێو و نسارانەیان دەکرد کە تیژکهاویژی ئۆتۆمبێلەکانی دیکە ڕووناکی دەکردنەوە، بەجۆێک کپیی دایدەگرتن کەهیچ یەکێک لەو سەرنشینانە نوقەی لەدەم نەدەهاتنە دەرێ.

ئەو سەرنشینانەی کە بەدەم بۆرژانەوە دەکەوتنە باوەشی جیهانێکی دیکەوە، خەیاڵ و خەونی جۆراو جۆر پەلکێشی

دونیایەک هەوراز و نشێوی ژیانی دەکردن، ئەوەی لە ژیانـدا لە دەسـتی دابـوو، لەو وردە خەوەیـدا بەخەیـاڵ بـۆ خـۆی دەگەڕانـدەوە، ئەوەی لە دنیـادا دەسـتی لێگیرنەبـووە، لەم قـونکە خەوەدا کۆشـکی چارەنووسـی پـڕ لە گەوهەری سـەفا دەکـرد. ئیدی بەم خەون و خەیاڵەوە ڕێگاکان تەی دەکەن. هەر بەنیگـاو لێـک ڕوانـین و جـل و بەرگ و شـێوەیانەوە، یەکتریـان دەخوێنـدەوە، هێنـدە دژوار نەبـوو مـرۆڤ بیزانیـایە، تەواوی سەرنشینەکان خەڵکی کوێن، خەیـاڵ پـڕی کردبـوون لە پێـدانی ڕەنگ بەوانی دیکەوە، ئەوەندە ڕەنگیان لـێ ڕژابـوو، واتـدەزانی هەموویان یەک جۆر نیگا دەنەخشێنن.

ڕێگاکان لێک دوور دەکەوتنەوە، کـات تـا دەهـات درێژتـر دەبوو، نەیدەزانی بۆ ناگات، ئەو ڕێگایە چ بوو نەبڕایەوە، لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە قسە، جار نا جارێ وەکو ئەوەی بییەوێت خـۆی بە کابرای شۆفێر بناسێنێت، دەمی بـۆ قسـان دەکـردەوە و ئیـدی بێدەنگ دەبوویەوە، بێ ئەوەی یەک وشـەی لەدەمـدا بێـتەدەرێ. هەندێک گفتوگۆیان کرد، بەس ئێستاش بیری ناکەوێتەوە، ئاخۆ لەگەڵ خۆیدا دواوە یان شۆفێرەکە؟

وەک ئەوەی وڕێنان بکات، هەر دەیگـوت و دەیگـوت: ئەم خەڵکە وەک خۆیان نەمـاون، هەریەک و لە گونـدێکی نزیکـی پایتەخـت ئاژەڵـداری دەکـات و بە کـوڵلەمەرگی ژیـان بەسـەر دەبـات، سـەیرەکەش لەوەدایە کە کەسـێ مەیلـی بەلای خەونەکانی نییە، کەسێ بیر لە حاڵی خۆی ناکاتەوە، ڕەنگە لەبەر

چەند هۆیەکی پڕ نهێنیش بێت کە ئامادەنین بۆ خۆشیان باسی بکەن. هەریەکە و لەخەمی خۆیدا چەقیوە، تەنانەت خەمی خاک و نیشتمانیشیان نەماوە، جاری وایش هەیە، سوپاسگوزاریی خۆیان بۆ ئەو خێروخۆشیانە دەردەبڕی کە خودا لەم وڵاتە پێی داون، درۆیان بەدەمی خودا و خۆشیان دا دەکرد، ترس ببوە هەموو شتێک، ئەوەندە خەسێندرابوون، توانای داکۆکیکردنیان نەمابوو.

خەونی مرۆیانە، جۆرێک لە ئارامی بۆ خەڵکەکە دەهێنێت و ژیانێکی تازەیان پێ دەبەخشێت، جۆرێک لە دڵنیایی کە بەدرێژایی تەمەنی لەم نیشتمانە هەستی پێنەکردبوو، ئەو سەردەمانەی بیر دەهاتەوە کە چێژی تێگەیشتن لە کەسێکی لە خۆی ژیرترو بە وزەتر وەردەگرت، ئەوکات تێدەکۆشان بەرەو ئامانجگەلێک کە بەچاوی کەسێکی میهرەبان و خاوەن ڕوانگە لە جیهان بڕوانێ، گشت ئەو هەستانەش وای لێکرد کە ترسی لەهەر شتێکی نەخوازراو نەبێت، لەوە گەیشت ئیدی هیچ شتێک درەنگ نییە، تێگەیشت جیهان لەوە زیاتر بۆ ناو نەهامەتی گل نابێتەوە، ئەگەر درەنگیش کەوتبن، هەر دەگەنە خاڵێک. هێشتا کەس تێناگات کەئەو خەونە بۆ نەگەیشت و ئەم خەیاڵە بۆ ئەوەندە دوور دەڕوانێت، بۆ هێندە درێژ بۆتەوە.

# ر

دەستپێکی وەرزی زستان بوو، سێ ڕۆژ بوو چلەی زستان دەسپێکردبوو، هێشتا ڕەشەبای ساردی پایز ماڵئاوایی تەواوەتی نەکردبوو، گەڵا بەبای ناسکی زستان هەڵدەوەرین، شەقامە ڕەنگخۆڵاویەکان، کوچە باریکەکانی شار ڕەنگیان سپی سپی دەچۆوە، لەم وێنەیەدا شار لە بازووی هەیتەیەکی هیلاک دەچوو کە بەدەست ئازارپێدانی هەندێک مرۆوە. وەک ئەوەی خودا نەفرەتی لێکردبێت، وەک شێوەی کۆڵانەکە باریک باریک دەردەکەوت. دەنگی ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرەکان بە درێژایی شەقامە پانەکەی بەردەمی، بێدەنگی شاریان ئەشکاند، لەملاوە هەناسەیەک وەک دەنگێک بە تەتەڵە و پڕ هەست و خرۆشان. وەک بڵێی تاقە ترپەی دڵی ئەم خاکەبێت بەدەوری خۆیدا ئەیگەوزاند، خەڵکەکە لە شێوەی سەگێکی ماندوو سێبەرێکی درەوشاوەیان لەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا، بۆ چەند چرکەیەک خەیاڵی غلۆر دەبۆوە بەدەنگی پێڵاوە قورسەکانی کپیی و سامناکی شەقامەکەی شکاند، شەقامێک لەبەردەم کوتاڵ فرۆشەکانی قەیسەری تێدەپەڕی، بەرە و ریزی زێڕینگرەکان پێچی دەکردەوە و درێژ دەبووەوە تا بەردەمی چایخانەی قەرداران. جارجارێ بەتاسەوە ئەوەستا بۆ ئەوەی سەیرێکی ئەم

شاره بکات، وەکو ئەوەی یەکەم جاریبی ببینێت، ئەو ئێستا لە ناوەڕاستی پایتەخت وەستاوە، لەناوەندی شار لە نزیک ئاپۆڕای ئەو خەڵکەی کە بۆ بازرگانی، یاخود گەشت و سەیران، لە هەرچوار لای وڵاتەوە ڕووی تێدەکەن، بۆ ئێوارەش وەک دەزووی مێرووله ڕێچکە دەبەستن و ماڵئاوایی لەشار دەکەن، ناوە ناوە ئەوەستا تا سەیرێکی باخچە و دەوەنەکان بکات. لەبەردەم ماڵەکان درەختی باڵابەرز و گژوگیای هەراشبووی زۆری بینی، لەناو کۆشک و خانووەکاندا، دارهەنجیری کێوی و بادام و داری تووی دەبینی کە بە گەڵای پڕلەنازیان کەپرێکیان لە شێوەی سێبەر بۆ سەر جەستەی ڕێبواران دروستکردبوو. بەتاو بەژێر دەوەن و دار زەیتوونەکان و دارچنارە لق بەستووەکاندا تێدەپەڕی، بەدەم ڕۆیشتنەوە نیگای دەبڕییە خانووە کۆن و داڕوخاوەکان. سەیری ئەو هەڵمانەی دەکرد کە لە دەمی زۆربلێکاندا دەهاتنە دەرەوە، گەرمکەرەوە خەڵووزییەکانی زۆر بەلایەوە جوان بوو کە دووکەڵە مەیلەو ڕەشەکانیان تێکەڵ بە هەوای ساردی دەرەوە دەبوو، سپی سپی دەردەکەوتن. سەرەنجی دابووە وەڕینی سەگە خێرلەخۆنەدیوەکان و بەڕەڵاکان کە بەو ریبوارانە دەوەڕین کە بەسەر ژانی ئاسنیندا دەپەڕینەوە. سەیری ئەو دووکەڵە زراقانەی دەکرد لە گەرماوەکانی شاردا بەرز دەبوونەوە، گەڕەکە هەژارنشینەکانی کوران و باداوە و سێتاقان و تەعجیلیش لەژێر بەفرەکەدا چۆڵ و بەجێهێڵدرا و دەهاتنە بەرچاو، ئەو دیمەنانە هێندە دڵگرانی کرد، بە جۆرێک فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانی هاتە خوارێ. لەوبەر شەقامەکەوە ژن و پیاوێکی بەدی کرد کە لە بازاڕ دەگەڕانەوە بە دوو

دەستی پڕ لە شت و مەکەوە، بە کامەرانی هەنگاوەکانیان دەگەشایەوە، ئەمیش وەک ئەوەی تابلۆیەکی نایابی بەرچاو کەوتبێت، زەردەخەنەیەکی بۆیان کرد. ئەو دڵگرانیەی لە ناخەوە هەستی پێ دەکرد، سەرچاوەکەی تەنها بۆ هەژاری و بێچارەیی ئەو خەڵکە نەدەگەڕایەوە، بەڵکو هەستێکی قووڵ و نامۆی کوشندەبوو کە لە شانۆ ڕامیارییە خەمگینیەکەی وڵات ڕەنگی دەدایەوە، لەنێو پارکی شار لەنزیک وێنەگرەکان، ئاپۆڕای خەڵکی دەبینی، بزەیەکی دەهاتێ کە خۆشیان نازانن وێنەی کوێ دەگرن. دەیڕوانیە پەنچەرەی ڕزیوی چایخانە پڕەکان کە لە کەسانی بێ کار کە قوماریان بەبەختی خۆیان دەکرد داپۆشرابوو. هەموو ئەوانەی لەو مەیدانە چۆڵە بەتەم داپۆشراوەکاندا دەیبینی و دواتریش بەردەوام خۆی نمایش دەکردەوە، وەک ئەوە وابوو کە دۆزەخێک لەنێو شارێکدا ببینێت و دەیگوت: دەبێ بە هەموو لایەک ئەم شارەیان لەبیر نەکردبێت، بڵێسەی ئەم دۆزەخەش تا کۆتایی ژیان بە کپی و بێ هەدەدان هەر گڕ بگرێت.

ڕۆژگار تێپەڕی و بەخت یاوەری هیچ کەس نەبوو، تا بەرگی ئەم ئاتەشا لەخۆی دابماڵێت. بەچاوی فریادڕەسێک لە هەموو شتێکیان دەڕوانی گشتیان تێدەکۆشان و ئۆخەیەک و تەوقەیەکی شادی لەگەڵ خۆیاندا بکەن، هەر لە خاوەن پایەکانەوە بگرە هەتا هەژارترین کەس، هەموو ڕوخساریان نابوو بە ژیانەوە.

پایتەخت بۆ ئەو شارێک بوو تا ورتر بە کۆڵان و

گەڕەکەکانیدا بگەڕابایتایە بەر چەندان شتی سەیر و سەمەرە دەکەوی، هەمیشە وەک شارێکی جیاواز دەردەکەوت ئەمڕۆی وەکو دوێنێ نییە و سبەی وەک ئەمڕۆکەی نەبوو، لە گۆڕانێکی هەمیشەیدا دەخولایەوە، ڕوخساری لەشێوەی کەناری ئەو دەریایانە وابوو پڕی بوو لە شەپۆل، شەپۆلی لەناکاو ئەو کاتانەی کە لەناویدا پیاسەی دەکرد، شەقامەکانی ناکۆتاو پێچاوپێچ و درێژ درێژ دەبوونەوە، بەجۆرێک دەتگوت: هەرگیز کۆتا ڕێگا نادۆزمەوە و ئیدی ناگەم بەو سەر، هیچ کۆتاییەک دیار نەبوو، شارێک لە سەراب، لە هەناسەی شەکەت، ئەوەندە سەیر دەردەکەوت، وەک دەریا وێنەی خۆی لەنێو شەپۆلەکاندا دووبارە دەکردەوە، هەر بارێکە ڕێیەک، چەندان ڕێچکەی وردی بەدوای خۆیدا دروست دەکرد کە بەردەوام دنیایەک ڕێبواری ماندوو لە ناویدا گوزەریان دەکرد. تەنانەت وێنەی ڕێبوارەکانیش وەک خەونەکەی لەنێو ئەم سەرابەدا خۆیان دووبارە دەکردەوە، وای هەست دەکرد کە هەندێک لەم ڕۆیشتنانە بێکۆتان، بەجۆرێک دەیانڕوانی، ئیدی نیگا و سەیرکردنەکانیان بەسەر خەونەکەی ڕەنگی دەدایەوە. گەر باشتر سەیرت بکردایە وات هەست دەکرد بەشێک لەم خەڵکە تارمایین، وەک نادیار دێن و دەچن، هیچ شتێک بەو شارەیان نابەستێتەوە، وەک شتانێک لەدەستی خەونەکانیان ونببن ئاوها سەرگەردان دەسووڕانەوە. زۆرێک لێرە بێ ناونیشان، تەنانەت توانای بەدوا گەڕانی خۆشی نییە، هەستت دەکرد ئەوە خەونی ئێمەیە بەسەر دەرگاو دیوارەکانی پایتەخت هەڵواسراوە، خەونەکان بە خەتێکی گەلەک نا ڕۆشن شێوەی دڵی شار

تاریـک نووسـرابوون، کەسـێ نەبـوو خەونەکانمـان کۆکـاتەوە، وێنەکانمان جارێکی دیکە بۆ بخاتەوە سەر ڕوخسارمان و پێمـان بڵێـت: ئەوە ئێـوەن بەدیـار خۆتـانەوە ونبـوونە، دەی پەلە بـکەن، نیشـتمان چیتـر توانـای بەدوا گەڕانـی نەمـاوە، ئـاخر هەنـدێک بــوونەوەری ســەیری دەبینـــی بەکۆڵێــک بێــدەنگیەوە بەدوای وشەیەکدا دەگەڕان، بەکۆڵێـک نەگبەتـیەوە بەدوای ناونیشـانێک دەگەڕان، بێخەون وەک وێڵێک لەمسەری شارەوە بۆ ئەمسـەری شار، بەدوای خۆیاندا دەگەڕان و نەیـان دەدۆزیەوە، بەجانتاکـانی دەسـتیانەوە نیشـتمانیان کـۆدەکردەوە. وەک تارمـاییەکی نادیـار، هەمیشە و هەمیشە بێئامانج دەسووڕانەوە، شار پڕی بوو لە خەونی شەرمن کە هیچ توانایەکیان نەبوو لە دەرگای ژیان بـدەن، بێهێـز و بێخێـر، بەدنیـایەکی لێـوان لێـو لە خـووی بەدەوە، بێنیــاز و بێـدەرەتان بە باوەشـێک خواسـتی خـراپەوە، پشـتیان بە دیـواری مێژوو دابوو، هەندێکیان وەک ئاشقەکان مژیـان لەجگەرەکانیـان دەدا، موعتــاد موعتــاد نیگەرانییــان هەڵــدەمژی، گەلەک ســەیر دەردەکەوتن فۆڕمی خێـوێکی نـابوود کە ڕقـی دنیـای لە خەون دەبێــتەوە و بـۆ هەمیشــە بەدوای تـۆڵەیەکی جەرگبـڕ دەگەڕان، بەشێکیان لەو ڕوخسـار و سـیمایانە بـوون کە بـۆ هەواڵ پرسـینی ڕێبوارانێک وێڵبوون کە بێـئەوەی شـتێک لەیـادگەی ئـێمە جـی بهـێڵن، بـۆ هەتـا هەتـایە ونبـوون، ئەوانەی دیـکە لە ڕۆیشـتنیان دیاربوو سووک و سادە بە ئاسپایی بەنێو دڵی شاردا تێـدەپەڕین، وەک گیاندارێکی بێزیان گوزەریان دەکرد. دەمبینـی کەسـانێک بێخەون و خەیـاڵ، سـەرگەردان، میـوانی تەنیـایی خۆیـان بـوون. لەتەنیایــدا چەقیبــوون، وەک شــەبەنگێک لەگەڵای دارێــکەوە

بەربێتەوە، شێوەی تریفەیەک بە گەزی مانگەوە نووسابێت، بەو جۆرە دڵنەوایی تەنیاییە بێدەنگەکەی خۆیانیان دەدایەوە، چەند لەو شەونمانە دەچوون دوای باران نیگەرانیان لەنێو ڕوخسارەکانیان دەشاردەوە، شار پڕی بوو لە هەناسەی ئەو ئاشقانەی ئاسمانێک، یان خەونێکیان نییە بۆ ژوان، خەیاڵێکیان نییە بۆ ڕاموسان، پەنچەرەیەکیان نییە بۆ ئارامی. شار لەناکاو بچووک بچووک لە شێوەی دەریایەکی خنکێندرا و بەکۆچ خۆی نمایش دەکردەوە، شەپۆلێک ئومێد تیایدا نێژرابێت، کەنارێک تەژی بێت لە خەونی بێ نیشتمان، ئەم شارە لە وێنەی کەناری دەریای چارەنووس دەچێ، ڕۆحی هەزاران خەونی بێدەنگ کردووە، هەزاران ئۆمێدی لەنێو هەناویدا حەشارداوە. بەجۆرێک شار بچووک دەبۆوە، وەک ئەوەی خاک هەناسە هەڵمژێت و بەدیار ئاوابوونی خۆرەوە ئەشک بگرێت، یاخوت چەشنی زەریاکان هەرچی بێدەنگی ژیان هەیە غلۆری بنی بنەوەی خۆی بکات، هەندێ جار بۆ پیاسەیەک بەبەردەم چایخانەی مەچکۆوە تێدەپەڕی و کە گوێی لە دەنگی ئەوان دەبوو، ئارەزوویەکی سەیر دای دەگرت، ئیدی وای هەست دەکرد شار ڕادەکشێ، بەرین بەرین دەبێتەوە، ئەوەندە بەفراوانی دەیبینی، لەو وابوو ئیدی زەوی بۆتە ئاسمان و ئەستێرەکان وەک هاوڕێ لەتەکیدا پیاسە دەکەن، چ خەونێک بوو ئەو خەونە، دەوەستاو بەخۆی دەگوت: چ سیحرێک لەو خەیاڵەدایە، بەراستی بە بینینی ئەو، بە گوێگرتن لەو خەونە، هەستی دەکرد لەنێو خۆیدا ون دەبێت، بەجۆرێک لەخۆی جیا دەبوویەوە، ئیدی تا ئەبەت نادۆزرێتەوە.

ئیقبال چەند ڕۆژێک لەنێو خەیاڵەکانیدا لەم شارەدا بردە سەر، پاشان خووی بەو ژیانە خەیاڵ ئامێزەگرت، ڕۆژەکانی بە خەیاڵی دیداری تەرمەکان کە بۆنی ئەمانی هەست پێکردبوو، بەم جۆرە ساتەکانی بەڕێ دەکرد، دواتر پێیزانی کە ئەوەی بەدوای دادەگەڕێت، دۆستی گیانی بە گیانی خەڵکانێک بووە، ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمین جار لەنێو پایتەخت وێنەو ناوی ئەوی لەسەر یەخەی یەکێک لە گەنجە خۆپیشاندەرەکان بینی، جوان لەو قسەیەی یاران حاڵی نەبوو کە گوتی: دانایی و زانیاریەکانی ئەو خەونە، لە بڕان نایەت. دەبوو لەم قسانە باش تێبگات، کە بۆچی باسی خەونەکانی کرد، دەبووا بزانی ئەمیش یەکێکە لە خەونبینەکان، هەر بەو قسانەی پێویست بوو بمزانیایە هەر کە کەسێک نوری ئەوی بەرکەوتبێت، ڕۆحی لە نەمری دەچەقێت، ڕوخساری بۆ هەمیشە درەوشاوە دەبێت، گیانی پڕ دەبێت لە خەون و ئاوەز، لای ئەو گەیشتن پێی لانەی ڕۆح و پەناگەی هەستەکانی بوو، بۆیە پەرۆشی گەیشتن بوو بەو تەرمانە تا بۆنی ئەو لە بست بە بستی ناو وڵات بکات و ڕۆحی ئەو بە تەنافەکانەوە هەڵمژێت. لەنێو نیشەکانیدا سەمای جاویدانی بکات، هەرچی ڕۆحی شیرینی ئەوان هەیە بینۆشێت. ڕۆژگارێک بە جەستەیەکی بێ ڕۆح و هەستەوە، حەپەسا و و گێژ لە نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵواسرابوو، وەک کەسێک کە بەهەمان زەوق و شەوقێکەوە کە خەوی لێئەکەوێت، بەجۆرێک کە خەبەری نەبێتەوە، بە شێوەیەک خەیاڵی گەیشتن بەمەستی خۆی کردبوو، هەرگیز لە ژیانیدا ئەوەندە هەستی بە بەختەوەری نەکردبوو، هەرگیز بە خەونیش نەگەیشتبوو بەو هەموو خۆشییە.

ڕۆژەکان تێدەپەڕین و نەیان ئەتوانی یەکتری ببینن و یەکتری لە باوەش بگرن، تێر تێر بۆنی یەکتری بکەن، لە چاوی خەڵکەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی تەرمەکان تەنها شەوێک ماوەتەوە، یاخوت چەند ساتێکی کورت بێرەدا تێپەڕیون، لەنێو خەونەکانیدا تەنها وەک ڕێبوارێک گوزەریان کردووە، ئاخۆ کەمتر لە ساتی بۆرژانی پیرە پیاوێک ماونەتەوە، یان ڕۆژگارێکی درێژ، کەس نازانێت چەند لێرە بوونە. خەڵکەکە دەیانگوت: ئێمە تەنها ئەوەندەمان بینیوە کە قاوەیەکی خواردۆتەوە، گشتیان تا ئەم ساتەش بەو ڕۆشناییە دەژین کە لە ئەو بەربۆتەوە، کەس نەیدەزانی کە ئەوان چەنێک لەم مەملەکەتە ماونەتەوە، چەنێک لەسەر زەوی ئامادەییان بووە، کەس ئەو مێژووەی بیر نەماوە، ئاخۆ کەی بوو بێرەدا تێپەڕی، تەنانەت سەرۆک حزبەکانیش کە وێنەیەکی گەورەی تەرمەکانیان لە بارەگاکانیاندا هەڵواسی بوو، بیرمە ئەو ڕۆژەی شیعری بۆ دەخوێندینەوە، کە لێم پرسی ئاخۆ ئەو ڕۆژەی تەرمەکان لە خەونەکەی ئیقبالدا بە بێدەنگی دانیشتبوو، جگە لە ئێوە کەسی دیکە بیری ماوە هاتنەکەی چەندی خایاندووە، هەبوو دەیگوت: من لە مزگەوت و کڵێسا و پەرستگاکان دەمانبینی، زۆر جاریش لەناو بازاڕ و زانکۆکان بە بێدەگی دادەنیشت. سوێندیان دەخوارد تا قاوەکەیان خواردووە، ئیدی لەبەر چاوانی ونبووینە، ئێستاش بەدەست ئەو ئازارەوە دەناڵێنێت و دەڵێت: خۆزیا بەدەستی خۆم چام بۆ دابنایە، خۆزگە چایەکەشیان دەخوارد، ئینجا بڕۆشتنایە، هەروەها دەیگوت: ئەوەندەی بەو ونبوونە لەناکاوە دڵپەست بووم، ئەوەندەش دڵخۆشم بەوەی کە ڕۆیشتن گەرمایی نورێک لە جێگاکەی

هەڵدەستا، ئێستاش بەو تیشکەوە دەژیم. کەسانێک کە تەنها ناویان بیستبوو، هەزار سوێندیان دەخوارد و دەیانگوت: چەندان شەو لەماڵی ئێمە نانیان خواردووە، لەم دۆخەدا لەبەر خۆشەویستی ئەو و نوور و پەیام و کەسێتییەکەی، کەوتبوونە نێو هەزاران جۆری درۆکردنەوە، لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤەکان بەسەر درۆ و ڕاستیدا دابەش ببوون، ئەوەندەیان خۆشدەویست، بۆیە هەموو درۆیەکیان بەدەمیدا دەکرد، هەزاران بووختانیان بۆ هەڵبەستبوو، بە جۆرێک هەبوو دەیگوت: بینیویانە بەخۆیی و لەشکرێک لە جەنگاوەری شمشێر بەدەست بێرەدا تێپەڕیوە، بە خۆیی و دنیایەک سوارچاکەوە ماندوویەتی خۆرهەڵاتیان لە کۆڵنابوو، بە خۆیی و جیهانێک نیگەرانیەوە، لە سووچێکی پایتەخت پشوویان دەدا. هەبوو دەیانگوت: دەمانبینی سواڵی خەون دەکات، هەمیشە وەک سواڵکەرێک ژوور بە ژووری پەرستگاکان دەگەڕا، بۆ ئەوەی بە مرۆڤ بڵێت، خەونێک بە دیار تەنهای خۆیانەوە ببینن. دەمانبینی بە باوەشێک ژنی ڕووتەوە بێرەدا تێپەڕین، ژنانێک ڕوخساریان پڕی بوو لە زەردەخەنەی پیاوە درۆینەکان، لە ڕوخساری گەنجە خەماویەکانی نێو ئاوێنەی بێچارەییان ئەوەندە شەکەت دەردەکەوتن، وات هەست دەکرد، پایتەخت پڕی بووە لە خەونی مرۆڤ، لە بێزاری خەیاڵ. بەو شێوەیە ئیقبال بەدەست خۆیەوە دەتلایەوە، ئەو دەبووا ڕۆحی بەر خەونەکەی بکەوێت.

بە زمانێکی پڕ لە نیهێنی و تەلیسماوییەوە قسەی دەکرد گوتی: خۆتان دەزانن بەخت یاوەرمان نەبوو، وەک پێویست نەیهێنا. خەونەکان وەک بەرکەوتنێکی سەیر وابوو لەگەڵ

هەستەکان، تا دەهات بۆی قوستر دەبوو، جیهانی ڕابردووی بێزاری و دڵ توندییەکی زۆری بۆ دەهێنا کە هەمیشە بەبیرکەوتنەوەی ڕۆحی تاریک و دڵی داغان دەکرد، بە ڕادەیەک یادەوەرییە خراپەکان دەهاتنە بەرچاوانی، تا وای لێدەکرد لە شکۆمەندی و جوانی ئەو خەونە تازەیەی کە ئولفەتی پێوەگرتووە، گەر ژیرانەتر هەنگاوی نەنابوایە، ئیدی ترس لە کەوتن بەسەر رابردوویدا زیاتر دەبوو، تا ڕۆژگار هەنگاوێک خێراتر تێدەپەڕی، ئەمیش زیاتر لە ناخەوە دەشڵەژا و ڕۆحی نوقمی بێدەنگی دەکرد، هەمیشە دێوزمەکان، خەیاڵە نەفرەتیەکان، باسی ئەو خەونە تاریکانەیان دەکرد کە مایەی دڵەخورپەی زیاتر بوون و مایەی ڕەشبینی بوون، گشتیان وەک پاکێجێک وابەستە بەیەک، مایەی خەم و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بوون، لەسەر ئەم خاکەداو لەم شارە بێ ئاسمانەدا، لەم پایتەختی وەیشوومەدا، خەونێک بێ زەوقترین قسەی خۆی بە گوێی مرۆڤدا کردووە.

بە بێدەنگییەکی سامناک و خەمگینەوە، هەرتەنها بۆ دڵی خۆی پەرێشان بۆ گەیشتن بە ئەو گوتی: هیچێک لەو خەونانە، نەیتوانیوە بارتەقای خەوەکەی ئیقبال شکۆی مرۆڤ بپارێزێت و مرۆ دەرباز بکات لەو هەموو نا ئومێدیە، ئای لە خەونی ئەو، لە خەیاڵی جوانی ئەو، ئای لە بێخەوی ئێمە. ئیقبال خەونی وەک گیا و دەوەن و باغێک دەبینی، ئەو هەمیشە گەشبینانە دەیڕوانییە خەونەکەی و هەموو ئەو ڕەشبینی و ڕوانینە تاریکبینانەی دەنگە جیاوازەکانی دیکەی وەک سووکایەتیەک بۆ سەر ژیان دەبینی، بەجۆرێک شەرمی لە بینینیان دەکردەوە، وەک هیچ کەس نەبوو

دەنگێکــی تــا بڵێیــی جیــاواز ڕوخســارێکی زۆر شــکۆدارانە پەنچەکـانی جیـاوازتر لەهەمـوو ئەو دەسـتانەی مرۆڤیـان بێچـارە کـرد، ژیانیـان خسـتە باوەشـی تـاریکیەوە، دەردەکەوت ئەو زۆر دلێرانە، مەردوو خۆنەویستانە ژیا. نەیدەویسـت چیتـر مـرۆڤ بەم ئـازارەوە بژێـت، هەمیشـە دەیگـوت: تەواو چیتـر وا بیـرنەکەنەوە خەون بۆتـــان شـــتگەلێکی مـــوژدەهێنن کە ڕۆژگـــارێکە خاوەنـدارییەتی نـاخە خراپەکەتـان دەکـات، نـا لەوە ناچێـت کە هـیچ شـتێک لەم خەیـاڵ و خولیایـانە هـی خۆتـان بـن، ئەوانە دروستکراون و ڕۆحە نەفرەتیەکان بۆیان سازاندوون، یان ئەوەتـا ئەمانەش وەک هەموو ئەو شتە نەخـوازراوانە وان کە لەبەشـێکی ئەم جیهـانەدا وەک گەنجینەیەکـی عەمبـارکراو بـۆ هەمیشـە لە بەشـێکی دەروونتـان پەنەهـانکراون، ڕۆژانە وەکـو قەرزێـک بـۆ ئەوەی زیاتر ڕیسواتان بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر ناشرینتر ببن، پێتان دەبەخشنەوە، بێ ئەوەی تێبگەن کە ئەوانە ئەو شـتانەن کە بۆتـان ئامـادەکراوە، ئەوە ئێـوە نـین خەونە ڕاسـتەقینەکەتان نیـیە، بەڵکـو هەستە نەفرەتی و بێئاگاکەی خۆتانە کە هێشـتا لە خەوی قـووڵی بێدەنگیدا بێدار نەبۆتەوە، هـۆ ، هـۆ ، هـۆ ، ئەی ئەو دڵانەی بـۆ تەنها ساتێک بێداری نادۆزێتەوە، هۆشێک، ئاگاییەک نـابینێتەوە، تا ئیدی بۆ هەمیشـە وەک خـۆی وەک ئەوەی کە هەیە بژێـت، ئەی مرۆڤی لە خۆتـدا چەقیـوو، بەم ئـاوازە تـازەیەو، بەو دەنـگە نـوێیەی ناخـت ئیمـان بهێـنە، گـوێ لە خەون و خەیـاڵ بگـرە، خێراتر باوەش بە دیداری خەوندا بـکە ئەو لە سـەر دەریاکـان و لە بەرزی ئاسـمانەکان گـۆرانی دەڵێـت، لەسـەر خـاک و زەویە کێڵدراوەکانتان ئاوازێکی خەمگین کە بۆتان وەک ڕۆشـناییەک

وابێت. وەک شکۆ پێتانەوە بنووسێت، ئاوها خۆشتانی دەوێت، ئاوها لەباوەشتان دەگرێت. ئەوە خەونە ڕاستەقینەکەتانە، خەیاڵە شاراوەکەی نێو خۆتانە، هەستە ڕاسەقینەکان و خەونەکانتانە، ئەو ڕۆشنایی دیدەن و نیگای چاوەکانتانە، باوەشکردن بەو باوەشکردنە بەخۆتان، گوێگرتن لەو گوێگرتنە لە خۆتان، ئەو بلیمەتی ڕۆژگارە. هەر ئەوەش دواجار بۆتە مایەی ئەوەی پایتەخت بە پەرۆشەوە، بەتاسەوە شکۆی ڕابگرێت، هەر لەم شوێنە و لەم جیهانە و لەم شارە، ڕۆژگارێک لەمەو پێش بەدانایی و بە هۆشمەندییەکەی، ئاماژەی بەو خەونە تایبەت و پەناهانەی ناوەوەی هەمووومان کردبوو، باسی ئەمڕۆ و دوێنێ و بەیانی کردووین، لەنێو ڕۆحی هەمووماندا نەمامێکی تازەی لە ڕەنگی خەون و لە هەناسەی خەیاڵ چاندووە.

ئیدی ماندوو بوونی چەند ڕۆژەو رۆیشتن بە سواری خەیاڵەکانی، هێشتا دڵی ئۆقرەی نەداوە، وەک گەشتیارەکانی ڕۆژگاری کۆن دەڵێن: تێپەڕبوون بە خەونەکانی ئومێد کوشندەیە، جگە لە هەناسەی خۆرەتاوێک کە بۆ ڕێبواران، وەک کەوتن بەسەر درێژترین ڕێگای تۆزاوی وایە، وەک بایەکی وشکی خنکێنەر وایە، لەوەدا توانای بینین و بیرکردنەوەی مرۆڤ تەواوەک شەکەت دەبێت. لەم جۆرە وەرزانەدا گەشتکردن، لەنێو تونێلی ڕێگایەکی نەپساوەداو بەتەنیشت غەمێکی گەورەدا، خواستێکی مەترسیداری خۆ لەبەینبردن لە هەستی مرۆڤ دروست دەکات، هیچ شتێک وەک دژواریەکی نەپساوە بە گەردەنی خەونێکی دوور دوورەوە وا لە مرۆڤ ناکات بیر لەخۆ دەربازبوون لەم جیهانە بکاتەوە،

ئیقبال ئومێدی گەیشتن بەو دیدارە و بەو جیهانە تازەیە دووری ڕێگاکان، ماندوویێتی گەڕان بەدەوری خەونەکەی نەدەبینی، هیچ بێزاریەکی لە بەرامبەر ئەو گەشتەیدا دەرنەبڕیوە، ئەو دەبوایە بەو خەونە نەپساوەیە گوزەر بکات، لەناویدا تا ناکۆتا بیابان و تۆزاوی بە شێوەیەکی لوولدراو ڕێچکەکان لە ناویدا دووبارە دەبوونەوە، ئەو ڕۆژەی گەیشت بە تەرمەکان، ، بە دنیایەک ئومێدەوە باوەشی بە تەرمەکان کرد، بە کۆشێک نیازەوە دڵی خۆی کردەوە، هەندێ جار کە دەگەڕایەوە بۆ نێو خەونەکەی بیری لە ڕۆحە نەفرەتیەکەی دەکردەوە، لە هۆشی خۆیدا دەیگوت: چ کارێکی بێمانام کردووە، لەگەڵ چ تووخمە ئادەمییەک ژیاوم، زۆر جاران چارەی مەرگی خۆی لا شیرینتر بوو لەو ژیانەی تیایدا دەژیت. مردنێک وەک ئۆخەیەکی فریاهێن تەواوی ئازارە ڕۆحیەکانی رابردووی بیر بەرێتەوە کە لەبەردەم سەرابی ڕێگاکاندا سەیری خۆی دەکرد، وەک ئاوێنەیەک لە خۆی ڕادەما، هەمیشە ناچار دەبوو خووە نا ڕەسەنەکەی لەسەر ڕوخساری لابەرێت، بەردەوام بیری لە جۆرێک لە خۆکوشتن دەکردووە، خۆ کوشتنێکی ڕۆحی. بیری دەکردەوە، وەک یوسف ئەمجارە خۆی بخاتە ناو بیرێکەوە و تا ئەبەت ونبێت، بۆ هەمیشە نەدۆزرێتەوە. زۆرجاران هەر بەدەم خەوەوە، ئارەزووی جۆرێکی مردن و خۆ ونکردنی دەکرد، دەیویست لەکەناری دەریایەک دابەزێت و لەبەردەم شەپۆلە لاوازو کزەکانیەوە خۆی ون بکات، بەڵکو بە هێمنیەکەوە ماڵئاوایی لەم زەویەدا بکات، لە شەبەنگی دنیا تازەکەیدا، جارێکی دیکە بە ژین بێتەوە، لەبەر بێتینی و لاوازی

خـۆی لەبەر ئەو هەمـوو خەون و خەیـاڵەی کە ڕۆژگاریـک بە کۆڵیەوە نووساوە، نەیدەویست بەو جۆرە بمرێت کە ئەو لەمردن ڕاهاتبوو، ژیـان هەمیشـە بـۆ خـۆی رایدەکێشـا. تێدەگەیشـت کە گیانی ئەو دەبێـتە سـەدەفێک و ئیـدی ڕۆحیشـی تەکـان لەدوای تەکـان لەگەڵ جەسـتەیدا تێـدەپەڕێت و بەنێـو زەریـا و ئـاوە قووڵەکانـدا دەڕوات، بە جۆرێـک بـاوەش بە ئۆقیانووسـەکاندا دەکات، چەشنی نەوڕەسێکی ئـازاد، لەگەڵ هەناسـەی دەریـاوانە رۆمانسیەکان دەبێتە دۆست.

# ١

ئەو ئێوارەیە نە بێداربووین نە خەوتوو، لە دۆخێکی تایبەت، هەموو شتێک خامۆش، دەنگی هیچ شتێک نەدەهات، دەنگی ئۆتۆمبێل و ڕێبوارەکان وەک ئێوارانی دیکە لە گوێمان نەدەزرینگایەوە. خۆرەتاو گەیشتبووە ئاسۆ، بە تیشکی درەوشاوەی سوورەوە، بە نیازی ئاوابوون گیانی لارکردبووەوە، تریسکایەکی باریک بەدەرکەوت، مانگی پڕ لە زەردەپەڕی شادی و ڕووناکی بە خێرایی باوەشی بەشەودا دەکرد. تیشکی کەمڕەنگی خۆرەتا و هێشتا لەناو گۆڕستانی دەدا، بەر ڕوخساری تەرمەکان دەکەوت و لەوێ لێو و لووت و دەستەکانیان هێندە دەدرەوشاوە، وەکو شتێکی پەرۆش بەو دیدارە وەستابوون. هەرگیز بەو شێوەیە درەنگانی گۆڕستانم لە کپیەکی قوڵی وادا نەبینی بوو، بە جۆرێک دەردەکەوت کە هەموومان بە ئاگابین، بەڵام دیمەنەکەی پێچەوانە خۆی دەردەخست، وەک کەسانێکی خەواڵوو بۆرژاو دیاربووین، هەرزوو لە نزیک گۆڕەکاندا دەنگی قورئانخوێنان و نزای دایکە جەرگ سووتاوەکان تەواوەک

سەرسامی کـردین، تـابلۆی گۆڕەکـان بەهـۆی ڕووناکی مـانگە شـەوەوە بە جـۆرەک دەبریسـکانەوە، سـاڵڕۆژی لە دایکبـوون و کـــاتی مـــردن و ئەو ئـــایەت و شـــیعرانەی کە کێلەکانیـــان پێڕازانـــدبوەوە، زۆر بە جـــوانی دەخوێنـــدرایەوە، کە ســـەیری کـاتژمێرەکەم کـرد، کـات ببـوو بە حەوت و چـل و هەشـت خـولەک، ئیـدی دەنگـی قورئـانخوێن و نـوزە نـووزی گریـانی دایکان، لەگەڵ خۆردا ئاوابوون. کپـی و بێـدەنگی گۆڕسـتانەکە تادەهات سـامناکتر دەبـوو، لە پـڕ دەنگێـک وەک ئەوەی هـاوار بکات و بقیژێنێت بەرزبـووەوە، پێـدەچوو دەنـگەکە لەژێرخاکـدا بێت، پڕی بوو لە قسە و وتی وتی. خۆ هـیچ کەسێک نەمـابوو، تەنها من و گۆڕەکـان بـووین و دەمگـوت: دەبـێ ئەو دەنـگە لە کوێ بێت؟.

لەو دیـــــوی دەروازەی گۆڕســـــــتان، لە دووری دووری خەونەکەمەوە، گوێم لە دەنگی کەسانێک بوو دەتگـوت بەسـەر خاکەوە نین، دەنگی ئەوان ئاوازێکی دیکەی هەبـوو، وەک ئەو دەنگـانە نەبـوو کە پێشـتر گـوێم لێـی ببـوو. لە خەیـاڵی خۆمـدا دەمگوت: ئەو دەنگە دەنگی مـرۆڤە زینـدووەکانە، بـۆیە هـاوارم کــرد: ئەی ئەو دەنــگەی هــیچ ڕەنگێکــت نیــیە، لە ســێبەری جەستەی خۆتدا چەقیوی، ئێوە کە هیچ شتێک بەرگەی بینینتان ناگرێت، تۆ بڵێی تاکەی بەو جـۆرە بێڕەنـگ و تاسـاو بمێنـنەوە، دەی قاچەکانتـان بەرزکەنەوە، ئەو قاچـانەی دنیـایەک ڕێبوارتـان

پـێ سـەرگەردان کـرد، نیشـتمانێکتان دڵسـارد کـرد لە ڕۆیشـتن، لێــوان لێــو بــوون لە بێهــودەیی، لە تەماشــای قــووڵ. دەی دەســتەکانتان بە ئــاوی شــەرمەزاری تەڕکەن، نەختێــک لەبەر هەتـاوی شـەرەفمەندی دانیشـن و گـوێ لە پەیـامی ئەوینـداری مردووەکـان ڕاگـرن، بەڵام نەکەی دڵیـان لێمـان بتۆرێـت و لە تەنیایدا جێمان بێڵن. دەی گیانتان تـێکەڵ بە هۆشـمەندی بـکەن، لەگەڵ ئێمەدا سەمای جاویدانی بکەن.

هەر کاتێک لە ناختدا هەستت بە پەرتەوازیـی ئەویـن کـرد، ئەوە جــۆرێکە لە مــردن، مــردن باوەشــکردنە بەنائومێــدی، بە خەمگینی، بە ڕوخساری دڵڕەقی. لە ئەوینـدا ژیـان هەیە، هیـوا و سـبەی هەیە. گریمـان گیانـت پڕبـوو لە مەراق، لە گەیشـتن بە ترۆپـک، ناپرسـی کـێن ئەوانەی لە بەرزایـی دەنـوارن، ئێسـتاش سەرسامی خـۆم بەرامـبەر هەڵـۆ دەردەبـڕم، هـۆیەکەی لای مـن، قوربانیـدانیەتی لە پێنـاوی خۆیـدا. هەڵـۆ چەشـنی ئاشـق بـۆ دڵـی خۆی دەسووتێت. هەروەکو لێبووردنی یوسـف بـۆ براکـانی، تـا لەنـاو دڵـی خۆیـدا بژیـت، نەک لە نـاو ڕق و تۆڵەسـەندنەوە. مەراق، مرۆڤ پەرت دەکات، ڕۆح نیگەران دەکـات، خامۆشـی دەکات لەنێو شتە بێنرخەکانیدا. (هۆ هۆ کێ لێریە، کەس گـوێی لێمە، خۆ ئێوە ئەی زەمین نشـینەکان، هەمـوو شـتێک لە دووری دوورەوە دەبینن، هەمیشە دەروونتان بۆ دنیایەکی دیکە لێدەدات، گەڕیدەن، لە هیچ شوێنێکی ئەو هەسارەیەدا ئۆقرە نـاگرن، بێبـاڵ

هەر شوێنێکتان بوێی بۆی دەچن. بۆ ئەوەی بتان بینم، دەی هێندە بەخیل مەبن و لە لێواری ئەو گۆڕستانە بێدەنگەدا، هەندێک کەڵک لە تروسکایی گۆڕەکان وەربگرن و ڕوخسارتان دەرخەن). دوای کەمێ گۆڕێک بە دەنگێکی تەواوەک ئارامەوە گوتی: هۆ کاکی خەونبینی زیندوو چاوەڕێی چیت، مرۆڤ ئەوکاتە زاری دەجوڵێ کە دڵی زیندووبێ. وەرە گوێ لە ئێمەی مردوو ڕادێرە، تازە هیچ بەهانەیەک بۆ ژیانمان نەماوە، تا لێی بترسین؟، سڵ بکەینەوە، هەرچی بەسەر زمانمان دابێت دەیڵێین. هیچ نهێنیەک لای ئێمە نییە، لەو ژیانەی ئێوەدا مرۆڤەکان بێنرخ بوون، بەسەر چارەنووسێکی نادیار کەوتوون. (دەنگی گۆڕەکان تا دەهات زیاتر دەبوو، نزیکتر دەبووە)، گوێم لە چەند پەیڤێک بوو، دواتر هەست مکرد، ئەوە دەنگی گۆڕێکی کۆنە، بەس هیچ لە مانای قسەکانی تێناگەم، باسی شتانێک دەکات، لای من ئاشکراو ڕوون بوو، زۆر کۆنە مێژووەکەی. هەرچەند بەحاڵ لە بەکارهێنانی چەند وشەیەکی حاڵی بووم کە لەبیرمدا هیشتمەوە. دەیگوت (نەگبەتین، هەموومانیان کوشت، ئاخ کە کوردیش بووە؟) کاتێک سەرم هەڵبڕی، هێندە بە تاسەوە ئەو وشانەی هەڵدەڕشت، دەتگوت خراومەتە ناو ئەو ڕووداوانەی کە باسی دەکات، دەمبینی لە نزیک ئەشکەوتێک لە کەناری ڕووباری تاسەمێرەوە، مرۆڤ لە خاچ دەدرێت. دوای ئەو چیرۆکە هەموومان بێدەنگ بووین، دەنگە دەنگی مرۆڤ کە لە دووری دووری گۆڕستانەکان

دەهاتن، هەراسانی کردبووین. وەک ئەوەی بەدەم خەوەوە بڕۆم، دوای کەمێـک منـیش بێـئەوەی بمەوێـت تـێکەڵ بـوومەوە بەو کەسـانەی کە مردووەکـان لەبەر قیـڕە قیـڕی ئەوان ئارامیـان لێشێواوە. دووبارە مرۆڤەکان بەدەم هـاوار و ڕاکە ڕاکـی ژیـانەوە بەرە و لای سیلەی ژیان هەنگاومان دەنا. قیژەو قسـە بێماناکانیـان بە چواردەورمانـدا دەیـدا بەبنـا گوێمـان، بە تەنیشـتمانەوە وەک گوللەی دەمانچە گیزەی دەکرد، هۆش و خەیاڵە کوشندەکانیان، هەمیشە ئاڕاستەی جەرگی گەنجـان و لاوەکـان بـوو. هەمیشـە لە خۆم دەپرسـی، بـۆچی منیش وەک ئەوان بەرەو کەنـاری ژیـان ڕادەکەم، بەڵام هەندێجار ئاهێکی گەرم لە سـینەمدا دەردەچـوو. هەستم دەکرد، دەمارەکانی جەستەم بەو هەموو خـوێنەوە هێـرش دەکـاتە سـەر ئاگـایمەوە، تەنهـا کەسـێک کە هێشـتا خەو بەری نەدابێت من بووم کە گەیشتمە بەردەمی قاوەخـانە قەرەباڵغەکـانی شار، چاوم کەوت بە کەسانێک کە هێشتا مەست مەست بەدیـار کوشتنی کاتەکانیان دانیشتوون، زیاتر هێرشم دەکردە سـەر خـۆم و بیرکـردنەوە و خەیاڵەکـانم، ئـاگرم بەردەدایە هەمـوو شـتێک، وێنەی سەردیوارەکانم، ئەوانەی چارەنووسمانیان خسـتە چـاڵەوە، لەبەرچـاوانم ون دەکـرد. خەونـی درێـژم بە زینـدوو بـوونەوەی مردووەکان دەبینی.

وەک ئاشقێک مەعشوقەکەی نەیویستبێ دڵی بە دڵی خۆیەوە بەند بکات، بەو شێوە دەردەکەوت، زۆر لەو زینـدانیانە دەچـوو،

تەمەنی زیندانیەکەی تەواو بـوەو بەس هێشـتا هەسـت بە ئـازادی ناکات. لەلایەکی ترەوە نایەوێت ئەم خەیاڵە تۆزاوییە، ئەم خەونە لمـاویە جێبهێڵێـت کە وەک هەوارێکـی تاریـک و نـا ڕۆشـن سـەیری دەکـات. دەشـیزانی کە خەونەکەی چارەنووسـیەتی، خۆکوشتنە. لەو خەونە دێرینانە دەچێت کە بەدەسـت نەگەیشـتنی بە دڵدارەکەیەوە لەناوەو گڕدەگرێت و دەسووتێت. دەترسا ئیدی لەبیری هەموو شتێک بچێتەوە، ڕوخساری لەنێو خەونەکانیـدا ون بێت. بەس هەرگیـز ژان و زامەکـانی بیرنـاچنەوە، خەڵکـی پێیـان وابـوو خەونـی ئیقبـال بـۆ دیـداری تەرمەکـان، وەک خەونـی هەرزەکاراکانە نەبوو کە وەک کڵپەیەکی کتـوپڕو لەناکـاو هەڵ دەکـات و لە ناکـاویش خـامۆش دەبێـتەوە، بەڵکـو ئەو هەسـتی دەکرد، هێڵێکی پڕ لە وزەی ئەوین بەو دەیبەستێتەوە کە دەبێـت وەک شیرینێک هەمیشە چاوەڕێی فەرهادێـک بکـات، وەک ئەیوبێک ئارام بگرێت تا ماناکانی دەیـدۆزێتەوە. دەبێـت دڵێکـی سـەنگین و ئاسـنینی هەبێـت، تـا هێـدی هێـدی نهێنیەکـانی دەرکەوێـت، دەیزانـی ئەو ڕۆژگـارانەی کە بەیەکەوە لەو خەوە بێچارەیەدا، لەم گەشتە چارەنووسازەدا سەیری کەرنەڤاڵی بەیەک گەیشتنی خۆیانیان دەکرد، ئاسـایی نەبـوون. دەشـیزانی پەرۆشـییە شێتانیەکەی ئەو، جگە لە سروشتێکی جوان کە تەنها شێتەکان بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت دەری دەبڕن، هیچی دیـکە نەبـوو. باش دەیزانی ڕەفتارەکانیان دڵەخورپە و منگە منگی پەرۆشیان بۆ یەکتری، ئەو پەڕی شێتییە. شاردنەوەی کۆمەڵێک نهێنی دیـکەیە

لەنێو ناخیاندا، گفتار و دەرونە پاقژەکانیان ئاوێنەن بۆ قەدەرێکی تایبەت کە ئەو بۆی برژاوەو بۆی وێڵ و سەرگەردانە. دەشیزانی ئەوەی کە لە خەوەکەیدا وەک نهێنی پارێزراوە، ڕۆژێک دادێت لە نێو دڵی هەموماندا لە نێو ڕۆحی هەموو جیهان لەنێو گیانی گشت بونەوەرێکدا دەنگەکەی دەبیسترێت، دەیزانی ڕۆژێک دێت زانایی و سەدای خەونەکەی لە تەواوی پەرستگا و بارەگای حزب و تەنانەت لەنێو مەیخانە و یانەی لەشفرۆشەکان دەبیسترێت. دەمێک بوو هەستی دەکرد کە لەنێو دەریایەکی درەوشاوەدا مەلە دەکات، لە مێژبوو دەیوست لەنێو ئەو دەریایەدا دەستی ئەوانە بەرنەدات کە بۆنی خەونی ئەویان گرتووە. دەویست توند توند دەستی هەمویان بگرێت، تا هەرچی بۆنی نێو خەونەکەی هەیە هەڵیمژێت، گوزارەی ئەو مەلە کردنەی لە خوێنیدا چەقیبوو، هەمیشە دەیگوت: ئێمە لەنێو ڕۆحی پڕ لە خەونی ئەواندا، مەلە دەکەین. دڵنیابوو لەوەی ڕۆژێک دادێت کە خەوەکەی لەنێو دڵی ئادەمیزاد دەدرەوشێتەوە، لەنێو شار و پایتەختدا خەڵکی بەسەر شەقامەکاندا وتەو بلیمەتی و ئەقڵمەندیەکەی ناو خەونەکەی گوێ لێدەگرن و دەیگوت: وەرن تا تینتان تێدایە دەستی بکوشن، ئەوەی دەستی بخاتە نێو دەستیەوە، لە جیهانێکی تازەدا بە پۆشاکو بەرگی نوێوە بەچاوو گوێیەکی دروست و بێسنوور و ئارامەوە دەردەکەوێت، ڕاستی لەنێو دڵیاندا دەردەوشێتەوە. چیتر ناگەڕێنەوە نێو ئەندێشە کاولبوەکانەوە، ناگەڕێنەوە نێو ئەو

چیرۆکـــانەی جـــگە لە خـــاپورکردنی خەونەکـــان، جـــگە لە گێڕانەوەی سـاتە سـامناکەکان، هیچـی دیـکەی بـۆ جێنەهێشـتین. ئێوە هیچ پەناگەیەکتان نەبوو، لە بیابـانێکی بـێ چـرادا، بێئەوەی ئاوڕێک بدەنەوە کەوتن بەسەر خەوێکی شەقار بوودا.

هەرکەسێک بەو خەونانە ئاشنا نەبێت، وێڵ دەبێت، لە بیابانـدا دەچەقێت، لەنێـو ئـاوێنە دووبـارە بوەکانـدا ون دەبێـت، لەبەردەم خۆیانـــدا وەک دووبـــارە بـــونەوەی هەســـتەکانی، لەبەردەم ڕێگایەکی سەرابیدا وەک سێبەرێکی ماندوو دەکوژێنەوە. پێیوایە هەنـدێ کەس بەشـی زۆری خەونەکانیـان لەخەیاڵـدا ڕۆچـووە، هەندێکی دیکەیـان ڕاهـاتوون خۆیـان و ئەوانەی تـر بـکەنە نێـو چاڵێکی پڕ لە وەیشوومە. خـۆی وەک پـاڵەوانێکی نێـو چیـرۆکە خەیاڵیەکان دەهاتە بەرچاو کە کەوتبێـتە نـاو گەردوون. هەمیشـە ترسـی لە دووبـارەبوونەوەی خـۆی هەبـوو، لە دووبـارەبوونەوەی خەونەکان، ئازارەکان، بـۆنی بـاروت و کوشـتنی مـرۆڤ. ئەگەر ئەو ژیـانە بـۆ ئەو دووبـارەبوونەوە بێـت، ئەوە خـۆی و تەواوی خەڵکـــی وەک مـــردویەک دەهـــاتە بەرچـــاو کە بە کـــوچە و شـەقامەکانی خەونەکـانی دەگەڕا، هەسـتی دەکـرد زیـاتر بەسـەر خۆیـدا پەرت دەبێـت. ئیـدی جیاوازیەکـانی خـۆی نـادۆزێتەوە، پەرتبوونی خۆی بۆ کۆناکرێتەوە. بە شێویەکی ترسـناک لەیەک دەچوون، ئەو تەرمانەی دێن و دەچـن، وەک ئـاپۆڕایەک لەنێـو گۆڕسـتان دەردەکەون لە دیـدی ئەودا یەک کارخـانە بەرهەمـی

هێناون، یەک ڕوانگە مانیفێستی کردوون. تەواوی مرۆڤەکانی بەیەک ڕەنگ دەبینی، پەرستگاو بارەگای ژنە ئازادەکانی وەک مەیخانەیەکی مەستکەوتوو بەسەر جەستەی پیاودا سەیر دەکرد. گۆڕستان پڕی بوو لە وردە قسەی بێ بنەما، پڕی بوو لە نیگای پەرتبوو. گۆڕستانی وەک چیرۆکە درێژەکانی بیابان سەیر دەکرد، پاڵەوانەکانی بە ڕوخسارێکی تۆزاویەوە کۆچێک بۆ باکوور دەکەن، کۆچێکی نادیار.

هەمیشە بەچاوی ئەبلەق بوی پڕ لە پرسیارەوە دەیڕوانییە ئەم کۆترە باڵکراوانەی کە منداڵەکان لەباوەشیان دەنان و گەورەکان لەسەر بان، خۆشیەکانیان لەگەڵ بەش دەکردن. ئاخر کۆتر چ لەو خۆشییە چێژ وەردەگرێت کە دیلی نێو دەستی مرۆڤ بێت، چ چێژێک لەو فڕینە دەبینێت کە ئێواران بە دڵێکی یەخسیرەوە باوەش بە هێلانەکەیدا بکاتەوە، چ لەم زیندانە تەلبەندکراوە بکات کە نەتوانێت باڵێک زیاتر بۆ فڕین قەرزبکات و نەتوانێت عاشقانە باوەش بە ئاسماندا بکات. لەسەر کام تێل و کام چەم و کام دارستان هەیە پڕ بە هەناسەکانی لە شەقەی باڵ بدات، ئەمە چ چێژێک لە مەوداکانی فڕین بە چەند سەربانێک، لە ئێوارەش بە نادڵی لەسەر دەستی مرۆڤێک بۆ ئەوەی ماچی دڵدارەکەت بکەین هەڵنیشیت، ئەمیش وەک فێڵێک، دەست خەرۆکردنێک بتخاتە زیندانێکەوە. چ لەو دنیا پڕ لە درۆیینەی مرۆڤ بکەم،

هێشتا تێنەگەیشتووە کە ئێمەی باڵندە لە ئاسمان نەبێت، جوانیمان لێ دەرناکەوێت و باڵەکانمان باش هەناسە نادات.

توند دەستی خۆی گرت بەچەند هەنگاوێک خەیاڵەکانی وەپێش خۆیدا، وەک ئەوەی بیەوێت ئەندازەی هەموو جەستەی چاولێبکات، بەو جۆرە چاوی تێبڕی دەستی چەپیشی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو، ئولفەتی بەوە گرتبوو کە هەمیشە ئەو دەستەی دەخستە گیرفانەکانیەوە، بە شێوەیەک لە شەقامدا دەڕۆیشت، وەک کەسێک ورد ورد سەیری زەوی بکات، واپێدەچوو لە ئەستێرەیەکی ونبوودا بەدوای جۆرە خاکێکی نوێ و نیشتمانێکی خاش خاش کراودا بگەڕێت. بە هەنگاوی لەو خاوتر و لەو هێواشتر هەنگاوەی دەخستەوە دواوەی، گوێی لێبوو دەیگوت: وانەزانی ئێرە گۆڕستانێکی بێنرخە، ئێرە بەشێکی نەبیندراوی قەشەنگترین شوێنی دنیایە، ئێرە ئەو جێگەیە کە هەموو تەرمێکی تێدایە، تەنانەت پڕیەتی لە نیشتمانی مردوو، پڕیەتی لەو خاکەی کە تا ئێستاکێ بە دواییدا دەگەڕێین. گۆڕستان دنیایەک نهێنیی تێدایە، شتی شاراوەی زۆری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. لەڕاستیدا من هیچێک لەو شتانەم لە گۆڕستان نەدەبینی کە ئەو باسی لێوە دەکرد، تەنیا گۆڕو چەند کێلێکی داتاشراو بەدارو بەردم دەبینی کە وێنەی ئەندازەیەکی زۆر ناحەزانەیان دەردەخست لە تەپوتۆزێکی خامۆشکرا و چەقیبوون. مرۆڤ بە زەحمەت توانای جیاکردنەوەی ڕەنگەکانی هەبوو،

چونکە ئەو گۆڕستانە تەلیسمکراوە هەمیشە لێک دەکشان، هەمیشە تخوبەکانی درێژ دەبوونەوە بە قەبارەی هەناسەکانی بێهودەیی. هەندێ کات وەک گۆڕستانێکی درەوشاوە دەردەکەوت، هەندێ کاتیش بچووک خۆی دەردەخست لە شێوەی گۆڕێکی پارچە پارچە بوو، ئاخر ئاسان نییە لەو هەستە بگەیت گەر خۆت لەناویدا نەژیابیت. ئەم قسانەی چەند بارە دەکردەوە دەیگوت: سەیری هێمنی ئەو ئێوارەیە بکە، سەیری ئەو تەرمانە بکە، چۆن مەستن و بەدیار چارەنووسیان سەما دەکەن. بڕوانە شوێن پێی ڕۆیشتنی ئەو ڕێبوارانەی بۆ ژوان خەریکە باڵدەگرن، سەیری ئەو شۆفێرانە بکە کە چەند شیرین میوانەکان دەخەنە سەر شەقامەکان، چەند جوان دڵی شاریان بۆ ڕادەخەن. سەیری ئەو میوانخانانە بکە کە چەند دڵیان بەبێ ماڵی ئێمە خۆشە، چەند دڵخۆشن کە ئێمە ماڵێکمان نییە بۆ ژیان. دەتۆ سەیری ئەم هەموو تەماشایە بکە کە چۆن لەیەکتر دەڕوانن، زۆر بێفیزانە کۆتا نیگایان بۆ یەک دەنێرن. ئای لەو گۆڕستانە تەلیسماویە جگە لە غوباری ژێر پێڵاوی ئەو ڕێبوارانەی لەمسەر و ئەوسەری دنیاوە بۆی دێن، ئەو گەشتیارانەی جگە لە فەرشێکی لۆچ و لولدراو، هیچی دیکە نیین. جگە لە ڕوداوێک، جگە لە دووبارە بوەوەی مێژوویەک چیتر نیین. ئەوانە هەموو شتێک دەبەن لەگەڵ خۆیان، تەنها پەژارەیی دەهێنن، جۆرێکن لە بوونەوەری شەکەت لەنێو جەستەی خۆیاندا. دارماو لەنێو پیاسەکانیاندا، ڕێبوارێکن هەموو بێداریەک دەتۆرێنن. هەندێک

بە بـۆنی بـاروت و تەپوتـۆزی جەنگەکـانەوە دێـن، هەناسـەیان پڕیەتی لە هاوار لە قیژەی خەفەکراو، لە بۆنی حەسرەت. تـا پتـر بەرەو قـوڵایی گۆڕسـتان دەڕۆیشـتی، زیـاتر تەپۆتـۆزی جەنـگ هێرشـیان بـۆ دەهێنـای و خـۆڵ و غوبـار لەسـەر قـژو ڕیـش و برژانگمان دەنیشت.

# غ

بێئەوەی پێی بزانم بووم بە یەکێک، لەو کارەکتەرانەی نێو ڕووداوی هەڵسانەوەی پێنج تەرم کە لە پێنج گۆڕی جیادا ڕووت ڕووت بەرە و لام دەهاتن. بە ناچاری بووم بە بەڵگە و دیدڤان و گەواهیدەر، بۆ تەواوی کون و کەلەبەری ئاریشەکەیان. بەراورد بە وانی دیکە، من سەرەداوی گشت نەهامەتیەکان بووم. سەرەتا خەونێک بوو، دواجار لێمان بووبووە بە دێوزمەیەک بۆ سەر گیانی گشتمان. هەرچەندە بارتەقای ئەوان بەشێک نەبووم، لەو چیرۆکە. تەنها خەونێک بووم، خەونێک هاوتای نەبێت لەناو مەردوومدا. هەڵبەت بە هۆی ئەو خەونەوە، چاک چاکم دەزانی سزاکەی من قورستر دەبێت لەوان. دەشمزانی ڕووداوگەلی ناو خەونەکە، هەراو زەنایەکی قەبەیان بۆم سازکردووە و هاونیشتمانەکانم تۆمەتی زۆریان خستۆتە پاڵم، لە ژیانمدا بەو شێوەیە گرفتار نەبوویمە و بەو ئەندازەیە ناخۆشی نەهاتۆتە سەر ڕێگام. بەو جۆرەش سەرکێش و یاخی نەبوویمە. سروشتی ژیان وایە، بێ ویستی خۆت، دەردەداری هەزار زامت دەکات. برینی سەخت لە دەروونت جێدەهێڵێت و ڕاتدەکێشێتە ناو دنیایەک سەرئێشەوە، نە سەری

دیاربێت نە بنی. نەریتی کێشەکان لەو مەملەکەتەی ئێمە هەروایە، ئەوەندەت خۆشە تا دەکەویە ناو چاڵەکەوە، ئیدی بە فیلیش دەرناهێیت. سەرباری ئەو دەردە سەریانەش، گەلۆ ئەگەر قیچەک ئازاد بوومایە، هیچ کاتێک ئەو چارەنووسەم هەڵنەدەبژارد، بەڵکو زۆر سادەتر لە سەردەمی منداڵیم باوەشم بە خولیاکانمدا دەکرد. تا ئەو ساتەیش کە تەمەنم نزیک بۆتەوە لە سەرووی پەنجا ساڵی، ئەوسا ئەو خەمە گەورەیە نەبووایە، بەو شێوەیە ڕەنگ و ڕووم نەدەپەڕیی و ڕوخسارم نوقمی خەمگینی نەدەبوو. هێندەش هۆبڕا نەدەبووم. بەدەست خۆم نییە، خەونێک پەڕ پەڕ ژیانمی بەباکرد. مخابن حەزە پەمەییەکانمی خامۆشکردەوە، ئێستامی گەیاندە کەنارێکی نا دیار. هەنووکە ئازیزانم گلەیی ئەوەم لێدەکەن کە دەست لە سیاسەت و شتی قەدەغە دەدەم و ڕیسک دەکەم؟ بەس ئەوە جۆرێکە لە بڕیاری کوێرانە، تا بڵێی لە ڕاستیەوە دوورە.

ساڵان ڕۆیی و مانگ و ڕۆژ تێپەڕین، ئێستاکێ هەڤاڵەکانم دروست لێم حاڵی بووینە کە خەیاڵەکانم، نووقمی پاکیزەیی بوون. پاکانەکانیان چەشنی پەرژین وان بۆم، هیچ کاتێک لۆمەیان نەکردووم. زێدەبێژی ناکەم گەر بڵێم لەزۆر کاتان پەرۆشیان بۆم گەیشتۆتە لوتکەی قوربانیدان. لەبەر هەناسەی دڵسۆزیان، توانیومە بازنەی پەیوەندیەکانم ڕابگرم، بەتایبەت لە پێناو هێورکردنەوەی گومانەکان. هەمیشە بێ ڕیاکاری سینگم دەدایە بەر ڕەشەبای چارەنووس، خۆم ڕادەگرت لەبەردەم با

هۆزی تراژیدیاکانی ڕۆژگار. هەستەکانم دەپاراست، لە زرنگە زرنگی وەیشوومەی ژیان. لەگەڵ ئەوەشدا بە چرپی ڕازی دڵی خۆم ڕادەهێنا، تا بگەم بە ترۆپکی ڕاستگۆیی. بێ دوودڵی دەتوانم بڵێم تا ئاستی سەرمەستیم، ئەویندار خەیاڵەکانمم. دڵم هەردەم سەیارە، نەپرژام و پێڕانەگەیشتم هەموو شتێک بدرکێنم. بە هەموو هەستێکی هۆزانڤانانە، بە دڵگەرمیەکی ساکارانەوە، بەکۆی ساتە ترسناکەکانی گەیشتنم بە خاڵی سەرەتای مانا ڕاستەقینەکەی خەون، هەنگاوم بەرەو ڕووی خۆم دەنا. دووریش نییە، ئەوەیان دواهەمین هەنگاونانم بێت. قەد ئارەزو و مگێز نەبۆتە هۆی کە خولیاکانم بۆ گەیشتن بە خەونەکان بموەستێنێ. هەموو تێڕامانم بۆ خەونەکەم ماناکانی لە نزیکمدایە، ئەو خەونە داچۆڕاو و ڕەشداگەڕاوە، ئەو لافاوی مانا بەخشینە، ئیدی دەرگا بەڕووی هەموو شتێکدا ئاوالا دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کۆتایی خەونەکە مەزن بوو، بۆیە غەرقی چێژێکی پڕشنگدار بووین.

ئەو بەگژخۆدا هاتنەوەیە، پێدەچێت چاومی کردبێتەوە، دەروونمی گەیاندۆتە ئەوپەڕی دڵنیایی. ئاخر تا ئەو ساتەش پڕکێشی ئەوەم دەکرد تا ژیانێکی سادەم هەبێت، لەگەڵ هاوڕێکانم بچینە گەشت و سەیران. ئەوەندەش باڵی ئازادیمان دنیای بارکەیی تێنەپەڕاندبوو کە بە دڵی خۆمان کوێمان بوێت بۆی بچێ، بۆیە نەمانتوانی بە ئازادی تێر ژیان بین. ئەو شەو زۆرتر لە شەوانی پێشوو تەنیام، بۆنی بێکەسی پڕ بە خەیاڵم شەپۆل ئەدا، بە شوورەی تێکئالاوی ناو خەونەکەما شۆڕاوەی

بارانی بەرکەوتنم بە تەرمەکان نەرم نەرم دێتە خـوارێ. چەشـنی دێوانەیەک کە لە گۆشەی تەنگی ژیان، لە دەلاقەی خەلـوەت و بێدەنگیدا، لە ئێوارەیەکی زەردو خەماوییا بۆ ڕەنجی خەسار، بـۆ چرکە سـاتی یـادەوەری ڕابـردووی، بـۆ بـووژانەوەی بیـرەوەری دنیایەک یادگار، ئەسرینی خوێناوی بڕێژێ.

ئەوە چ خەونــێکە، گۆڕســتان لەبەرچــاوان بۆمــان ببــێ بە مێرگێکی پڕ لە گوڵ و گـوڵزار، دیمەنـی نێـو ئەو دەوارە گەلـێ جیـاوازبوو، هەتـاو بە هێمنـی دەڕژایە نـاو دامێنـی گەڵاکـان و ژێردارەکانیش داپۆشـرابوو بە نـازی ئەو سـێبەرانەی کە خـۆر بە فیــزەوە خــۆی لاردەکــردەوە لایــان. دەزووی برینێکیــان لە ڕوخســاری زەویــدا دەنەخشــاند، خاکیــان بە لێــوە تەڕەکانیــان خەمگــین دەکــرد. هەوارەکەیــان بــۆنی بەهــاری گرتبــوو، باڵندەکانیش دەتگوت ئاهەنگی شادی دەگێڕن، لەو چڵ بۆ چڵی باخچەکە دەفڕین و دەیانخوێند. خەونە ساردەکەی ئیقبـالیش تـا دەهات درێژ دەبوویەوە، بەنێو چاڵی خەمەکانی شاردا تێـدەپەڕین و وەک منداڵ باوەشیان بە ژیاندا دەکرد، تا تەنگەیـان پـڕ ئـازار دەبوو غاریاندەدا، لە پەنای قەد و باڵای دارەکان خۆیـان مەلاس دەدا. لەوێدا کۆمەڵێـک تەرم کە بە ئاسـانی بە پەنـچەی دەسـت هەژمار دەکران، بە بن دیوارە کۆنی گۆڕسانەکە سەرە دیقانێیـان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، لەپڕ بوون بەڕاستییەک و لە گۆڕەکانیـان هەڵسانەوە. هەزاران تارمـایی لە نزیکیانـدا کە بـۆ یەکەم جاریـان بوو خۆر ببیـنن و هەسـت بە هەناسـەی وەرزەکـان بـکەن، ڕاکە

ڕاکیان بوو. مار و مێرووی گۆڕستانەکەش بە ئاسپایی بە تیچاوێک لە دوورەوە سەیریان دەکرد، دیاربوو حەپەسابوون کە تەرمەکان دەجولێن، سەگە بەڕەڵاکان لە حەپین کەوتبوون، لەو سەریەوە ڕێوییەک بەو هەموو زۆرزانیەی خۆیەوە کە بۆ هەواڵ زانین و خەبەری زیندووبوونەوەی گۆڕەکان وەستابوو، هێشتا بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد کە چۆن تەرمەکان زیندوو دەبنەوە!. باڵندەکانیش کە لە دوای خامۆش بوونی خۆرەوە، لە جریواندن کەوتبوون، لە شێوەی دیمەنێکی ماتەمگێڕانە بەسەر لانە و لق و پۆپی دارەکاندا هەڵنیشتبوون و دەیانڕوانییە یەکتری.

لێرەین، لێرەین. تەرمەکان بانگیان دەکردم، (وەرن سەیرکەن) تەنها توانای دەربڕینی ئەو دوو وشەیەم هەبوو، (وەرن سەیرکەن).

خەڵکە زیندووەکەش کە لە دیوەکەی دیکەی گۆڕستانەکەدا بە کاروباری خۆیان سەرقاڵبوون، هیچ کاردانەوەیەکیان نەنواند.

دەی وەرن سەیرکە!

لێرە دەیەها گۆڕ هەن بۆ تەنها ئەو چەند تەرمە، لە گۆڕەکانیاندا زیندووبوونەتەوە؟. چەند جارێک بە دەنگی نزم و بەرز وام بانگ لێکردن و بانگم ڕادێرا، بەس هیچ کەسێک گوێ لێم نەبوو. دەتوانم بڵێم هەڵسوکەوتی خەڵکەکە و هاتن و چوون و ڕوخساریان وا دەرنەدەکەوت منیان هەر لێدیاریش

بێت، یان وەک شتێک کە بوونم نەبێت لەوێ، چونکە مـن زۆر نزیـک بـووم لێیـانەوە کە تەنـانەت توانـای ئەوەم هەبـوو دەسـتم بەدەستیان کەوێت، زۆرم لە خۆم دەکرد کە نەمدەتوانی دەسـتی کەس بگرم، تا ئاگاداری کەمەوە کە من لێرەم.

ئایا ئەوەی من دەیبینم، ئێوەش دەیبینن؟.

زۆرم لەخۆم کرد تا هاوارەکانم پێیان بگات، دەسـتم بەریـان کەوێت، بێسوود بوو.

تەرمی دووەم: هیچ کەس گوێی لە دەنگت نییە!

ئەوی دیـکەش هەڵیـدایێ (تەرمـی سـێهەم): هـیچ کەسـێک هاوارەکانت نابیستێ!

لەسـەر سـامیان دەسـتیان لەسـەر چاویـان دانـا، بە پێکەنـین و گاڵتەوە.

(ئێمەش نایانبینین) .

حەشیمەتی خەڵکەکە تا دەهات زۆرتر دەبوو، دەنگـی منـیش تا دەهات لەنێویاندا ون دەبوو.

ڕوونتـر بڵـێم، هاوارەکـانم لەنێـو بێـدەنگی ئەوانـدا خنکـابوو. هەستم نەدەکرد کە بوونم هەیە، ئـاخر لەبەردەم ئاپۆڕایەکـدا تـۆ

نزیکترینیان بیت، کەسێک هەست بە بوونـت نەکـات! ئەی ئەوە مـردن نیـیە؟! ئەی ئەوە خنکانـدن و ونکـردن نیـیە. بە تەواوی هەرچـوار دەروازەی گۆڕسـتانەکەیان پڕکردبـوو لە بێـدەنگی، ئەستەم بوو لە دەروازەکانەوە، یان لە دەرگای سـەرەکیەوە بێیـت و بچی.

دەمتـوانی لەژێـر ڕۆشـنایی مـانگە شـەو، تـا ناوەڕاسـتی گۆڕسـتانەکە ببیـنم. بێـئەوەی بەچـاوی سـەر، لام ئاشـکرابێ کە چەند تەرمن، بەهۆی خەونەکەمەوە دەمزانـی تەرمەکـان پێـنجن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوروودرێژ نیگا بخەیـتە هەرشـتێک، لەبیـرو هۆشتدابێ، پاش مـاوەیەک نێوانەکـان بەهـای خۆیـان لە دەسـت دەدەن. بارستاییەکەی تێکدەچێت و ڕیشاڵە وردەکانی بینـایی ون دەبن و یەکدی ناگرنەوە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بەناو یەکدیشـدا چووبن. چەندی لە بنەڕەتـدا لەو شـتە نزیـک بـی کە لات بـۆتە باوەڕ، تا پێی بگەی، ئەو ڕۆژە هیچ کەوشەنێک لە بەینتان بەدی ناکرێ، کات و شـوێن لە نێوانتـان نـامێنێ و بە تەواوی ئـاوێتەی یەکتـر دەبـن. لەو چـرکە سـاتە، خوداوەنـد دەڵێـت: (هەڵسـنەوە) ڕەنگە چاوەکان هێندە نیگایان ڕژابێتە نـاو یەکتـری، لە قـووڵایی کپی و خەوتنەوە بێنە دەرەوە و چەشنی خـۆر بـۆ زەوی بـاوەش بەیەکتریدا بکەن. دوای چەند ساتێکیش وێنەکە هێندە درەوشاوە نمـایش دەبـێ، لە بەرامـبەر یەکتـردا، وەک ڕۆژی ڕوونـاک ڕوخساریان بەریەک دەکەوێ. کۆتایی گۆڕسـتانەکەم بە تەڵخـی لێ دیاربوو، ئاستی بینینم تا ئەودیوی گۆڕەکان درێژ دەبوویەوە.

بینـایم بەنێـو جـوولەی تەرمەکانـدا زیـاتر لەنگەریـان دەگـرت، بێـئەوەی چـاوم مانـدوو بـێ، وێـنەی نـاو گۆڕسـتانەکە ورد ورد خــزایە مێشــکمەوە. لەو کــاتەدا ڕۆشــنایی تەرمێــک بەســەر گۆڕسـتانەکەوە بـوو، لە تیرێکـی ئەسـتوور دەچـوو، گەیشـتبووە قـوولایی دەروونـم. دەیەهـا پەروانەش بەسـەر بریسـکەکانەوە، دەخـولانەوە و سـەمایەکی گەلـێ جوانیـان نەخشـاندبوو، دەبـوو بەهەشت دیمەنەکانی، لەنێو مەنزڵگای مردووان نیشان بـدات، تـا زیندووەکان ئۆخەی گەیشتن بەو جێگایە هەڵڕێژن. دەبوو ئاگری دۆزەخ لە پشتەوەی گۆڕستان بێت، تا مرۆڤ جوانتر ژیان ببینێ.

تەرمەکان دەمنادەمێ بەدەوری یەکتریدا دەخولانەوە. ئاوڕیـان لە خۆیـان دەدایەوە و دەسـتیان دەنـا بە جەسـتە و ڕوخسـاریان، دۆشدامابوون، نەیاندەزانی بۆ لێرەن، کێ ئەوانی هێناوە بـۆ ئێـرە، بۆ ڕووتن و بۆ لە گۆڕستانن.

تەرمەکان، بە هێواشی بەرەو لام دەهاتن. منیش لە ناوەڕاسـتی ئاپۆڕاکە وەستابووم.

ئەوە ئێمەین، (تەرمەکان) نامانبینی؟.

منــیش لەو ســەری قەرەبــاڵغیەکەوە، نەختێــک خــۆم لادا و سەیرێکی ناو گۆڕستانەکەم کرد.

+چی بووە؟!

_ لێمان نزیک بەوە.

+ ئەی ئەوە نییە لێتانەوە نزیکم.

_ دەکرێی بێیت؟

+ ئێوە نزیکتر بنەوە،

_ ئاخر ئێمە ڕووتین، ناتوانین لەئێوە نزیک ببینەوە. هەموویان گوتیان: (ئەو شوێنە پڕیەتی لە چاو).

+وا هاتم

بەجلی خەوتنەوە هێندەم پێکرا ڕۆبە خاکیەکەم، لەبەربکەم و بەرە و لایان بچم. چەندم دەکرد پێیان نەدەگەیشتم، ئەوان زۆر لێم نزیک بوون، ئەگەر تۆزیک دەستەکانم درێژبکردایە دەستم بە دەستیان دەکەوت. بەڵام بە ڕاکردنیش پێیان نەدەگەیشتم، سەیرە دەمگوت: بۆ ئەوان هێندە دوورن کە نەیان گەمێ! هەنسکە هەنسکم بوو، دەتگوت لە ڕاکردنێکی دوور دوور گەڕاومەتەوە، حاڵی نەبووم کە ئاخۆ من بۆ لایان دەچم، یان لە خۆم ڕادەکەم و خەریکە دوور دەکەومەوە، لە هەموو شتێک.

ئەی بۆچی پێیان ناگەم؟!.

ئیقبال تا دەهات ڕوودەچوو بەنێو خەونەکەیدا کە تێکەڵ بە

کەش و هەوای نـاو خەونەکەی دەبـوو. زۆر شـتی لە گۆڕسـتان بەرچاوکەوتبوو، بەڵام دیمەنی گفتوگۆکردنی لەگەڵ تەرمەکاندا زیاتر سەرسامی کرد. ئەو شتە وا لە بەنی ئـادەم دەکـات، بیـر لە چیـرۆک و سەرگوزەشـتەی کەسـانی دیـکە بکـاتەوە، وای بە خـۆی گـوت: ئەو خەونەی مـن نهێنیەکـی تێـدایە، بـۆیە کەوتە بیـری یوسـفی ئەوینـداری خـودا کەچـۆن خەونـی خەونبینـانی لێکدەدایەوە، لە کاتێکدا خۆی تا مردیش هیچ خەونێکی نەبینی. خەونی ئەو، تەنها ئەو شتانە بوو کە ڕۆژانە دەیبینـی. خـودا تـاقە دڵداری ئەو بوو، بۆیە خەونی بە هیچ شتێکی دیکەوە نەدەبینی و دەیگوت: ئەوانەی خەون دەبینن، هێشتا ئاسودە نین، گەڕیدەن و بە دوای ئەوینـدار و خـۆزگە و ئاواتەکانیـانەوە سـەرگەردانن. یوسـف وێـڵ نەبـوو بە دوای مەعشـوقەکەیدا، ئەوینـدارەکەی هەمیشە لەگەڵیـدا بـوو، لەنێـو ژیانیـدا بـوو. زولەیخـا کە عاشـقی یوسـف بـوو، بێئاگـا لەوەی ئەوەی ئەو عاشـقی بـووە، تەنهـا جەستەیەکە و ڕۆح و گیانی لە شـوێنێکی دیـکەدایە. ئەوینـداری سنووری جەستە تێدەپەڕێنیت و دەگات بە ڕۆح، لەنێو هەست و دڵیدا دەتوێتەوە، ئەویـن لە هەمـوو سـاتەکاندا دەژیـت، ئەمـڕۆ و سبە و تا کۆتای لەنێو هەستتدایە.

من چ لەو خەونەی خۆم تێدەگەم، بە خۆی دەگوت:

هەر دەبێ شتێکی تایبەت لەئـارادا بێـت، دەنـا ئەوان هەمـوو شەوێک بە یەکجۆر و بە یەک شێوە دەرنەدەچوون. خـۆ ئەگەر باش سەرنج بـدەین، گوێمـان هەڵخەیـن دەبیسـتین چـۆن لەگەڵ

یەکــدی دەدوێــن، وەک ئەوە وایە کە ئــێمە لە زمــانی ئەوان نەگەین، ئەوەندە بە نەرمی و بە ئاسپایی قسـە بە گـوێی یەکتـردا دەچرپێنن، هیچیان لێحـاڵی نەدەبـووم. خـۆ مـن یوسـف نـیم، تـا خەونی خەونبینان لێکدەمەوە. ئاخر یوسـفی خەونـزان بەباشـی لە مانای خەونەکان دەگەیشت، دەیتوانی بە زمانی ئەوان لە شتەکان بگـــات، ورد ورد دەیزانـــی چ ڕوویـــداوە و چ ڕوودەدات. بە ڕاسـتی مـن ئەوەم پێناکرێـت؟!. بە مەزەنـدەی مـن گوڕسـتان جـێگەی مـردووانە و سـەرخاکیش جـێگەی زینـدووەکان، ئەی بۆچی من گوێم لە دەنگی مردووانە و هەسـتیان پێـدەکەم، بەڵام زیندووەکان نە گوێیان لێمە و نە هەستیشم پێدەکەن.

دەبێ من نەمردبم ! ئاخۆ منیش زیندووم؟.

ئەی هۆی چیـیە گوێیـان لە دەنگـم نیـیە، لەبەرچـاوانم زەوی تەنها ئاپۆڕایەکە و هیچ شتێک نابیستن، تەنانەت منیش نابینن.

ئای لەوە!

دەبێ ئەوان نەمردبن و من پێی نەزانم؟.

ڕەنــگە ئەوان خەریکــی شــتێک بــن و مــن لێــی تێــنەگەم، شتێکی جیاواز.

لەوانەیە بەهۆی بەرزەخەوە بێ کە ئەوان شێوابن، نەزانن بەرە و ئاینده، یان ڕابـردوو گەڕاونەتەوە. مـرۆڤ خۆشـی نازانێـت لە

ئێستادا دەژیت یان دوێنێ، هەمیشە لە بیری دەچێتەوە کە لە ئێستاکەدایە، ئەی بۆچی دوای تەمەنێکی زۆر، ئینجا پەشیمانی دایدەگرێت، لەسەر ئەو شتانەی کە لەدەستی داوە.

خۆ ئەو لەناو ئێستای خۆیدا ژیاوە، ئەی بۆچی لەکاتی خۆیدا ئەوەی نەکردووە کە خۆی ویستوویەتی.

بۆچی دوای تێپەڕبوونی تەمەن و لە دەستدانی دەرفەتەکان، ئینجا پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت.

کەوایە مرۆڤ هەمیشە لە ڕابردوودا دەژیت، ئایندەش خەونەکانیەتی، ئێستاشی ئەوشتانەن کە لە بیریکردوون. مرۆڤ تا کۆتا لەنێوان بیرچوونەوە و وەبیرهاتنەوەدا دەژیت، هۆشیاری مرۆڤ شتێکە کە بە بیری دێتەوە، ئاوەزی مرۆڤ گەشە ناکات، بەڵکو بەبیری دێتەوە. ئێمە لەو ژیانەدا زۆر شت لە یاد دەکەین و زۆریشمان بیردەکەوێتەوە، ئەوانەی لەیادی دەکەین، ئەسەفەکانمانن، ئەوانەی بەبیریشمان دێتەوە تەنها دەستکەوتەکانن.

ڕەنگە لەبەر زۆر شت بێت !

بیر لە شتێک بکەرەوە ! ڕابردوومان، ئەو تەرمەی کە لە هەموویان بچووکتربوو وایگوت: (تەرمی سێهەم)

دەنگێک: (تەرمی پێنجەم) بمان گەڕێننەوە نێو گۆڕەکانمان، دەنا گوێمان لێبگرە!

ئەو وتەیە ناچار بەوەی کردم و بڵێم: زۆرباش گوێم لە دەنگتان نییە، بەس پسە پسم گوێ لێیە.

ئیقبال بەدەوری گۆڕستانەکەدا سوڕایەوە، چاوێلکەکەی کردە چاوی، لە نزیکەوە لێیان ڕاما.

تەرمی چوارەم هەڵیدایێ: دەی قسەیەک بکە، بۆ ئێمە لێرەین.

تەرمی یەکەم: وایزانی گوێم لێنییە: هۆ هۆ کاکی نوستوو، مرۆی تاقانەی یەزدان، خەونشیرین، ڕابە.

ئیدی بێدەنگیەک، باڵی بەسەردا کێشان..

ئیقبال بە منگە منگێکەوە گوتی: ئێوە چیتان لە گیانی من دەوێت؟ وەڕس نەبوون، هەموو شەوێ دێنە ناو خەومەوە.

(تەرمی سێهەم) ئێمە چیمان لە تۆ دەوێت؟ بە گاڵتەوە ئێمە مردووین، تۆ بەئاگامان دێنی.

هەموویان تەماشای یەکیان کردوو، بێدەنگ بوون. هەمووشیان چاوەڕێ بوون ببینن، ئاخۆ ئیقبال چ کاردانەوەیەکی دەبێ.

ئیقبالیش پشتی بە دەروازەی سەرەکی گۆڕستانەکە دابوو،

بێئەوەی دەنـگ هەڵبـڕێ، کەوتە گێـژاوی بیرکـردنەوە، دەسـتە ساردەکانی لە کەمەری گیرکـرد، لە شـێوەی کەسَ ک کە لە نێوان ڕاکردن و مانەوەدا دۆشدامابێ. بەو حاڵەوە، ئیقبال سەرسام دەردەکەوت. دەبووا شتێک بڵێ، دەرگای چەندو چـووی قسـان بکاتەوە و سەرەداوی چیرۆکی ئەو تەرمانە بزانێ، بنی زمانیان بۆ بخاتە سەر گازەرای پشت. لـۆمەی خـۆی دەکـرد بـۆ وەسـتاوە، بەخۆی دەگوت: دەی خێراکە شتێک بە ئـاخڤە، دووسـاڵە دنەی ئەو ساتە گێژی کردووی، ئەی بۆ هۆسا بێـدەنگ دیـاری. لەنێـو زگیـدا چەشـنی گرکـان دەکـولا، چـاوی خومـاری هێنـدە لە تەماشاکردنی ئەو دیمەنە چەقیبوون، ڕەش ئاڵابوون، تاسابوو. تـا لە نزیک نیگەرانیەکـانی هەڵوەسـتەم نەکـرد، نەمزانـی فرمێسـکی ئومێـد لە چـاوانی ئیقبـال هـاتوونەتە خـوار. پێشـتر وەک مـانگی چوارده لێم دیاربوو دەگەمە خاڵێک، زامی ئەو چیرۆکەی هێندە دژوارە، چـاو بەرگەی نەگرێـت. مـن چ فریـاد ڕەسـێکم؟ کە نەتوانم شتێکی بۆ بـکەم، نەتـوانم خەونەکەی بـۆ شـیکار بـکەم، نەمتـوانی پاسـەوانی دڵ و دەروونـی بـم. ئێسـتا منـیش بـوومەتە تەمەشاکارێک لەنزیک یادەوەری ئیقبـال، لە ژوورێکـی ڕەنـگ پەڕیـــو پـــاڵکەوتووم، بـــووم بە کـــۆتەرەیەک و ســـەرقاڵی وڕێنەکردنم، بەجارێ شەکەت و ماندووم، هەر لەو جارەوە گەر شتێکم لەو خەونەی بزانیایە، خۆ بەو ئاکـامە نەدەگەیشـتین. تـازە خەونەکەی بـوو بەڕاسـتی و تەرمەکـان لە بەردەمیـدا وەسـتاون، ئەمێستا ئەو لە دۆڕدۆنگی دا نقووم بووبوو، ئاخر ئیقبالی هەتیوی داما و چ لەو ساتە بەبەهاتر هەیە، خەونەکەت، ئێستاکێ هـاتووتە

دی و لەبەردەم خۆتـــدا، دەبینـــی تەرمەکـــان قســـە دەکەن و دەتدوێنن؟!.

وێنەی ناو گۆڕستان، بە جۆرێک دەردەکەوت کە تەرمەکان تارمـایین، یـان یەک شـێوە و ڕوخسـاربن، بەس کاتێـک لێیـان نزیـــک دەکەوتـــیەوە، دەردەکەوت تەرمەکـــان هەریەکە و ڕوخسـاری تـایبەت بە خۆیـان هەیە. مرۆڤگەلێکـی مـردوون و چەشنی پەڕجووەکەی مەسیح، بەچـی مـردوون بەو جـۆرەش لە گۆڕەکانیـان هەڵسـاونەتەوە. پێـنج تەرم لە پێـنج شـوێن و کـاتی جیاواز و لە پێنج گۆڕدا.

نزیکتـرین تەرم کچێـک بـوو، هەڵیـدایێ: بـرا بـۆ قسـەیەک ناکەیت، بۆ ئێمە لێرەین، چیت لە گیانی ئێمە دەوێ؟!.

ئیقبالی ڕەنگ پەڕیـوو، دەنگـی هەڵبـڕی: خـۆ منـیش هەمـان پرسـیارم هەیە، ئەی مـن بـۆ لێـرەم، ئێـوە چیتـان لە خەونـی مـن دەوێ، دوو ساڵە یەکجۆر خەون دەبینم، هەر ئەو خەونەی ئێستا!

تەرمی پێنجەم نەختێک نزیکتر بوویەوە گوتی: خەونی چـی، یانی ئێمە لەنێو خەونداین، سەیرێکی خۆی کردوو چاوی بـڕییە تەرمەکانی دیـکەو لە بەرسـڤدا گـوتی: مـن هیچێکتـان ناناسـم، باشە من بۆ لێرەم!

تەرمی دووەم: پێدەچێ لە تەمەندا لە هەمووتان گەورەتر بـم، ئەی من بۆ لێرەم!

ئیقبـــال لە دوماهیـــدا تێگەیشـــت کە لەنێـــو خەونێکـــی ڕاستەقینەدایە و ئەوەی دەیبیستێ و دەیبینێ، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە، قوولّ کەوتە ناو خەیالّ، چەشنی ئاوێنە ڕابردووی یەک یەکی تەرمەکانی هاتە بەرچاوو، ڕاچڵەکی بە جۆرێک تەواوی ژیان و هۆی مردن و بەسەرهاتەکانی لە شێوەی تابلۆیەکی نەخشێندراو کەوتە بەر دیدەنی، بۆیە چەند هەنگاوێکی نا بۆ پێشەوەی خۆی و هاتە دەنگ: تازە گرنگ نییە، بزانین بۆ لێرەین.

بۆ ئەوەی ناسینی ئەوان لای خۆی بە نهێنی بهێڵێتەوە و هەست نەکەن کە دەیانناسێ، وەک شتێک کە سەرقاڵیان بکات گوتی: من ناوم ئیقبالە.

تەرمی پێنجەم: لووت زلانە کەوتە خۆ ناساندن: من ناوم شەوکەتە، بەرپرسم لە حزبێکی باڵادەست، وەزیریشم لە حکومەت.

تەرمی سێهەم: بە دەنگێکی بەرز دای لە قاقای پێکەنین و گوتی: دە فشە فش، لێرە بەرپرس و وەزیر ناخوات.

تەرمی پێنجەم: بێ ئەدەبی مەکە، بزانە لەگەڵ کێدا قسە دەکەی.

تەرمی دووەم: لەگەڵ هەرکێیەکدا قسە دەکات با بیکات، خۆ کفری نەکردییە. جارێ وەختی ئەوە نییە، منیش ناوم

ئەحمەدە، تەمەنم نزیکەی نەوەدوو نۆ ساڵ دەبێ.

تەرمــی یەکەم: تەمەنــا مــن حەڤــدە ســاڵێیە، ئەز خەڵکــێ دێرسیمێمە. زۆر شتم ژبیر نەمایە، هەنووکە مردنــێ خـۆ بیرمـایە، من خۆ کوشتینە.

ئیقبال هاتە دەنگ و گوتی: بەو تەمەنە بچووکەوە بـۆ خـۆت کوشتووە!

تەرمی چوارەم هەڵیدایێ: منیش سووتاوم!

+ ئیقبال چیرۆکی خۆکوشتن و سووتانەکەی هەردووکیـانی دەزانــی، بەر لەوەی بەرســڤی تەرمــی یەکەم بــداتەوە، ڕووی لە تەرمی چوارەم کرد گوتی: تۆ نەسووتاوی!

ـ چۆن نەسووتاوم، بەمەستت چییە لەوە کە نەسووتاوم.

+ تــۆ تــازە مــردووی هەڵــدانەوەی لاپەڕەی کــۆن، چ سوودێکت پێدەگەیەنێ.

ـ من لە گەرماو، لەکـاتی خـۆ شـووتن، بە ئـاگری پەرەمێـز سووتاوم!.

+ جارێ لەو قسانە گەڕێ، ڕاستم پێبڵێ، پەیوەندی دڵداریت لەگەڵ کێدا هەبوو؟

_ بەشەرمەوە: لەگەڵ دارۆی.

+ کێ بەو شتەی دەزانی.

_ کەس

+ چۆن کەس پێ نەزانیوە؟!

_ نەمان دەهێشت کەس بزانێ، سێ ساڵ بەیەکەوە بووین، تا ئەو ڕۆژەی هاتە داخوازیم، هەوسا بە دایکم گوت.

+ بـــاوک و براکانـــت ڕازینەبـــوون هـــا، نەشتپرســـی بـــۆ ڕازینەبوون؟.

_ نەخێر، نەمپرسـی، بەس ئەوەنـدەی تێگەیشـتم گوتیـان ئەو مـاڵە بـۆ ئـێمە نـابن، بەس دارۆ زۆر پێـداگری دەکـرت لەسـەر خواستنم، باب و براکانم هەڕشـەی کوشـتیان لێکـرد، ئەگەر واز نەهێنێ؟!

+ تا وایلێهات لە ڕووداوێکدا تۆ سووتای، وایە؟

_ بەڵێ

+ دەبـا ڕاسـتی شـتەکەت پێبڵـێم، یەکێـک لە براکانـت دەسـتکاری پیمـی پەرەمێـزەکەی کردبـوو، تـا لە کـاتی پەمـپ لێداندا پڕمەبکا و بتەقێ، تۆش ئەو ڕۆژە کۆرت دەکرد و خۆت

دەشووت، وایە. ئیدی پڕوشکی ئاگر بۆت هاتوو بەشی زۆری جەستەتی سووتاند. دوای دوو ڕۆژ مانەوەت، لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی گیانت سپارد.

_ چۆن ئەو قسانە دەکەی، برام تاوانبار نییە، من سووتاوم.

+ دە بوەستە پەلەمەکە، خۆم بۆت باس دەکەم.

_ باوەڕ بەو قسانە ناکەم.

+پێداگیری مەکە، تۆ سووتێندراوی.

_ دیارە تۆ جادووگەری، ئەگینا چۆن دەزانی؟

+ من هەر شتێک بم، ڕاستی سووتانەکەی تۆ لای منە!

بەو پێداگریەی ئیقبال لەسەر ڕووی ڕاستی چیرۆکی سووتانەکەی، تەرمی چوارەم تەواوەک شڵەژا، بۆیە کەوتە گێژاوی بیرکردنەوە و ڕوخساری لارکردەوە بۆ ژێر قاچەکانی و هەر بە جێگاکەی خۆی وەنووسا.

پیری پەنهانزانی تەمەن چەماوە، لە دوورەوە تێیدەڕوانین، لە ئەبلەقی چاوەکانیدا دیاربوو بەنیازی قسان مۆر ِ، دوو هەنگا و هاتە پێش و سرکاندی: هێی لە من، وای لە تۆ، هەروادێ چشتی سەمەرە دەبیستین، ئەرێ کورپێژگەی نێو خەونان. دە

پێمان بێژە کێ سوێتاوە و کێ خۆی کوشتینە؟!.

لە خۆمدا پڕمام، ویستم شتێک بخەمە مێشکی پیری پەنهانزان کە لەبری پرسیار لەوان بکات، دەرگای دڵی خۆییمان بۆ بکاتەوە، چی بینیوە و بیستووە بۆمان هەڵڕێژێ باشترە، لە دڵی خۆدا دەمگوت: زۆری پێیە و کەمی دەدرکێنێ! ئەو لە تەمەندا چەقیوانە پڕن، لە قسە و ڕووداوگەلی خۆشی و ناخۆش.

+ لێی هاتمە دەنگ: چ کارت بەوانە، باس و خواسی پێشمەرگایەتی و کار و خەباتی خۆتان بکە، چتداوە لە خەمی خەڵکی.

_ ئەفەندی بە چ ڕا دەزانی پێشمەرگە بوویمە؟

+ بە دەستی قەڵێشاو ڕوخساری ماندووت!

_ حەی حەی لەو قسە گەورانە، ڕاستە من لە شۆڕش بەشداربوویمە، بەس دوای هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی، بە یەکجاری دانیشتم و لە ئێران دەژیام.

+ ئەوەش دەزانم؟!

_ لۆ تۆ چی، ئەو هەموو شتە بزانی؟

+ (بە زەردەخەنەوە) من ڕاستی ژیانی ئێوەم.

_ کورپێژگەی لە خۆ ڕازی، لەمەڕ من گەردەنت ئازا بێ، چ بە مێشکت دادێ برێ.

+ خۆ من جارێ هیچم نە گۆتییە، دەمەوێ گوێگرم.

_ گوێ لە چ بگری؟

+ ئەوەی بەسەرتان هاتووە. خۆشی و ناخۆشیەکانتان

_ جا ئەوە چ پەیوەندیەکی بە تۆوە هەیە؟

+ پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە!

_ چۆن؟

ئیقبال هەڵیدایێ تەرمی پێنجەم و لێی پرسی: شتێ بڵـێ، ئێـوە لە دوای ڕاپەڕین هاتنەوە شار، بۆیان باس بکە، چ گوزەرا لەنـاو شاردا؟!.

تەرمـی دووەم: نەیهێشـت دەنـگ هەڵبـڕێ و بە سەرسـامیەوە ڕاپەڕین و شاری چ.

ئیقبال ڕووی کردەوە پیری تەمەن درێژو گوتی: تۆ لە هەزار و نۆسەد و هەشتا و نۆدا گیانت سپاردووە، دوای مەرگـی ئێـوە، ڕاپەڕین کراو، کورد بوو بە حکومەت!

پیری پەنهانزان، لێوی وشکی بەو مژدەیە، تەڕهەڵگەڕا و ئۆخەیەکی پڕ بە هەناسەی فڕێدا و گوتی: شوکر، ڕەنج و خەباتمان بەبا نەچوو.

تەرمی سێهەم: دای لە قاقا و گوتی: بە با نەچوو، وەڵڵا هەموویان گۆڕیەوە بە باوەشێک شەهوەت! چاک بوو زوو مردی و لە ئێستادا ناژی، من گەنجێکی بیست و پێنجساڵەم، (کەمۆکەک بێدەنگ بوو) خۆشم نازانم چۆن لێرەم، کوژراوم! مردووم، بە چ ڕووداوێکەوە گیانم سپاردووە.

بۆ ئەوەی لەوە زیاتر سەرسامتر نەبێ، ئیقبال گوتی: بیرتە لە کۆڕو دانیشتنە فکری و ئەدەبیەکاندا، زمان درێژیت دەکرد و باسی ئازادی و بوێری گەنجانت دەکرد؟

_ تەرمی سێهەم: بەڵێ چەشنی ئاوێنە لەبەر چاوانمە.

+ تۆ کەسێک بووی زۆر ڕەخنەت دەگرت و حزب و حکومەتت بە سەرچاوەی نەهامەتیەکان پێناسە دەکرد، وایە؟

_ ئێستایش هەر وا دەڵێم!

+ بە هۆی ئەو نووسین و زمان درێژیتەوە کوژراوی!

_ زۆر دەمێک بوو دەمزانی دەکوژرێم، من لە مردنی خۆم نەدەترسام. ڕووی لە ئیقبال و تەرمی پێنجەم کرد، تازە خۆتان

باسی ڕاپەڕینتان دەکرد، پرسیارت لەو بەرپرسەش کرد کە دوای ڕاپەڕین چ ڕوویدا؟ بە قامگی دەستی ئاماژەیەکی بۆ پیری پەنهانزان کردوو، بە تەوسەوە پێی گوت: تۆش گوێ بگرە شۆڕشگێڕی خێر لەخۆ نەدیوو، هەست لە چیرۆکی ئەو بەرپرسە ڕادێرا، بزانە چ کارەساتێکیان بەسەر ئەو میللەتەدا هێناوە.

تەرمی پێنجەم: بۆ لە من دەپرسی، منیش وەک ئێوە لەو وڵاتە ژیاوم و زیانی گەورەشم کردووە، ڕاستە بەرپرس بووم و وەزیریش بوویمە لە حکومەت، بەس بە (هەندێ لە خۆبایییەوە) دز و گەندەڵ نەبوویمە!

ئیقبال هەڵیدایێ و گوتی: واتکرد هەندێ لەسەر ژیانی تۆ قسە بکەم و ڕاستی مردنەکەت بڵێم!

_ باشە من بەچی مردووم؟

+ تۆیان بە کوشتدا.

_ یانی چی؟

+ تۆیان بە کوشتدا، تا ژنەکەت بۆ خۆیان مارە بکەن!

_ کێ

+ یەکێک لە بەرپرسە حزبیەکەت.

_ کامەیان؟

+ گرنگ نییە ناوەکەی بڵێم، بەس تۆ بووی بە قۆچی قوربانی. نموونەی وەکو تۆ زۆرن، لە ڕووداوی تەم و مژاویدا لەناو بردراون و شەقام و پاڕک و قوتابخانەیان بەناوکراوە؟!.

تەرمی سێهەم: دەستی بۆ ئیقبال درێژکرد، ئەو بە هەموو شتێکی مە دەزانی، نەتان بیست دەیگوت: من ئاوێنەی ژیانی ئێوەم.

تەرمی یەکەم: هێی پسمام، هۆسا بێژەمن چ ناخۆشییە بەسەر مەدا هاتینە، من ب چ خۆ کوشتینە.

ئیقبال ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: مرۆی مە گەلەک خائینن، شەڕێ خۆ دکاتن، خۆ خۆریی زۆر دکاتن. دوایی هاتە سەر ڕووداوی کۆمەڵکوژی دێرسیم و گوتی:

لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، بە فەرمانی کەمال ئەتاتورک، دوو ئەفسەری سوپا بەناوی ئالپ دۆغان و عیسمەت پاشا کە دەگوترێ بە ڕەچەڵەک کوردە، وەک پەتا بە شاری دێرسیمدا تێدەپەڕن و کۆمەڵکوژی گەورەیان ئەنجامداوە. سەرەتا بۆ چەند ڕۆژێک بە فڕۆکە دێرسیم بۆردوومان دەکرێ، شیرازەی ئەو شارە بەتەواوی دەشێوێ و دوای ئەوەی کۆمەڵکوژیەکی زۆر دەکات، ئیدی لە ترسی بۆردوومانی گوێرانەی سوپا، خەڵکەکە ڕادەکەن و ڕوودەکەنە چیاکان، لە ئەشکەوتێکدا خۆیان حەشار

دەدەن، بەشی زۆریان ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە بوون، سوپا دڵڕەقانە ئەشکەوتەکەیان بەسەردا ڕماندن.

تەرمی یەکەم: چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و گوتی: مە لە ترسا دەستدرێژیێ سێکسی سوپا بۆ سەر کچان و ژنان، خۆمان دە ڕووباری مونزوور خست و خنکاین.

ئیقبال ڕووی لە تەرمی پێنجەم کرد و گوتی: سەیرکە کورد لەوەتەی هەیە، ئەوە چارەنووسیەتی.